
# لە غیابی حوکمڕانیی دامەزراوەیی مانەوەی بارزانی پێویستە



ئاسۆ کەریم
بۆ گوڵان نووسیویەتی

لێرەو لەوێ، لەم کەناڵ و ئەو کەناڵی میدیا قسە لەسەر ویلایەتی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەکرێ. لێ بە قسەی بەرپرسانی حزبی بێت، هێشتا لەنێوان حزبە سیاسییەکاندا بە رەسمی باس لەم پرسە نەکراوە، لە کاتێکدا ویلایەتی سەرۆکی ئێستەی هەرێمی کوردستان تا ٢٠١٥/٨/١٩ی بە بەرەوە ماوە.

بە گوێرەی مادده (٣)ی قانوونی هەموارکراوی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥: «ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بۆ ماوەی چوار ساڵە و دەکرێ بۆ جارێکی دی هەڵببژێردرێتەوە». هەروا بەپێی قانوونی ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠١٣ش کە لە پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٣/٦/٣٠دا بە زۆرینەی دەنگ پەسندکرا، دوو ساڵی دیکە ماوەی ئەم ویلایەتە لە ٢٠ی ئابی ٢٠١٣ەوە تا ١٩ی ئابی ٢٠١٥ و بۆ یەکجار درێژکرایەوە. هەڵبەت بەپێی ماددەی (٢)ی قانوونی ژمارە (١٩)ی ئاماژە پێکراو ئەم درێژکردنەوەیە بەسترابۆوە بە سازانێکی نیشتمانیی لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە دەبوایە لە ماوەی رابردوودا ئەم سازانە بکرابوایە و ئامادە بوایە تا بخرابوایەتە بەردەم دەنگدەران لە ریفراندەمێکی گشتیدا. مخابن هەندەی من ئاگام لێ بێ، تا ئێستە ئەم سازان و رێککەوتنە چ لەناو پەرلەمان و چ لە دەرەوەی پەرلەمان نەکراوە. لە بنەڕەتیشدا ناتەبایی حزبەکان لەسەر شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك و دەسەڵاتە دەستووری و قانوونییەکانی بووە کە لەو پرۆیەدا جێگەیان بۆ کرابۆوە و هەندێ لایەن بە هەڵە ناویان لێناوە گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە سەرۆکایەتییەوە بۆ پەرلەمانی. دیارە بە گوێرەی ماددە ٤ی قانوونی ژمارە ١ی سەرۆکایەتیش: دەبێ هەڵبژاردنی سەرۆك لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بەڕێوە بچێ و دەبێ ئەم هەڵبژاردنە لە رێگەی دەنگدانێکی راستەوخۆی نهێنییەوە دەبێ.

دەبێ ئەوەش بگوترێ کە تەنیا قسەکردن لە رەهەند و چوارچێوە قانوونییەکەی ئەم پرسە بەس نییە، بەڵکە پێویستە رەهەندە سیاسییەکەی و هەلومەرجی دژواری شەڕ و بەرەنگاریی نیشتمانیی دژ بە داعش و کاودانی تەقیوەی دەڤەرەکەش لە سوریا و عێراقەوە بگرە تا یەمەن.. لەبەرچاو بگیرێ.

بە بڕوای من لە باری چوارچێوە قانوونییەکەی ئەم پرسە:

١- سەرۆکی ئێستە بە گوێرەی قانوونی ژمارە ١ ی ٢٠٠٥و قانوونی ژمارە ١٩ی ٢٠١٣ ناتوانێ بۆ ویلایەتێکی دی خۆی هەڵبژێرێتەوە. ئەوە ئەگەر جەنابی سەرۆك، بیەوێ جارێکی دی خۆی هەڵبژێرێتەوە، چونکە تا ئێستە بە رەسمی نیازی خۆی لەمبارەوە نیشان نەداوە.

٢- سازان لەسەر رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان نەکراوە تا گریمان بوارێکی بۆ ویلایەتی سێیەم تێدا بێ، یان نا. داخوا دەکرێ ئەم سازانە نیشتمانییە وا بە زوویی بکرێ و ریفراندەمی لەسەر بکرێ و پاشان هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بە گوێرەی دەستووری پەسندکراو بەڕێوە بچێ؟ ناڵێم کاری وا نەبووە و ناکرێ و رێی تێ ناچێ، لێ ئاسان نییە. دەنا ئەوە رێگەیەکی ساغ و دروست بووە.

٣- قانوونی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ بە تەوافوق، یان زۆرینەی هەرە زۆر هەموار بکرێتەوە و رێگەی ویلایەتی سێیەم بکرێتەوە، جا چ بە هەڵبژاردنەوە بێت لەناو پەرلەمانی کوردستاندا، چ بە هەڵبژاردنی راستەوخۆی نهێنی. دیارە هەموارکردنەوەکە شێوازی هەڵبژاردنەکە دیاری دەکات. ئەم ئەگەرە، ئەگەرێکی پەسندە و تانەی لێ نادرێ، ئەگەر ئیرادەی نوێنەرانی گەلی کوردستان (پەرلەمەنتاران)ی لەسەر بێ.

٤- پەرلەمانی کوردستان لەبەر هەلومەرجی قەیرانئامێزی کوردستان و عێراق و ناوچەکە، قانوونی ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠١٣ هەڵوەشێنێتەوەو قانوونێکی تر دەربکات کە ماوەی سەرۆکایەتی بۆ ٢ ساڵی تر درێژ بکاتەوە. واتە تا هاتنەئارای هەلومەرجێکی لەبارو کۆتایی ویلایەتی خولی ئێستەی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی دیکەی گشتی. هەڵبەت پەسندکردنی قانوونێکی واش، کە پرسێکی

نیشتمانییە، پێویستی بە تەوافوق، یان زۆرینەی هەرە زۆر هەیە بە پشتبەستن بەو بنەما قانوونییە کە دەڵێ: «للضرورة احکام».

٥- گریمان هیچ کام لەم ڕێگەیانە نەگیرانەبەر، ئەوا لە ٢٠١٥/٨/١٩ ماوەی ویلایەتی سەرۆکی ئێستەی هەرێم بە کۆتا دێت، تا هەڵبژاردنی بۆ دەکرێتەوە دەبێ سەرۆك کارەکان ڕابپەڕێنێ. واتە دەبێ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بکرێتەوە بە گوێرەی قانوونی ژمارەی ١ی ساڵی ٢٠٠٥ و لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بەڕێوەبچێ، ئەوە لەکاتێکدا هێشتا ئەم خولەی ئێستا دوو ساڵی زێتری ماوە. ئایا هەڵبژاردنی پێشوەختە بۆ پەرلەمانی کوردستان دەکرێ تا هەڵبژاردنی سەرۆکی لەتەکدا بکرێ؟ وەك سەرنج دەدرێ لە زۆر وڵاتاندا لە ماوەی شەڕ و ئاشووبدا هەڵبژاردن ناکرێ و بۆ ماوەی (١) ساڵ، یان زێتر دوادەخرێ. لە ڕاستیشدا هەڵبژاردنی گشتی لە ئێستادا کارێکی ناکردەنی و خوازراو نییە. کەواتە سەرۆکی ئێستە دەبێ کار و ئەرکەکانی پۆستەکەی بەڕێوە ببات. ئەوەش بۆ خۆی ئەگەرێکە و بە ڕێ تێنەچووش نازانرێ.. بەڵام ڕەنگە ناو بەناو گرژی و کێشە و قەیران لەگەڵ خۆیدا بهێنێ.

با لە باری سیاسییەوە، ئەم پرسە بخەینە بەرباس:

١ . بە قسان بێت، پارتی تا ئێستە بە ڕەسمی ئەم بابەتەی باس نەکردووە کە دەبوایە بیکات. ئەوە نەبێ کە بەم دواییە سەرۆکی حکوومەت، نێچیرڤان بارزانی لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەگەریدا، هەڵبژاردنەوەی سەرۆك بارزانی بە پێویست دەزانێ بۆ دەربازبوون لەو هەلومەرجە قەیراناوییەی لە کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا هەیە. داخوا هەق نییە، پارتی ئەم بابەتە لەگەڵ حزبەکاندا، لەگەڵ نوێنەرایەتیی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستاندا بکاتەوە؟ یان کە ئەوەی نەکردووە لەبەر ئەوە بووە چونکە سەرۆکی ئێستەی هەرێمی کوردستان لە هەمانکاتدا سەرۆکی پارتیشە. لە کاتێکدا کاك فازل میرانی گوتەنی ئەم پرسە، بەتەنیا پرسی پارتی نییە و پرسێکی نیشتمانییە و دەکرێ دەسپێشخەریی لە حزبەکانی دیکەوە بێت و بە گیانێکی بەرپرسیارانە بکەونە وتووێژ و ڕێککەوتنێك کە ئەنجامی ئیجابی بۆ سەر پرۆسەی سیاسی و یەکڕیزی ناوماڵی کورد و ڕای گشتیی کوردستان هەبێ بە ئاراستەی سەقامگیری و ڕزگارکردنی ناوچە کوردستانییەکانی ژێردەستی داعش و بردنەوەی شەڕ و دوورخستنەوەی مەترسیی تیرۆریستان لەسەر هەرێم و یەکخستنەوەی ئیدارە و لەشکر و بە دامەزراوەیی کردنی حوکمڕانی لە کوردستاندا. ئەمە لە کاتێکدا، وەکو گوتم هێشتا سەرۆك بارزانی نیازی خۆی دەرنەبڕیوە. بەڵام پێشتر سەرۆك بارزانی باسی لەوە کردووە کە ئەو نایەوێ تا هەتایێ سەرۆك بێ و هەر دەبێ ئەو ئەمانەتە ڕادەستی یەکێکی دیکە بکات. لەم سۆنگەیەوە دەکرێ حزبە سیاسییەکان بکەونە وتووێژ و هەلومەرجەکە و ئەگەرەکان دیراسە بکەن و سوود لە کاریزما، پێگە و قورسایی سیاسی و شارەزایی و پێوەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی کاك مسعود بارزانی وەربگرن بۆ سەرکردایەتیکردنی ئەم قۆناخە و گەیاندنی کوردستان بە وێستگەیەکی پڕ ئەمن و ئەمانتتر. دەکرێ ئەمە لە قانووندا، جێگەی بۆ بکرێتەوە.

٢. هاوپێوەند لەگەڵ ئەم خاڵەی سەرێ، دەبێ دان بەو ڕاستییەشدا بنێین کە حوکمڕانی لە کوردستاندا نەکەوتووەتە سەر سکەی ڕاست و دروستی خۆی، بە مانای بە دامەزراوەیی بوون و بە دەستووریی بوون و بە قانوونیی بوون کە ئەم کەسایەتی ئەو کەسایەتی دەوری بنەڕەتی و میحوەری نەبێ وەك لە وڵاتە پەرەسەندوو و دیموکراتەکاندا وایە. ڕاستە دامەزراوەمان لە کوردستاندا هەن، هەنگاو هەڵێنراوەتەوە، بەڵام قایم و جێگیر و چەسپاو نین. لەبەر ئەوە کەسی یەکەم لە وڵاتدا (هەر ناوێکی هەبێ: پێشەوا، سەرۆك، ڕابەر...) ڕۆڵێکی گرنگ و ئەساسی دەگێڕێ لە بیناکردنی نەتەوە Nation-Building لە قۆناخی ڕزگاریی نیشتمانیدا بە مانای ئەوەی کە گەلی کوردستان ببێتە خاوەن قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆ و جێگیری خۆی کە دیارە هێشتا نەهاتووەتەدی و پایە موکمەکانی دانەمەزراون. ئەم خاڵە، لە ڕۆڵی نوخبەی قیادی، لە سەرکردەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان کەم ناکاتەوە. دیارە من لەم وتارەدا قسەم لە سەر ڕۆڵ و پێگەی تاڵەبانی نییە کە بە هۆی نەخۆشییەوە دوو ساڵ زێترە ناتوانێ ئەرکی خۆی وەك جاران ڕابپەڕێنێ. دەکرێ ئەو نوخبەیە بە یەکەوە تیمێکی هاوئاهەنگ و تەواوکار پێکبهێنن و بە یەکەوە لەتەك بارزانیدا لەو بیناکردنەدا دەوری خۆیان بگێڕن. ئەو تیمە قیادییە هەیە، بەڵام هاوئاهەنگ نین. کەموکوڕیی لە هەر کێ و لە هەر لایەنێکەوە بێت، پێویستمان بە هاوئاهەنگیی ئەو تیمە و ئەو نوخبە قیادییە هەیە. لەم ڕووەوە وەکو لە سەرێ ئاماژەم پێدا، سەرۆك بارزانی بۆ خۆی بووەتە کاریزما و ڕۆڵێکی گرنگی لە کوردستان و ناوچەکەدا هەیە، لە دەرەوەش حیسابێکی کەمی بۆ ناکرێ. ئەگەر حەساسییاتی حزبی و ناوچەیی و مێژوویی بەلاوە بندرێ، هەقە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستان سوود لەو پێگەو ڕۆڵەی بارزانی ببینێ. چونکە بەرپرسیارەتییەکە هاوبەشە.

ڕەنگە ئەو پرسیارە بکرێ، داخوا لەناو گەلی کوردستاندا، هیچ کەسێکی زیرەك و سیاسەتمەدارو لێزان و دیپلۆماتکار و ...نییە بۆ ئەم پۆستە دەست بدات؟ ناکرێ بە نەخێر وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، بەڵام لە «غیاب»ی دامەزراوەی قانوونی و دەستووریی تۆکمە و بوونی ئیدارەیەکی یەکگرتوو و کولتوورێکی دیموکراتیی چەسپیودا، لەم هەلومەرجەی ئێستادا، مەحالە یەکێك هەبێ زوو جێگەی بارزانی بگرێتەوە و هەمان ڕۆڵی ئەو لە ئیدارەدانی ململانێکان ببینێ و گەل متمانەی پێ بکا و دەستی لەسەر دڵی نەبێ. ناکرێ لەم هەلومەرجەدا، بارزانی بە تەنیا بەجێبهێڵدرێ، بەڵکە پێویستی بە هاوکاریی ئەوانی دیکە هەیە کە وەك گوتم دەورێکی تەواوکارانەیان هەیە. کەواتە مانەوەی بارزانی لە پۆستەکەیدا، بۆ ئەم قۆناخەی کوردستان گرنگ و پێویستە و تەنانەت ئەگەر نیازیشی نەبێ لەو پۆستەیدا بمێنێتەوە، هەقە لایەنەکانی دی پێش پارتی داوای مانەوەی لێ بکەن. پێموایە لە کۆتادا، لەم پرسەو لە پرسەکانی تریشدا ئیرادەی هاوبەش خۆی دەنوێنێ.



## دیندار دۆسکی

سیاسەتمەدار و وەزیری پێشووی حکومەتی عێراق لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بۆ گوڵان:

# جەنابی کاک مسعود بارزانی رەمزی کوردستانە و رۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوە بۆ پرسی نەتەوەیی کورد دەگێڕێت

**من خۆم لە دهۆکم و دەزانم جەنابی کاک مسعود بە مانگ لە بەرەکانی شەڕ بووە و لەناو کابینە خەوتووە و لە بەرەی شەڕەکانی شنگال هاوشانی پێشمەرگە لەسەنگەرەکاندا بووە**

**ئەم قۆناخەی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، لەگەڵ ئەوەی قۆناخێکی هەستیار و پڕمەترسییە، لەهەمانکاتدا دەرفەتێکیشە بۆ نەتەوەی کورد بۆ ئەوەی بە یەکگوتاری و یەکگرتوویی هەنگاو بۆ سەرفرازی یەکجارەکی هەڵبگرێت، لەم قۆناخە هەستیارەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ رەواندنەوەی مەترسی و هەڕەشەکانی تیرۆریستانی داعش بڕیاری یەکلاکەرەوەی (شەڕی مان و نەمانی) راگەیاند و لە ماوەی چەند مانگی رابردوو ئەم سەرۆکە وەك پێشمەرگەیەك هاوشانی پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی بەرگری و ئازادکردنی بست بە بستی خاکی کوردستان بووە، لە ئێستاشدا هەموو هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە بۆ ئەوەی بە یەکگوتاری و بە یەکهەڵوێستی رای گشتی جیهانی بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە کورد مافی خۆیەتی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات و خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێت. بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای کوردستان و پێویستیی یەکڕیزی و یەکگوتاری لەم قۆناخە هەستیارەدا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ دیندار دۆسکی سیاسەتمەدار و وەزیری پێشووی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق لە سەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئێستا بارودۆخێك لە کوردستان و ناوچەکە هاتۆتە ئاراوە کە زۆر جیاوازە و هاوکات هەم بارودۆخێکی هەستیار و ترسناکە، هەمیش وەك فرسەتێك دەخوێندرێتەوە بۆ کوردستان، ئایا چۆن سەیری ئەم بارودۆخە دەکەیت؟**

- ئەو بارودۆخەی ئێستا کوردستان و ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕێت، وێڕای هەموو لایەنە هەستیار و مەترسییەکانی، بەڵام من بە شێوەیەکی گەشبینانە سەیری بارودۆخی هەر چوار پارچەی کوردستان و کوردستانی باشوور بەتایبەتی دەکەم، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ کوردستان بۆتە هێزێکی کاریگەر لە سەر ئاستی جیهان و بەشێکە لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش، ئەمەش وایکردووە کە کوردستان نەك هەر لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهان رۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لە شەڕی دژی تیرۆریستاندا و لەسەر ئاستی جیهان بە رێزەوە باسی قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکرێت، هەموو ئەمانەش بە خوێنی ئەو شەهیدە قارەمانانە هاتۆتە بەر کە لەپێناوی خاکی کوردستان قوربانییان داوە، بۆیە ئەوەی بۆ ئێستا گرنگە ئەوەیە ئێمە وەك کورد ئەم دەرفەتە لەکیس نەدەین و ئەم سەرکەوتنانە بپارێزین، ئەمەش بە یەکڕیزی و یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دێتەدی و دەبێت هەموومان لە ئاستی ئەم بەرپرسیاریەتییەدا بین. راستە لە کوردستان فرەحزبی هەیە و بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام بەرامبەر بە کێشە سەرەکییە ستراتیژییەکانی نەتەوەییمان دەبێت هەموومان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بین. ئەوەی تائێستا هەستی پێدەکرێت سوپاس بۆ خوا تا رادەیەکی باش ئەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە بوونی هەیە، هەتا ئەگەر لە هەندێك پرسدا جیاوازی هەبووبێت، بەڵام نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کاریگەری لە سەر ئامانجە ستراتیژییەکانی کوردستان هەبووبێت. هەر بۆیە ئەگەر لە سەرەتاوە تیرۆریستانی داعش هەڕەشە و مەترسی بوون لەسەر کوردستان، بەڵام ئێستا لە سایەی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەشی هەرە زۆری خاکی داگیرکراو ئازاد کراونەتەوە و چی دیکە تیرۆریستانی داعش ئەو هێزە نەماون کە هەڕەشە لەسەر هەرێمی کوردستان دروست بکەن.

*** ئەگەر لەسەر ئاستی ناوچەکە بە شێوەیەکی گشتی سەیری گۆڕانگارییەکان بکەین، ئایا تاچەند ئەم بارودۆخە ناوچەکە بەرەو گۆڕانکارییەکی گەورە هەم لەسەر ئاستی سیاسی و هەمیش لەسەر ئاستی جوگرافی دەبات؟**

- جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە و ئەو دەوڵەتانەشی لەم ناوچەیە دروستکراون، هەمووی بەرهەمی رێککەوتنی (سایکس پیکۆ)یە کە پێش شەڕی یەکەمی جیهانی لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا ئیمزای لە سەر کراوە، بۆیە دوای ئەم گۆڕانکارییانە زۆر زەحمەتە بتواندرێت لە سنووری ئەو دەوڵەتە دروستکراوانە جارێکی دیکە بارودۆخەکە رێکبخرێتەوە، ئەمە وەك هەموو جیهانیش باسی دەکات، پێویستی بە دەستکاری و دووبارە داڕشتنەوە هەیە و دەبێت بەپێی سروشت و تایبەتمەندی ئەو نەتەوانەی لەم ناوچەیە دەژین، دووبارە سنوورەکان بکێشرێنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم دەوڵەتانە نەبوونە هۆکاری ئەوەی خواستی ئەو نەتەوانەی تێدا دەژین بهێنرێتەدی، ئاشکراشە نەتەوەی کورد بە شێوەیەکی زۆر تایبەتی قوربانی ئەم سنوورە دەستکردانە بووە و غەدرێکی زۆر گەورە لە کورد کرا کە بە سەر چوار وڵاتدا دابەشکرا، ئەمە لەگەڵ ئەوەی عەرەبەکانیش گلەییان لە سایکس پیکۆ هەیە، لەبەر ئەوەی ئەوانیش داوای یەك دەوڵەتیان

**ئێمە وەک لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان هەرچیمان پێبکرێت دریغی ناکەین لە پێناوی ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان سەرکەوتن بەدەست بهێنن**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر پرسە نەتەوەیی و ستراتیژییەکان بەردەوام راوێژی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان کردووە**

دەکرد، بەڵام وەك دەبینین ٢٣ دەوڵەتیان هەیە، لە ماوەی ١٠٠ ساڵی رابردووش و دوای سەپاندنی ئەم سنوورانە بەردەوام ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرچاوەی کێشە و هەڕەشە و ئاژاوە بووە بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، بۆ ئێستاش گرنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاتێك هەوڵدەدا سەقامگیری و ئاشتی بۆ ئەم ناوچەیە بگێڕێتەوە دەبێت چاوخشاندنەوە بە سایکس پیکۆدا بکات، بەڵام بۆ ئێمە وەك کورد لەم بارودۆخەدا نابێت تەنها چاوەڕێی ئەوە بین بزانین کەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەم هەنگاوە هەڵدەگرێت، بەڵکو پێویستە هەموو هەوڵەکانی خۆمان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی رای گشتی نێودەوڵەتی لە مەترسی مانەوەی ئەم سیستمە ئاگادار بکەینەوە، هەروەها پێویستە لەسەر ئاستی میللی هەموو دەنگی خۆمان بەرز بکەینەوە بۆ ئەوەی جیهان بگاتە ئەو قەناعەتە کە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە نەتەوەی کورد خاوەنی کیانی سیاسی خۆی و خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی بێت.

**شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ داعش شەڕێکی گاڵتە نەبوو، بەڵام وجوودی مەیدانیی جەنابی کاک مسعود لە بەرەکانی شەڕ هاوکێشەکەی پێچەوانە کردەوە و بووە هۆکاری ئەوەی ورەی پێشمەرگە بەرز ببێتەوە**

*** وەك ئاماژەت پێکرد ئێستا کورد لەناو هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتییە کە ٦٠ دەوڵەت لەخۆی دەگرێت، ئەمەش لە پەرەپێدانی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان رۆڵێکی کاریگەری گێڕاوە، ئایا ئەم هەوڵانە جێگەی ئومێدن بۆ ئەوەی بە گەشبینی لە ئایندە بڕوانین؟**

- وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد ئەو دەرفەتەی ئێستا بۆ کوردستان هاتۆتە ئاراوە لە ماوەی سەد ساڵی رابردوو بێ وێنەیە، لە هەمانکاتدا دەبێت ئەوەش بزانین لەم بارودۆخەدا هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان کارێکی ئاسان نییە، بۆیە پێویستمان بەوەیە کە هەموو هەوڵەکان لە هەموو ئاستەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت و هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان یەکبخەین و هەموو پێکەوە هەوڵبدەین زیاتر ئەم هەوڵانە بەرەو پێشەوە ببەین و هەوڵبدەین لەسەر هەموو ئاستەکان هەوڵە دیپلۆماتییەکان فراوانتر بکەین، لەبەر ئەوەی ئەو ئامانجەی ئێمە خەباتی بۆ دەکەین و دەمانەوێت هەنگاو بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ هەڵبگرین، ئامادەباشییەکی زۆر باشی دەوێت، پێش هەموو شتێش پێویستی بەوەیە کە هەموومان شان بدەینە بەر ئەم ئەرکە قورسە و لەوە ئاگاداربین کە ئەمە کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی کە پرسەکە پەیوەستە بە گۆڕینی جوگرافیای سیاسی ناوچەکە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبێت بڕوامان بە خۆمان هەبێت و دەبێت بزانین ئەم پرسە ئەگەر زۆر قورسیش بێت، بەڵام مەحاڵ نییە. ئەوەی گرنگە لەم قۆناخە ئەوەیە کورد یەك گوتاری بەرامبەر عێراق و ناوچەکە و جیهان هەبێت، بۆ ئەوەی جیهانیش وەك داخوازی گەلی کورد سەیری ئەم گوتارە یەکگرتووە بکات.

**بڕیاری جەنابی کاک مسعود بارزانی بە راگەیاندنی شەڕی سەرتاسەری دژی تیرۆریستانی داعش، بڕیارێکی بوێرانە و حەکیمانە بوو**

*** لەو کاتەی داعش هێرشی کردە سەر هەرێمی کوردستان، سەرۆك مسعود بارزانی بڕیاری شەڕی مان و نەمانی لە دژی تیرۆریستانی داعش راگەیاند، ئەم بڕیارەی بارزانی تەنانەت پێش بڕیاری ئەمریکا و هاوپەیمانانیش بوو لە دژی تیرۆریستانی داعش، ئایا وەك سیاسەتمەدارێك چۆن سەیری ئەو بڕیارەی بارزانی دەکەیت؟**

**ئەو ئامانجەی ئێمە خەباتی بۆ دەکەین و دەمانەوێت هەنگاو بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ هەڵبگرین، ئامادەباشییەکی زۆر باشی دەوێت**

- هەڕەشەی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کوردستان هەڕەشەیەکی زۆر گەورە بوو بۆ سەر هەموو نەتەوەی کورد، بۆیە بڕیاری جەنابی کاك مسعود بارزانی بە راگەیاندنی شەڕی سەرتاسەری دژی تیرۆریستانی داعش، بڕیارێکی بوێرانە و حەکیمانە بوو، یەکێك بووە لەو ئەرکانەی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیدا وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە زۆر حەکیمانە هەنگاوی بۆ هەڵگرتووە، پاشانیش لەم شەڕەدا هەموو خەڵکی کوردستان پشتیوانی و پشتگیری بڕیارەکەی جەنابی کاك مسعودی کردووە، دوای ئەوەش پشتگیری هاوپەیمانان هاتووە و بۆتە بڕیارێکی ستراتیژی دژی تیرۆریستانی داعش، بۆیە ئەم بڕیارەی کاك مسعود بارزانی بڕیارێکی بوێر بووە و لە قۆناخێکی هەستیار و پڕمەترسیدا ئەم بڕیارەی داوە و بەم بڕیارەی تەحەمولی بەرپرسیارێتییەکی قورسی کردووە کە ئەو بڕیارە بدات و کوردستان لەو مەترسییە دووربخاتەوە، لەم شەڕەدا دەبێت بە تەقدیر و رێزەوە سەیری رۆڵی کاك مسعود بارزانی بکرێت، من خۆم لە دهۆکم و دەزانم جەنابی کاك مسعود بە مانگ لە بەرەکانی شەڕ بووە و لەناو کابینە خەوتووە و لە بەرەی شەڕەکانی شنگال هاوشانی پێشمەرگە لەسەنگەرەکاندا بووە، بۆیە ئەگەر کاك مسعود ئەو رۆڵەی نەگێڕابایە و بۆخۆی وجوودی مەیدانی لە بەرەکانی شەڕ نەبوایە، ئەوا ئەو سەرکەوتنانە بەوجۆرە بەدەست نەدەهاتن و شەڕەکە بەو جۆرە ئاسان نەدەبوو کە ئێستا دەیبینین. هەموو لایەك دەزانن هێزی تیرۆریستانی داعش هێزێکی گەورە بوو، ئەوان لە دەروازەی بەغدا بوون و خەریك بوو سوپای عێراق هەمووی لە بەریەك هەڵبوەشێنن، لە موسڵ ئەو هەموو هێزەی سوپای عێراق نەیانتوانی چەند کاتژمێرێك لە بەرامبەر داعش رابوەستن، بۆیە شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ داعش شەڕێکی گاڵتە نەبوو، بەڵام وجوودی مەیدانیی جەنابی کاك مسعود لە بەرەکانی شەڕ هاوکێشەکەی پێچەوانە کردەوە و بووە هۆکاری ئەوەی وەرەی پێشمەرگە بەرز ببێتەوە، هەروەها خەڵکیش

که بینییان سەرۆك خۆی لە بەرەكانی شەڕە، زیاتر پشتیوانی پێشمەرگە و بڕیارەكەی كاك (مسعود بارزانی)یان كرد.

*** ئەوەی لەماوەی ئەم شەڕە بینیمان سەردانی هەموو لایەنە سیاسییەكانی كوردستان بوو بۆ لای بارزانی لە بەرەكانی شەڕ، ئایا تاچەند بەرەكانی شەڕ هۆكارێك بوو بۆ یەكڕیزیی هەموو هێزە سیاسییەكان؟**

- جەنابی كاك مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستانە و ئێمەش وەك حزبە سیاسییەكان لە هەرێمی كوردستان پشتیوانی لە بڕیار و هەوڵەكانی كاك مسعود بارزانی دەكەین، هەروەها ئێمە وەك لایەنە سیاسییەكان و خەڵكی كوردستان هەرچیمان پێبكرێت دریغی ناكەین لە پێناوی ئەوەی هێزەكانی پێشمەرگەی كوردستان سەركەوتن بەدەست بهێنن، لایەنێكی دیكە سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەسەر پرسە نەتەوەیی و ستراتیژییەكان بەردەوام راوێژی لەگەڵ لایەنە سیاسییەكان كردووە و كۆبوونەوەی بەردەوام لە نێوان سەرۆكی هەرێمی كوردستان و سەرۆكی حزبە سیاسییەكانی كوردستان هەبووە، لەبەر ئەوەی ئەم هەڕەشەیەی تیرۆریستان بۆ سەر هەر تاكێكی كوردستانە و پشتیوانی و پشتگیری ئێمەش بۆ هەوڵەكانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان هیچ منەتێكی تێدا نییە و ئەرك و واجبی خۆمان جێبەجێ كردووە. بۆیە من دەڵێم لەم قۆناخە زۆر گرنگە بەردەوام هەموو حزبە سیاسییەكانی كوردستان پشتیوانی هەوڵەكانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بن.

*** ئێوە ئاگادارن ماوەیەكی زۆرە بەڕێز مسعود بارزانی وەك سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە هەوڵی ئەوەدایە هەموو هێز و لایەنە سیاسییەكان پێكەوە كۆبكاتەوە و كورد لەم قۆناخە خاوەنی گوتارێكی سیاسی یەكگرتوو بێت، ئایا تاچەند گرنگە لەم قۆناخە هەموو لایەنەكان پشتگیری هەوڵەكانی سەرۆك بارزانی بكەن؟**

- ئەوە گومانی تێدا نییە كە جەنابی كاك مسعود بارزانی لە ئێستادا كەسایەتییەكی نێودەوڵەتییە و پێویستە كورد لەم قۆناخە سوود لە شكۆی كەسایەتی كاك مسعود بارزانی وەربگرێت، كە لە ئێستادا لەسەر ئاستی هەردوو تەوەری ناوخۆ و دەرەوەش كەسایەتییەكی كاریگەرە، لەسەر ئاستی دەرەوە بۆ ئەمریكا و ئەورووپا و هەموو جیهان، كەسایەتیی كاك مسعود بارزانی رۆڵی سەرەكی و یەكەم بۆ پرسی نەتەوەیی كورد دەگێڕێت و ئەو قەناعەتشم هەیە كە بێجگە لە كاك مسعود بارزانی كەسی دیكە ناتوانێت ئەو رۆڵە بگێڕێت، ئەو رۆڵەش كە دەیگێڕێت و ئەو ئامانجەش كە هەوڵی بۆ دەدات، جێگەی تەقدیر و رێزە بۆ هەموو لایەكمان، لەم قۆناخەدا كەسایەتی كاك مسعود بارزانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ پرسی نەتەوەییمان زەرورەتە و رۆڵێكی گەورە و یەكلاكەرەوەی هەیە بۆ ئەوەی رای گشتی جیهان بە خواستەكانی نەتەوەی كورد قانیع بكات، بەتایبەتیش ئەمریكا و ئەوروپا، لەسەر ئاستی تەوەری ناوخۆش ئەوە گومانی تێدا نییە و هەموو لایەك دەبینین جەنابیان چ رۆڵێكی كاریگەری لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش گێڕاوە و ئەو سەركەوتنانەی بەدەست هاتوون هەمووی بە سەرپەرشتی جەنابیان بووە، لەسەر ئاستی كۆكردنەوەی هێز و لایەنە سیاسییەكان و دروستكردنی گوتارێكی یەكگرتووش كاك مسعود بارزانی هەوڵێكی زۆری داوە و توانیویەتی رۆڵێكی كاریگەر بۆ یەكڕیزی و یەكهەڵویستی هەموو لایەنەكان بگێڕێت، بۆیە تەئكید دەكەمەوە جەنابی كاك مسعود بارزانی رۆڵێكی كاریگەر و ستراتیژی لەم قۆناخە گێڕاوە و من تەمەننای ئەوە دەكەم لە داهاتوودا رۆڵێكی گەورەتر و كاریگەرتریش بگێڕێت.

*** ئەگەر لە سەر قسەكانتان ئەو پرسیارە بكەین، ئایا تاچەند بۆ ئێستا گرنگە كە بەڕێز مسعود بارزانی وەك سەرۆكی هەرێمی كوردستان ئەم ئەركە نەتەوەییانە تەواو بكات، بەتایبەتیش لە ئێستادا كە باس لەوە دەكرێت پرسی سەرۆكایەتی هەرێم بەرەو كۆتایی دەچێت؟**

- لێرەدا گرنگە لەم پرسەدا دوو مەسەلەی گرنگ لە یەكتری جیا بكەینەوە، یەكەمیان كەسایەتی جەنابی كاك مسعود بارزانی لەلایەك و مەسەلەی پۆستی سەرۆكایەتی هەرێم لەلایەكی دیكە، بەلای منەوە مەسەلەی سەرۆكایەتی هەرێم پرسێك نییە پەیوەست بێت بە كەسایەتی كاك مسعود بارزانی، ئەوە پرسێكی یاساییە و دەبێت هێز و لایەنە سیاسییەكان لەسەری رێكبكەون و پاشان لە پەرلەمان بە یاسا چارەسەر بكرێت، بەڵام سەبارەت بە كەسایەتی كاك مسعود بارزانی، كەسایەتی جەنابیان لەسەر ئاستی كوردستان جێگەی تەقدیر و رێزی هەموو لایەنە سیاسییەكانە و هەموو لایەكیش دەزانن ئەم كەسایەتییە بۆ ئێستا تا چەند گرنگە، وەك رای خۆیشم من بەو جۆرە سەیری كەسایەتی كاك مسعود بارزانی دەكەم، ئەو ئێستا یەكێكە لە رەمز و سونبولەكانی كوردستان و ئەگەر سەرۆكی هەرێمی كوردستانیش نەبێت، ئەو رۆڵەی ئێستا دەیگێڕێت، ئەو رۆڵە هەر دەگێڕێت، واتە ئەگەر سەرۆكی هەرێمی كوردستانیش نەبێت، بە كەسایەتی خۆی كە ئێستا كەسایەتییەكی نێودەوڵەتییە و بەو مێژووەی هەیەتی دەتوانێت لەسەر ئاستی ناوخۆی كوردستان و دەرەوە و جیهانیش، هەمان رۆڵ بگێڕێت.


**پێویستە لەسەر ئاستی میللی هەموو دەنگی خۆمان بەرز بكەینەوە بۆ ئەوەی جیهان بگاتە ئەو قەناعەتە كە ئیدی كاتی ئەوە هاتووە نەتەوەی كورد خاوەنی كیانی سیاسی خۆی و خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی بێت**

**عەرەبەكانیش گلەییان لە سایكس پیكۆ هەیە، لەبەر ئەوەی ئەوانیش داوای یەك دەوڵەتیان دەكرد، بەڵام وەك دەبینین ٢٣ دەوڵەتیان هەیە**

**ئەوەی بۆ ئێستا گرنگە ئەوەیە ئێمە وەك كورد ئەم دەرفەتە لەكیس نەدەین و ئەم سەركەوتنانە بپارێزین، ئەمەش بە یەكڕیزی و یەكدەنگی و یەكهەڵوێستی هەموو هێز و لایەنە سیاسییەكانی كوردستان دێتەدی**

# پایەو ڕۆڵی سەرۆکەکان لە قۆناغە ئیستیسنائییەکانی مێژووی گەلاندا

**زۆرینەی گەلی کوردستان بە هۆشیارییەوە درك دەکەن بە دۆخەکەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییە هۆشیارەکان هەموویان لە چواردەوری سەرۆکەکەی کوردستان کۆبوونەتەوە، هەموویان پاڵپشتن بۆ مسعود بارزانیی پێشمەرگە، تا وەك کەسایەتیەك و شارەزایەك و کەشتیوانێك هەمووان بەرەو کەنارێکی ئارام بەرێت و بیانخاتەوە سەر ڕێگای بونیادنان و پێشکەوتن، سەرەڕای هەموو ئەو گێژەڵووکانەی دەیانەوێت کوردستان لولپێچ بدەن و وێڕای هەموو ئەو بەربەستانەی کاروانی فیدراڵیەت لە عیراقدا ڕادەگرن، کەچی سەرکردایەتی کوردستانیی ناوازەیە لە پاراستنی سەقامگیرێتی ناوخۆیی و هەنگاو هەڵدەگرێت بە نەوەکانی بۆ گەیشتنیان بە ئومێدە مەزنەکان..**



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵانی نووسیوە

بە درێژایی مێژووی دێرین و مێژووی تازەش، هەندێك لە سەرۆکەکان بۆ ئاڕاستەکردنی کاروانەکەو بۆ لەنگەرگرتنی ڕێبازەکان بە ڕاستەڕێدا، ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە، ڕۆڵی کارای سەرکردەکان لە لایەکەوە بە هۆی پێگەو پایەی کاریزمیانەیان و لە لایەکی تریشەوە بە هۆی ڕاست و دروستی بڕیارو هەنگاوەکانیان بووە کە لە بەهۆی پێوەندی بەستنیانەوە بووە بە ناسنامەی گەلەکانیانەوە، بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵێك خەسڵەت وسیماو تایبەتمەندێتی هەن کە لە چرکەساتە مێژووییەکان و داخوازی و دیاریکردنی ئامانجەکانەوە ڕۆڵی ئیستیسنائیی بۆ سەرۆکێك دیار دەخەن..

ئەو خەسڵەتانەش لەوەدا کۆدەبنەوە کە سەرۆك پێویستە بڕوای تەواوی بە گەل و نەتەوەو خەونەکانیان هەبێت و هەڵگری خەم و ئازارو ئومێدە بەرفراوان و گشتیەکانیشیان بێت، لەو پێناوەدا ئەرکە لەسەری کە ئاسانکاری بۆ نەخشەڕێژانی ئامانجە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆو تەکتیکی و ستراتیژیەکانی ئەو چرکەساتە مێژوویانە بکات کە گەل پێیدا تێپەڕ دەبن، ئەوەش بەهۆی دیالۆگێکی قووڵ و کراوەی سەرۆکەوە لەگەڵ هەموو هێزو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کە نوێنەرایەتی توێژەکانی کۆمەڵگە دەکەن، هەر لەو چوارچێوەیەدا پێویستە ئاگامەندێتی سەرۆك ئامادە بێت بۆ وەڵامدانەوەی هەر بەربەستێك کە دێنە پێش ئەو

دیالۆگە کراوەیە، چ بەو پرسیارو بەربەستانەی دێنە پێشی، یان ئەو هەوڵانەی دەدرێن بۆ بەرنامەو نەخشــەڕێژکردنی نەخشەڕێگای ئێستاو داهاتووی داخوازییەکان.

ژمارەیــەك لەو ســەرۆکانەی ســەرۆکایەتی نەتەوەکانیان دەکرد، ئەوان بۆ وەدەست هێنانی وەڵامە چاوەڕوانکراوەکان، بە هیچ شــێوەیەك چاوەڕێــی دەستپێشــخەری ڕوانینی خەڵکــی نەبوون، بەڵکو خۆیان دەستپێشــخەر بوون بۆ ئەو وەڵامانەی پێویســتن، ئەوەش لە پێناوی ڕێکخستنی ئەو هەنگاوانەی بزاڤی کۆمەڵگەکە پێویستێتی، زۆر سروشتییە ئەو کەسەی پایەی سەرۆکایەتی هەیە، بەتایبەتی ئەوانەیان کە سەرکردایەتیەکی باشیان هەیە لە ئاڕاستەکردندا، کاتێك هاندەری ئەو بزاڤانەن کە لە هەمــوو بوارەکاندا داهێنانیان تێدا دەڕسکێت، ئەو سەرۆکە دەتوانێت وزە مرۆییەکانی ناو کۆمەڵگەکە ئەکتیڤتر بکات، ناشهێڵێت هیچ کام لەو توێژ یــان گرووپ یان تەوژمانە تەنانەت هیچ کام لە تاکەکانی کۆمەڵ لەکاربکەون..

تەنانــەت وزە ژەنــگ هەڵهاتووەکانیــش دەخاتەگەڕ بۆ ئــەوەی هەمووان بۆ جەنگی ڕزگاریخــوازی و بونیادنان و پێشــکەوتنخوازی وەبەرهەم بێنێت، پێویســتە ســەرۆك ڕێز لــە هێزی جەماوەر بگرێــت و متمانەی ئاڵوگۆڕ لە نێوانیان دروست بێت، قووڵترین ڕوانین و چارەسەرو تێبینی لەســەر نەخشەڕێگای کارو بونیادنان کاتێك وەدی دێت کە بە تەواوی دوور بکەوێتەوە لە هەر شــێوەیەك لە شێوەکانی کــە پێکهاتەیەك یان توێژێك لــە توێژەکانی کۆمەڵگە وا لێبکات هەســت بە پەراوێزکردن بکەن، لێــرەوە هەندێك لە یاداشــت و ڕۆڵ و ژیانی چەند کەسایەتیەکی سەرۆکەکان دەخەینەڕوو.

ئەو ســەرۆکانەی کە هەمیشە پاڵپشــت بوون بۆ دانان بە ڕاپێشنیارکراوە نیشتمانی و مرۆییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لە دیالۆگە نیشتمانیەکاندا ڕوون و ئاشکرابوون بۆ تێگەیشتن، ئەوەش بۆ پێکهێنانی نەخشــەڕێگای بونیادنەرو دروستدا، بۆئەو مەبەســتەش دوور کەوتونەتەوە لە خۆ فەرزێنی و بە ئاڕاســتەیەکی پۆزەتیڤانەی بونیادنەرانەوە زیاتر برەویان بە شێوازەکانی کاری دەســتەجەمعی داوە، هەروەها شێوازی ڕوونبیژی و یەکلاخســتنەوەو خســتنەڕووی ڕاستیەکانیان بەکارهێنــاوە بۆ ئەو توخمانەی کە بە مەبەســتەوە یان بێ مەبەست لەبەردەم ئامانجەکاندا بوونەتە بەربەست، سەرۆکی ناوازە بە وردبینی لە بڕیارەکانیی و پێداگیری بۆ گەیشتن بــە بەرهەمهێنانــی ناوازەیی دەناســرێنەوە، توانای هەیە کات و شــێوازێکی گونجاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بارە نێگەتیڤانە بدۆزێتەوە کە لە ڕێڕەوی ڕاست وەردەچەرخێن یان بەربەست لەبەردەم تواناکان دادەنێن، بە مەرجێك ئەم ڕەفتارە لەســەر بناغەیەك نەبێت کە جیــاوازی لە نێوان توێژەکاندا بکات، بەڵکو بە بێلایەنانەو بە ڕۆحێکی بابەتیانەی وردەوە هەنگاوو ڕەفتارو پێشــنیازەکان هەڵسەنگێنێت و ئەوانەش بخاتە پێش چاوی خۆی کە توانای بەسەریاندا ناشکێت.

ڕۆحی دیموکراتیەت و تێگەیشــتن لە کاری کۆگەلی لە ڕێزدانان بۆ هەمەچەشنەیی پێکهاتەکان سەرچاوە دەگرێت، بــۆ هەموو جۆرە فیکرە سیاســیەکانی کــە نوێنەرایەتی دەکەن، بەم شــێوەیە پێکەوەڕێککەوتــن و پێکەوە گونجان و یەکڕوانینیی دێتەئاراوە، باشــترە بــڕوا بەوە بهێنرێت کە زۆر پێویســت نییە ڕێکەوتنێکی ڕەهــای بێ مەلامەت لە نێوان هەمواندا مســۆگەر بکرێــت، بەڵکو کارەکە لە ڕێی بێلایەنبوونی هەڵوێستی ســەرۆکەوە زیاتر پێویستی بە یەکلاخســتنەوەو فەرمانی حەکیمانــە هەیە تا هەموو هێزەکانــی ناو کۆمەڵگەی لێ نزیك بێتــەوە بە واتایەکی تر، وەستانی سەرۆك بەشێوەیەك کە هەموان وەك یەك لێی نزیك بن.

بەو شــێوە یەك ناوازەیی و ڕۆڵ و ســەرکەوتنی سەرۆك لە قۆناغەکەدا، دەبێتە هێزێکی پاڵنەر بۆ گەیشــتنی گەل بەرەو ئامانجە باڵانمــاکان، جووڵانەوەو بڕیارەکان و توانای ســەرۆك لەســەر ئاڕاســتەکردنی کارەکان توندوتۆڵتری دەکات، بەتایبەتی کاتێك گەل و هێزی سیاســی و مەدەنی کۆمەڵگەی لە دەور کۆدەبێتەوە، ئەویش بە هۆی شــێوازی کارو نەخشــەڕێگایەك کە ســەرکردایەتیکردنی وای لێ دەخوازێت ئامانجەکان وەدیبهێنێت.

مێژوو ســەلماندوویەتی کە کۆمەڵێك کەسایەتی کاریزمی لە مێژوودا نەمرێتییان وەدەســت هێناوە لە ئاڕاستەکردنی جەنگە مەزنەکانی نیشتمانیاندا، چ ئێمە کۆك بین لەگەڵ بڕواو فەلسەفەکانیان یان کەم و زۆر جیاوازبین لێیان، مێژوو گەواهییان بۆ دەدات، لەوانەش کەســایەتیەکانی مەهاتما گاندی و هۆشــیمنە و جەمال عەبدولناسڕ و عەبدولکەریم قاسم و تاد..

## گاندی بە نموونە:

ســەرۆکێکی ڕۆحییانەو سیاســەتمەدارێکی هیندستانەو پێشــەنگی ســاتیارغراها یان بەرەنگاربووی ستەمکارییە بەهۆی بیرۆکەی یاخیبوونــی مەدەنیانەو ناتوندوتیژانەوە، ئەم بیرۆکەیەی گاندی تا ئەمڕۆش بووەتە سرووش بۆ زۆر بزاڤی مەدەنی و مافپارێزیی کە سروشتێکی ناتوندوتیژانەی ئاشــتیانەی جیهانییان هەیە،بە هۆی ئەم ڕۆڵە مەزنەیەوە گاندی نازناوی مەهاتمای پێبەخشــراوە واتا ڕۆحی مەزن هەروەها نازناوی بابۆ یان باوکی پێ دراوە، دووی تشرینی یەکەم کــە بەرواری لەدایکبوونیەتی کــراوە بە بۆنەیەکی نیشتمانی و وەك ڕۆژی ناتوندوتیژی جیهانی دانراوە.

مێــژووی گانــدی دەوڵەمەنــدە بــە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و قۆرخکاری و هەژارێتی و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەگەزپەرســتێتی لە ماوەی ئەو بیســتساڵەی کە چ لە باشووری ئەفەریقادا ژیاوە تا ئەو کاتانەی دژ بە داگیرکارانی

کەسایەتی ناوازەی نەتەوەییانەی مسعود بارزانی لەسەر ئاستی هەموو بەشەکانی کوردستان کارایە، بە جوامێرانە ڕووبەڕووی ئەو هێزانەی تاریکی و تیرۆرو وێرانکاری شۆڤێنیەت بووەتەوە کە لە لایەن سیاسەتمەدارانی هەندێک لە نەتەوەو وڵاتانی دەوروبەرەوە ئاڕاستەی کوردستان دەکرێنەوە

ئەرکی سەرۆکە بۆ ئامانجە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ و تەکتیکی و ستراتیژیەکانی ئەو چرکەساتە مێژوویانە ئاسانکاری بکات کە نەتەوەکە پێیدا تێپەڕ دەبن، ئەوەش بەهۆی دیالۆگێکی قووڵ و کراوەی سەرۆکەوە لەگەڵ هەموو هێزو بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکانی کە نوێنەرایەتی سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگە دەکەن

ژمارەیەک لەو سەرۆکانەی سەرۆکایەتی نەتەوەکانیان دەکرد، بۆ وەدەست هێنانی وەڵامە چاوەڕوانکراوەکان، بە هیچ شێوەیەک چاوەڕێی دەستپێشخەری ڕوانینی خەڵکی نەبوون، بەڵکو خۆیان دەستپێشخەر بوون بۆ ئەو وەڵامانەی پێویستن، ئەوەش لە پێناوی ڕێکخستنی ئەو هەنگاوانەی بزاڤی کۆمەڵگەکە پێویستێتی

**بانگەوازەکانی هەندێک کەس بۆ چەسپاندنی میتۆدی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە قۆناغێکی ئاڵۆزو تێکچڕژاو کە بە دۆخگەلی نیگەرانی و ناسەقامگیری بناسرێت، ، دەچێتە چوارچێوەی موزایەداتی هەرزەکارانەی گوتارە سیاسیە ناکامڵ و پێنەگەیشتوو، تەنانەت ئەگەر ئەم بانگەوازە لە نیەتێکی ساف و باشیشەوە هاتبێت**

**ئەوەی نابەرپرسانە خۆی لە گێلی بدات لەبەرانبەر ئەم دۆخەی ئێستادا، پێویستە ئەوەی لەبەرچاو بێت کە هەڕەشەکان گەورەن و بە ئاڕاستەی شێواندنی دۆخی ئاسایش و سیاسی و فشارهێنانی زیاترە بۆ سەر بژێوی هاووڵاتیانی کوردو باری ئابووری کوردستان**

هیندستان خەباتی کردووە و ئامۆژگاری گەلەکەی خۆی کردووە کە بە میکانیزمەکانـــی توندوتیژییەوە ڕووبەڕووی دوژمنە سەرسەختەکان نەبنەوە.

**هۆشیمنە:**

یەکەمین سەرۆك و دامەزرێنەی ڤێتنامی باکوورە، هەروەها پێشـــەنگی بزاڤی ڕاپەڕینی نەتەوەیـــی هیندی چینییە، بەهۆی خەســـڵەتە کاریزمایەکەیەوە بە (مام) ناسێنرا، کوك یان نفوینی دامەزراند کە ناووکی بزووتنەوەی نیشـــتمانی ڤێتنامیەو خەباتی سیاسی و سەربازیانەی دژی یابانیەکان و فەرەنســـی و ئەمەریکاییـــەکان ئەنجـــام داوەو جەنگی یاخیگەربووەکانی بەپێی بارودۆخی ڤێتنام ڕێکخســـتووە، ئەم تەنیا وەك پاڵپشـــتیکردنێکی لۆجیستیانە ڕۆڵی نەگێڕا بەڵکو لەو جەنگانەدا شـــەڕی گواســـتەوە بۆ ناو هانۆی پایتەخـــت، لەوێوە بـــە ڕزگارکردنی باشـــووری ڤێتنام و خەونی لە مێژینـــەی هێنایە دی و هەنگاوەکان و ڕوانینە خەباتگێڕیەکانی ڤێتنامی گەیاندە ڕزگاری و دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانیی سەربەخۆی خۆی..

لە ئاماژەشـــدا بـــەو بارودۆخانەی ڕۆڵی ســـەرۆکی تێدا وەك کەســـایەتی کاریزمی دەردەکەوێت بە نموونە سەرۆکی میســـری جەمال عەبدولناسر دەهێنمەوە کە لە کۆلانەکانی ئەسکەندەریەو قاهیرەوە فێری سیاسەت بوو، دواتر پێوەندی کرد بە خوێندنی ســـەربازییەوەو لە ٢٣ی یۆلیۆ دەسەڵاتی گرتە دەســـت، پـــاش کۆتایی هێنان بـــە فەرمانڕەوایەتی پاشایی، ناســـر ڕۆڵی کارامانەی هەبووە لە بێلایەنبوونی بڕیارە نێودەوڵەتیەکانی لە ســـاتەوەختانی هەڵگیرســـاندنی جەنگی سارد دەردەکران و دژ بە هەموو فشارەکان وەستایەوە تا گەیشـــت بە بڕیاردان لەسەر بەرگریکردن لە سەروەرێتی دەوڵەتـــی میســـری و بەرژەوەندییەکانـــی گەلەکەی بۆ بونیادنانی پرۆژە ســـتراتیژیەکانی وەك بەنداوی عالی، کە خودی خۆی سەرپەرشتی جەنگە سەربازی و سیاسیەکانی دەکرد تا پایەکەی چەســـپاوتربوو، میسری کردە پێشەنگی سەرکردایەتیکردنی وڵاتانی بێلایەن.

بـــەڵام لە عیراقـــی هاوچەرخ شۆڕشـــی ١٤ی تەمووز هۆکارێـــك بوو بۆ دەرکەوتنی ڕۆڵـــی ناوازانەو میللیانەی عەبدولکەریم قاسم، کە پۆستی سەرۆك وەزیران و سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکان و وەزیری بەرگری بە وەکالەت لە ئەستۆ نرابوو دواجار تا کوژرانی ئەویش بەهۆی کودەتاکەی ســـاڵی ١٩٦٣، ئەندامێتی بزووتنەوەی ئەفسەرانی ئازادی چەســـپاند کە کۆتایی بە فەرمانڕەوایەتی پاشایەتی هێناو یەکەمین کۆماری عیراقی دامەزراند، بە نیشتمانپەروەری و خۆشویستنی هەژاران و داکۆکیکار لە بەرژەوەندیەکانیان دەناسێنرا، زۆر ئەرکی گەورەی نیشتمانی و دیموکراتیانەی خستە ئەســـتۆی خۆی لەوانە چاکســـازی کشتوکاڵی و دارِشتنەوەی یاسای نەوت و باری شارستانی و ڕیفۆرمکردن لە بواری ئابووری، ئەمیش وەك جەمال عەبدولناسر جەنگی ساڵی ١٩٦٨ی فەلەستینی بینی و کاریگەرییە نێگەتیڤ و کاردانـــەوە خراپەکانی بەســـەر سیســـتمە عەرەبیەکانەوە لێکدایەوە، قاســـم بە خاوێنی و سادەیی و بێفیزی ناسرابوو، بۆیـــە لە دڵی جەماوەرو خەڵکی هەژاردا جێگەی تایبەتی بۆ دانرابوو، کە بە بابی هەژاران ناودەبرا.

بێگومـــان هیچ کام لـــە ســـەرۆکەکان کۆدەنگییەکیان بۆ کاریزمابوون لەســـەر نییە، بەڵام لێرەدا باس لەو سەرۆکانە دەکەین کە ســـەرۆکایەتیەکی کاریزمایانەیـــان هەبووەو لە بارودۆخێك کە بەســـەریاندا کەوتووە ڕۆڵێکـــی ناوازانەیان هەبووە، کە زۆربەیان لەلایەن گرووپە پەڕ گیرو توندڕەوەکانەوە بە تیرۆرکردن کۆتایی بە ژیانیان هاتووە..

کـــەس نەیتوانیوە تەحەددای ویســـتی گەلەکانیان بکات، کاتێ ئەم کەســـایەتیانەیان بۆ سەرۆکایەتی هەڵبژاردوون و لە چواردەوری کۆبوونەتەوە.

هەمـــوو خوێندنەوە بابەتیەکان وا دەڵێن لە دنیادا شـــتی وا نەبووە کەســـێك یان سەرۆکێك هەموو دەنگەکانی لە دوا بوو بێت، بەڵکو هەندێ جیـــاوازی لە ڕوانین و بیرکردنەوەکاندا هەر هەبوون تا توێژێك یان کەســـانێك بەرەو ڕووی سەرۆك وەستابنەوە، بەڵام هەرگیز جیاوازیەکان ڕێگر نەبوون لەوەی لە بارودۆخە جۆرایەتیەکاندا وای خواستبێت نەتەوەیەك دەست بگرن بە سەرۆکێکەوە کە گوزارشت لە قۆناغێکی مێژووییان بکات و بەرەو ئارامی و سەقامگیری بیانبات، بە پێچەوانەی ئەمـــەوە بانگەوازەکانـــی هەندێك کەس بۆ چەســـپاندنی میتۆدی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە قۆناغێکی ئاڵۆزو تێکچڕژاودا کە بە دۆخگەلی نیگەرانی و ناسەقامگیری بناسرێت، ، دەچێتە چوارچێوەی موزایەداتی هەرزەکارانەی گوتارە سیاسیە ناکامڵ و پێنەگەیشتووەکان، تەنانەت ئەگەر ئەم بانگەوازە لە نیەتێکی ساف و باشیشەوە هاتبێت..

پاش هێنانەوەی هەموو ئەم مۆدێل و نموونانەی ســـەرەوە، ئەوەمان بۆ ســـاغ دەبێتەوە کە ســـتراتیژیبوون وا دەخوازێت سەرۆکێك بە کەسایەتی کاریزمیانەی و دۆخی بابەتیانەوە واقیعێك فـــەرزی دەکات تا لە پاش خولـــی هەڵبژاردنی ئاســـایی هەر لە ئەرکەکانی بەردەوام بێت، دەکرێت پەند لە ئەزموونێکی زیندووی بەرچاومان وەربگرین.

بە نموونـــە ئەو دۆخـــە بابەتیانەی ئەمڕۆ کوردســـتانی لولپێچداوە، کە بریتییە لە کەوتنە ناو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توند لە دژی گەورەترین ڕێکخراوی تیرۆریســـتی جیهانی و هەروەها دوژمنانی هەرێمـــی و نێودەوڵەتی لە هەلێك دەگەڕێن تا ئەزموونی کوردستان بە قۆناغەکەی کۆماری مەهاباد بگەیەنن کە لە لانکەوە تیرۆریان کرد، بارودۆخێکە ئەمڕۆی کوردســـتانی تێکەوتووەو هۆشیاری و ئەرکێکی زۆری گەرەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو هەڕەشەکانی لەسەرێتی.

پێشتر لەم شێوە دەلالەتانەی ئەزموونەکانی پێشوو هەن، پێویستە بە هەند وەربگیرێن و وریا بن لەو هەڕەشانەی هاتونەتە سەر کوردستان، لە ناو هەڕەشەگەلێکی وادا ژیانکردن و هەنگاونان بۆ پێشەوە بەپێی هەلومەرج و داخوازیەکان ئاسان نابێت، هەڵسوکەوتکردن بەو شێوەیەی ئەمڕۆ هەموو شتێ زۆر ئاسایی بێت، کوردستان و گەلی کورد ڕاپێچی ئەو داو و تەپکانە دەکاتەوە کە بۆیان داناوەتەوە، ئەوەی نابەرپرسانە خۆی لە گێلی بدات لەبەرانبەر ئەم دۆخە، پێویستە ئەوەی لەبەرچاو بێت کە هەڕەشەکان گەورەن و بە ئاڕاستەی شێواندنی دۆخی ئاسایش و سیاسی و فشارهێنانی زیاترە بۆ سەر بژێوی هاووڵاتیانی کوردو باری ئابووری کوردستان.

باری وێستا وا دەخوازێت لەسەر هەموو ئاستەکانەوە وریای ئەو هەڕەشانە بن و بە شوێن یەکریزی یەکدەنگی کوردستانیدا بگەڕێن، ئەمە بە ڕوونی دیارە کە زۆرینەی زۆری کوردستانیەکان و بزاڤە سیاسی و کۆمەڵگەییەکان وا دەخوازن پاڵپشت بن لەگەڵ سەرۆکەکەیاندا کە کۆمەڵێك سیمای پۆزەتیڤانەی ناوازەو گرنگی تێدایە، لە خانەوادەیەکی تێکۆشەرو قوربانیدەرەوە هاتووە کە هەرچییان هەبووە لە پێناوی دۆزی ڕەوای کوردو سەرکەوتنی نەتەوەکەدا بەخشیویانەو ئەزموونەکانی تێکۆشانیان لە جەنگ و ئاشتیدا چەندین پەندو وانەی لا خوڵقاندون کە هەوانتە نین دروست بوونەوەی کەسایەتیەکی هاوشێوە.

هەمووان لەوە شارەزای ئەو پەندو وانە دەوڵەمەندانە بوون کە لە میراتی بارزانی باوکەوە دروست بوون، ئەمڕۆش هەمان ئاڵاو پەیام لەلایەن سەرۆك بارزانی کوڕەوە بەرزکراوەتەوە، کە بە درێژایی تەمەنی خۆی وەك پێشمەرگە گیانی بۆ خاك و نەتەوەکەی تەرخان کردووە، ئەو کەسایەتیەیە کە ڕۆژگار گەواهیدەرە لەسەر ئەزموونی قووڵ و جوامێری بوون و ئازایەتی و تەوزیفکردنی میکانیزمی گونجاو بۆ هەر قۆناغێکی خەبات.. یەکێك لە کاریزمایی بوونی سەرکردایەتی سەرۆك بارزانی ئەوەیە کە وەك کەسایەتیەکی ناسراو هەڵبژێردراوە بۆ نەخشاندنی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان و بونیادنانی میتۆدێکی ناوازە لە نەخشەڕێگایەك کە پێگەو پایەیەکی مەزنی بە کوردستان بەخشیوە لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە..

فەخامەتی سەرۆك بارزانی بە لۆژیکێکی دروستەوە ڕابەرایەتی پێوەندییە فیدراڵیەکانی کردووەو مکوڕبووە لەسەر دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی کوردستان و هەڵبژاردنی فیدراڵیەتەوە بۆ ئەم قۆناغە هەستەوەرە، لەو چوارچێوەیەدا کەسایەتیی ناوازەی نەتەوەییانەی بەڕێزیان لەسەر ئاستی هەموو بەشەکانی کوردستان کارایەو بە جوامێرانەوە ڕووبەڕووی هێزەکانی تاریکی و تیرۆرو وێرانکاری شۆڤێنیەت بووەتەوە کە لەلایەن سیاسەتمەدارانی هەندێك لە نەتەوەو وڵاتانی دەوروبەرەوە ئاڕاستەی کوردستان دەکرێنەوە.

لە چوارچێوەی فیدرالیەتی کوردستان بە عیراقی ئیتیحادی، ئەو بەرنامانەی کە سەرۆك بارزانی دەستپێشخەر بووە تیایاندا سەرکەوتن و دەرچوونی ئەو بەرنامەی سەلماندووە لە تێپەڕاندنی تەڵزگەو قەیرانەکان، چ بە ڕێکخستنی دیالۆگی نێوان پارتە سیاسی و بزووتنەوە و تەوژمەکانی کۆمەڵگەو یان لە بوارەکانی ئابووریدا وەك کارتێکی ڕیفۆرمخوازی گشتگیر.

بابەتەکەی ئێستام تایبەتە بە پێگەو پایەی هەندێ لە سەرۆکەکان لەسەر ئاستێکی نێودەوڵەتی و نێونەتەوەیی و ڕۆڵی سەرکردایەتییان بۆ وڵات و گەلەکانیان بە ئاڕاستەی سەقامگیری و ئازادی و بونیادنان و پەرەپێدان و پێشکەوتن، لێرەدا دەتوانین سوودێك لە ئەزموونی کوردستانیش وەربگرین وەك ئەزموونێك کە نزیکە بە ئەزموونە جیهانیەکان.

باسوخواسی زاتی و بابەتیی دۆزی سەرۆکایەتی کوردستانیی، پاڵمان پێوەدەنێت بۆ جەخت کردنەوە لە بایەخی کەلتوورێك کە پێشوەختە هەندێ ئەندام و لایەنگری نەخۆش یان هەندێکیان بە نیەت سافی ساویلکانەوە لە میکانیزمەکانی کاری سیاسی تێنەگەیشتون، بۆیە بە ساویلکانەوە ڕوانین بۆ ئەم دۆخە دژوارەی چارەنووسێك کە مان و نەمانی تەواوی ئەزموونی هەرێمی کوردستانی پێوە بەندە، بە هەنجەتی دەستاودەست کردنی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی و گۆڕینی دیمەنەکە، بێ ڕەچاوکردنی دۆخە سەختەکە، تەنیا موزایەداتی لێ دروست دەبێت..

بە کورتی پێویستمان بە زۆر وەستانێك نییە لەسەر ئەم بابەتە، چونکە زۆرینەی گەلی کوردستان بە هۆشیارییەوە درك دەکەن بە دۆخەکەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیە هۆشیارەکان هەموویان لە چواردەوری سەرۆکەکەی کوردستان کۆبوونەتەوە، هەموویان پاڵپشتن بۆ مسعود بارزانی پێشمەرگە، وەك کەسایەتیەك و شارەزایەك و کەشتیوانێك کە هەمووان بەرەو کەنارێکی ئارام بەرێت و بیانخاتەوە سەر ڕێگای بونیادنان و پێشکەوتن سەرەڕای هەموو ئەو گێژەڵوکانەی دەیانەوێت کوردستان لولپێچ بدەن و وێڕای هەموو ئەو بەربەستانەی کاروانی فیدراڵیەت لە عیراقدا ڕادەگرن، کەچی سەرکردایەتی کوردستانیی ناوازەیە لە پاراستنی سەقامگیرێتی ناوخۆیی و هەنگاو هەڵدەگرێت بە نەوەکانی بۆ گەیشتن بە ئومێدە مەزنەکان..

ڕووداوەکانیش وا دەخوازن لە ڕۆژانی داهاتوودا خوێندنەوەیەکی ڕاستەوخۆی تەتبیقی تر بۆ چارەسەری ئەم تەوەرانە بەرجەستە بکەینەوە.

---

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان و سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە دانیمارك**

**بە ساویلکانەوە ڕوانین بۆ ئەم دۆخە دژوارەی چارەنووسێک کە مان و نەمانی تەواوی ئەزموونی هەرێمی کوردستانی پێوە بەندە، بە هەنجەتی دەستاودەست کردنی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی و گۆڕینی دیمەنەکە، بێ ڕەچاوکردنی دۆخە سەختەکە، تەنیا موزایەداتی لێ دروست دەبێت**

**بیرۆکەیەی گاندی تا ئەمڕۆش بووەتە سرووش بۆ زۆر بزاڤی مەدەنی و مافپارێزیی کە سروشتێکی ناتوندوتیژانەی ئاشتیانەی جیهانییان هەیە، بە هۆی ئەم ڕۆڵە مەزنەیەوە (گاندی) نازناوی مەهاتمای پێبەخشراوەو واتا ڕۆحی مەزن هەروەها نازناوی بابۆ یان باوکی پێ دراوە**



د. محەمەد تەها حەمدون وتەبێژی حەراکی شەعبی سوننە بۆ گوڵان:

# حەشدی شەعبی بریتیە لە ٤٦ گرووپی میلیشیای شیعە و هەر یەکەیان ئاڵا و سەرکردەی خۆی هەیە

**هێرشی سعودیە و ١٠ دەوڵەتی دیکە بۆ سەر حوسیەکانی یەمەن، ئاماژەیەکی گرنگە بۆ شەڕێکی ئیقلیمی گەورە، هەروەها زیاتر دەرکەوتنی شەڕێکی گەورەی مەزهەبگەرایی نێوان شیعە و سوننەیە، لەمەش زیاتر هەردوو دەوڵەتی تورکیا و پاکستان وەك دوو دەوڵەتی ئیسلامی گەورەی غەیرە عەرەب پشتیوانی سعودیە دەکەن و هەریەك لە تاران و بەغداش پێیانوایە پەنابردن بۆ هێزی سەربازی کێشەکە زیاتر ئاڵۆزتر دەکات، ئێستا لە عێراقیشدا خەریکە شەڕی تیرۆریستانی داعش دەگۆڕێت بۆ شەڕێکی خوێناوی لە نێوان شیعە و سوننە، وەك نوێنەرانی عەرەبی سوننە باسی دەکەن، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لەگەڵ رزگارکردنی هەر ناوچەیەکی عەرەبی سوننە، تۆڵەش لە خەڵکەکەی دەکەنەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئاراستەی ئەم شەڕە و نیگەرانییەکانی عەرەبی سوننە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ د. محەمەد تەها حەمدون سامەرایی وتەبێژی فەرمی حەراکی شەعبی سوننە ئەنجامداو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** ئێوە وتەبێژی بزاڤی میللی عێراقن( الحراك الشعبی) ئایا ئەم بزاڤە نوێنەرایەتی کێ دەکات؟**

- ئەم بزاڤەی ئێمە گوزارشت لە شەقامی سوننەی عێراق دەکات لە شەش پارێزگادا، لە رووی ئایینییەوە زیاتر لە زانایەکمان هەیە، لە رووی سیاسیشەوە چەند لیستێکمان هەیە لەوانە لیستی موتەحیدون کە زۆرینەی لایەنەکان دەگرێتەوە و ئەم بزاڤەش نوێنەرایەتی سەرجەم جەماوەر و لایەنەکانی سوننە دەکات.

*** بەو واتایەی ئێوە دابەش بوونە بەسەر هەر شەش پارێزگادا، ژمارەی ئەوانەتان کە چەکیان هەڵگرتووە چەندە؟**

- ئێمە بزاڤێکی ئاشتیخوازین و پەیوەندیمان بە چەکەوە نییە، ئێمە پەیوەندیمان باشە لەگەڵ سیاسەتوانان و زانایان و هەندێ لە سەرۆك عەشیرەتەکان، هەروەك گوتم ئاشتیخوازین و لە موسڵ و بەغداو ئەنبار و دیالە و کەرکووك و سەلاحەدین، لە هەموو کاتێکدا پێمانوایە کە چەك کێشەکان چارەسەر ناکات و ئەو ململانێیەی هەیە لە نێوان ئێران و ئەمریکا و دەوڵەتانە، بۆیە بە ئاشتییانە کێشەکان چارەسەر ببن، باشترە.

*** کەواتە ئەمڕۆ رۆڵی بزاڤی میللی چییە؟**

- ئێمە لە هەموو پارێزگا و قەزا و ناحیەکان بنکەی راگەیاندنمان هەیە کە کاردەکەن بۆ کۆکردنەوەی رای گشتی لە هەمبەر هەموو پرس و بابەتەکانی رۆژانە، هەروەها لە دەرەوەی عێراقیش پەیوەندیمان پێوە دەکەن، وەك نوێنەرایەتیی شەقامی کۆمەڵگەی سوننە، تەنانەت رای سیاسی و پەیماننامەی چاکسازی کە لە ١٤ خاڵی داخوازییەکانمان پێکهاتووە و کاتی خۆی دەرمانکردووە، ئەو حکومەتەی ئێستاش لەسەر ئەو بنەمایە پێکهات.

*** بەو ناوەی کە وتەبێژی بزاڤی میللی سوننین، چۆن رەوشی ئێستای عێراق دەخوێننەوە لەو شەڕ و پێکدادانەی کە زۆربەی ناوچەکانی عێراقی گرتۆتەوە؟**

- من پێموایە شەڕی ئەمڕۆ عێراقی نییە، بەڵکو زیاتر ئیقلیمی و نێودەوڵەتییە و تەنیا لەسەر خاکی عێراق دەکرێت، قوربانییەکانیشی هاوولاتی عێراقین، تەنانەت بریادەری لیژنەی ئاسایش لە پەرلەمانی عێراق بە ئاشکرا رایگەیاندووە کە لە ئێستادا زیاتر لە ٣٠ هەزار چەکداری ئێرانی لە عێراقن، ئێران بوونی شەڕی داعشی قۆستەوە بۆ ئەوەی بێتە نێو عێراقەوە و هەژموون و دەسەڵاتی خۆی زیاتر لە عێراق بچەسپێنێت، ئەوەی لێرەدا زەرەرمەند سوننە و کوردە، هەروەکو دەزانن کە سەبارەت بە ئێمە زۆربەی شەڕەکان هەر لە ناوچەکانی ئێمەدایە و هاوولاتیان ئاوارەبوون و ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ هێشتووە و بە هەزاران کەسمان لێ کوژراوە و

**جەنابی کاك مسعود لەم قۆناغەدا توانیویەتی ببێتە مایەی پشت پێ بەستن و متمانە پێکردنی زۆربەی سیاسەتوانان**

**تەنانەت سەرکردەکانی سوننە ئەگەر ویستیان وتووێژ بکەن دەگەڕێنەوە بۆلای ئەبو مەهدی ئەلموهەندیس، یان قاسم سولەیمانی**

سـونته کەوتۆتە نێو بەرداشی داعش و میلیشیاکانەوە، بۆیە بە هەردووکیان دەسـتدرێژیمان دەکەنەسەر و لێمان دەکوژن و دەربەدەرمان دەکەن، بێ ئەوەی هیچ یاسایەك رێگەیان لێ بگرێت.

*** ئایا دەتوانین بڵێین کە ئەم شـەڕە بەو شـێوەیە کە هەروەکو دەگوترێ شەڕی شیعە- سوننەیە؟**

- ئەوەی لە ئێسـتادا لە ناوچەکە روودەدات، بەتایبەتی شەڕی یەمەن و حوسییەکان ئەو ئاڕاستەیە دەگەیەنێت، بەڵام پێمانوایە کە ئەوەی روودەدات بە ئاشکرا فراوانکردنی دەسەڵاتی ئێرانە لە ناوچەی عەرەبیدا، ململانێی نێوان ئێران و نەیارەکانـی لە دەوڵەتانی عەرەبی ئەم دەرئەنجامانەی لێکەوتۆتەوە، ئێران بە بیانووی پارێزگاریکردن لە شـیعە مەزهەبەکانی عەرەب لە ناوچەکەدا پەل بۆ یارمەتیدانی ئەوانە دەهاوێژێت.

*** حەشـدی شەعبی کە ئێستا لە چەندین بەش و لایەن پێکدێت و چەکیان هەڵگرتووە و چەکداری رێکخراوەیین واتا حکوومی نین، ئێوە چۆن لەوانە دەڕوانن؟**

- لە راستیدا ئەوانە تەنیا بە ناو پێیان دەگوترێت حەشدی شـەعبی، ئەوانـە ٤٦ تاقمی میلیشـیای چەکدارن و هەر یەکەیان ئاڵای خۆیان و سـەرکردەی خۆیان هەیە، بە واتـای ئەوەی چەکدارانی عەسـائبی ئەهلی حەق لەگەڵ سەرایای سـەلام و هێزی بەدر جیاوازن، ئەوانە سـەر بە ئێرانن، ئەگەر لـە چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی لێیان بپرسـن مەرجەعی ئێوە کێیە، ناڵێن (سیسـتانی) یـە، بەڵکو دەڵێن مەرجەعی ئێمە (خامنەئی)یە، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ ماڵپەڕەکانیشیان وێنەی خامنەئی دەبینن، هاوکات ململانێ هەیە لە نێوان حەوزەی قوم و حەوزەی نەجـەف، دوای لێدوانەکەی ئەم دواییەی رۆحانی دوای شـەڕی عەلەم و دۆر، کاتێ گوتی: بەغدا پایتەختمانە و هەمـوو ناوچەکانیش هی ئێمەیە، بۆیە مەرجەعیەتی نەجەف وەڵامی دایەوە، بەڵام لە راستیدا دوا قسەو کردار هەر بۆ ئێرانە و قاسـم سولێمانی سـەرکردەیە و هەموو فەرمانێکی بەدەسـتە. تەنانەت سـەرکردەکانی سوننە ئەگەر ویسـتیان وتووێژ بکەن دەگەڕێنەوە بۆلای ئەبو مەهدی ئەلموهەندیس، یان قاسم سولەیمانی.

*** ئەمە مانای وایە حکومەتی عێراق هیچ دەسـەڵاتی بەسەر ئەو میلیشیایانەدا نییە؟**

- بەڵێ، هیچ دەسـەڵاتێکی بەسەریاندا نییە، زۆرجار لە دانوستانی یەکێتیی هێزەکانی سوننە لەگەڵ عەبادی بە دەست بەتاڵییەوە دەرچوون و گوتیان ئەو هیچ توانایەکی بەرامبەریان نییە و ناتوانێت یەك زیندانی بەربدات، ئەوانە ناسنامەیان هەیە، بەتایبەتی لایەنگرانی هادی ئەلعامری کە کەس ناتوانێت لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکات، تەنانەت فەرماندەی ئۆپەراسیۆن لە سامەڕا ناتوانێت قسە لەگەڵ یەك چەکداری میلیشیاکاندا بکات.

*** پێتانوایـە ئەوانە هەر وا دەمێننـەوە، دوای کۆتایی شەڕی داعش، ئایا دەچنە نێو سوپای عێراقەوە، یان هەر بەم شێوەیە کاردەکەن؟**

- لە راسـتیدا پێشتر یاسایەك هەبوو بە ناوی پاسەوانی نیشتمانی کە سوننە داوایان کرد هێزێك لە عەشیرەتەکان پێکبێـت بۆ پارێزگاریکردن لە ناوچە سوننەنشـینەکان، کێشەکە لەوەدایە کە ئەو یاسایە ناوەڕۆکەکەی بەتاڵ کرا و ئەم میلیشـیایانە قۆسـتیانەوە، ئەمڕۆ ئێران پلانێکی بەدەسـتەوەیە بۆ پێکهێنانی هێزێك لە عێراق لە شێوەی حزبوڵڵا کە وەك بەسـیج بێت کـە چەکەکەی لە پۆلیس زیاتر و لە سـوپا کەمترە، لە راستیدا ئەم هێزە لە ئێستادا هادی عامری سـەرۆکایەتی دەکات و سـەر بە ئێرانە و مایەی هەڕەشـەیە بۆ سـەر کورد و سوننە، ئەم هێزە هەروەکو ئەمریکا دەڵێت: لە داعش مەترسیدارترە، داعش کۆتایی دێت، بەڵام ئەو هێزە دەمێنێتەوە و دواتر رکابەری سوپا و پۆلیس دەکات، واتا سەر بە فەرماندەیی گشتی هێـزە چەکدارەکانی عێراق نابێت، بەڵکو سـەر بە ئێران دەبێت، کە بەم شـێوەیەش ئێران دەتوانێ دەسەڵاتی خۆی زیاتر بەسەر عێراقدا بسەپێنێت.

*** دەربارەی ئەوە چی دەڵێن کە گوایە حەشدی سوننەش هەیە؟**

- ئەمە بڕگەیەکـی راگەیاندنە تەنیا بۆ گاڵتەپێکردنە، هیچ هێزێکی سوننە نییە، نموونەت بۆ بێنمەوە لە دیالە رێککەوتن کرا لەسـەر سـەلیم جبوری، لەگەڵ هادی عامری و حەیدەر عەبادی و قاسـم سلێمانی و مەهدی ئەلموهەندیس بە پێکهێنانی هێزێکی ٣٠٠٠ کەسـی لە عەشیرەتەکانی دیالە، بەڵام جێبەجێ نەکرا، کە دواتر ئەو ماڵانەی ئاگریان تێبەردرا لە دیالە ماڵی ئەو کەسانە بوو کە ناوی خۆیان بۆ ئەم مەبەستە تۆمارکردبوو، تەنانەت لە دۆڕ ماڵی ئەو کەسانە سووتێنرا و کاول کرا کە لە پاڵ ئەو میلیشیا شیعانە شەڕ دەکەن.

*** سەرۆك مسـعود بارزانی رایگەیاندبوو کە پێشوەختە حکومەتی پێشـووی ئاگادارکردبـۆوە لە هاتنی هێزێك بەرەو موسڵ، دواتر رۆڵی ئەو لە پێکهێنانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتـی، چۆن ئەمەتان خوێندەوە و چ قسـەیەکتان لەسەر ئەم بابەتە کردبوو؟**

- ئێمە دووجار چاومان بە جەنابی کاك مسـعود کەوت، ئـەو پیاوی ئەم قۆناغەیە، زۆر کەس پێیوایە ئەو دانایی و لێهاتوویـی و سـەرکردایەتییەی هەیەتی مایەی رێز و پێزانینی سـەرکردەکانی سـوننەیە، تەنانەت غەیری سـوننەش، جەنابیان لەم قۆناغەدا توانیویەتی کە ببێتە

**سوننە کەوتۆتە نێو بەرداشی داعش و میلیشیاکانەوە، بۆیە بە هەردووکیان دەستدرێژیمان دەکەنەسەر و لێمان دەکوژن و دەربەدەرمان دەکەن، بێ ئەوەی هیچ یاسایەک رێگەیان لێ بگرێت**

**بڕیادەری لیژنەی ئاسایش لە پەرلەمانی عێراق بە ئاشکرا رایگەیاندووە کە لە ئێستادا زیاتر لە ٣٠ هەزار چەکداری ئێرانی لە عێراقن**

**شەڕی ئەمڕۆ عێراقی نییە، بەڵکو زیاتر ئیقلیمی و نێودەوڵەتییە و تەنیا لەسەر خاکی عێراق دەکرێت، قوربانییەکانیشی هاووڵاتی عێراقین**



مایەی پشت پێ بەستن و متمانە پێکردنی زۆربەی سیاسەتوانان، هەر خۆی بەو ڕەفتار و مامەڵەکردنە نەرم و دانایانەی توانیویەتی سەرنجی شەقامی سوننە و عەرەب بە گشتی بۆ خۆی رابکێشێت و ئومێد وایە کە بتوانێت خزمەت بە هەموو لایەك بکات.

*** ئایا سوننە ئامادەییان تێدایە ڕووبەڕووی داعش ببنەوە، هەندێك دەڵێن تا ئێستا سوننە شەڕی لەگەڵ داعش نەکردووە، ئێوە دەربارەی ئەمە چی دەڵێن؟**

- سوننە دەرفەتیان نەبووە کە شەڕی داعش بکەن، ئەوەی داعشی لە قاعیدە جیاکردەوە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بوون، بۆیە سوننە زیاتر بۆتە ئامانجی داعش و زیانی زۆری پێ کەوتووە، هەر ئێمە بووین داوای یاسای پاسەوانی نیشتمانیمان کردبوو، حکومەت ناهێڵێت سوننە چەکداربن، ئەوەتا لە ئەنبار عەشیرەتەکانی سوننە داوای پێکهێنانی هێزی چەکدار دەکەن بۆ شەڕکردن لەگەڵ داعش، بەڵام حکومەت پێیان نادات، بۆیە دەبینین هاوکاریی ماددی و مانەوی و لۆجستیش هەمووی بۆ حەشدی شەعبییە، لێدوانەکانی پارێزگاری ئەنبارو سەرۆکی پارێزگا و عەشیرەتەکان هەموویان بەو شێوەیەن کە حکومەت پشتی تێکردوون تا شەڕی داعش بکەن، بە شێوەیەك کە کار گەیشتە ئەوەی خشڵ و ئاڵتوونی ژنەکانیان بفرۆشن، تاکو چەکی لە بازاڕی ڕەش پێ بکڕن بۆ شەڕکردن دژی داعش.

*** بەڵام گوێمان لێ بووە، کە هەندێك لە هێزی عەشیرەتەکانی سوننە چوونەتە ئەمریکا بۆ وەرگرتنی چەك، ئایا ئەمە بەکوێ گەیشت؟**

- ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەمریکا پەشیمان بووەوە، بە بیانووی ئەوەی چەك تەنیا بە ڕێگەی حکومەتی ناوەندەوە دەدات، بێگومان ئەگەر بیداتە بەغدا ئەویش لە جیاتی ئەوەی بیداتە سوننە دەیدات بە حەشدی شەعبی، بۆیە سکاڵامان پێشکەش کرد کە ڕەنگە ئەمریکا چاو بەمەدا بخشێنێتەوەو ڕاستەوخۆ بیداتە عەشیرەتەکان.

*** ئایا داواتان کردووە کە پێشمەرگە بەشداری لە ئازادکردنی موسڵ بکات ؟**

- ئێمە پێمانوایە لە موسڵ و دیالەش بەشداریکردنی پێشمەرگە باشترین چارەسەرە، بەڵام هەر وەك دەزانن ئازادکردنی موسڵ هەر وا ئاسان نییە، هەروەها ١٥ هەزار چەکدار بۆ موسڵ ئامادە کراوە، بەڵام پێمانوایە کە نابێ هەر پێشمەرگە قوربانی بۆ بدات، بەڵکو با هاوکاری و پشتیوانیمان بکات و هەموومان لەم شەڕەدا بەشدار بین.

**١٥ هەزار چەکدار بۆ موسڵ ئامادە کراوە، بەڵام پێمانوایە کە نابێ هەر پێشمەرگە قوربانی بۆ بدات، بەڵکو با هاوکاری و پشتیوانیمان بکات و هەموومان لەم شەڕەدا بەشدار بین**

# حکومەتی بەغدا لە کوێ و ڕەوشی کۆمەڵگەی عێراقی و دیموکراسی لە کوێ!



کازم حەبیب
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

عێراقییەکان چەندین نموونە و پەند و قسەی نەستەقی میللییان داهێناوە کە دەکرێ لە زۆر لەو بارودۆخانەدا بەکاربهێندرێن کە کۆمەڵگەیان پێدا تێدەپەڕێت، چونکە زۆرجار ئەو نموونانە پڕیانە لە شارەزایی و زانیاری و دانایی، بۆیە زۆربەیان لە حاڵەتی بەراوردکردن، یان وەك یەك دەکرێنە نموونە، لەوانە پەندێکی عێراقی هەیە کە دەڵێت: (عەرەب لە کوێ و تەنبورە لە کوێ!) ئەم پەندە میللییە لە کاتی بوونی حاڵەتێکی ناتێگەیشتن لەنێوان دوو کەس، یان ژن و مێرددا، یان لە حاڵەتی ئێستای نێوان حکومەتی عێراق و کۆمەڵگەی عێراقی ئاماژەی پێ دەکرێت، هەروەها دەگوترێت لە حاڵەتی نەبوونی لێکگەیشتن (حوار الطرشان) واتا گفتوگۆی نێوان کەڕەکان، یاخود (اليحچي هندي واليسمع أهل الجريبات) واتا ئەوەی قسە دەکات هیندییە و ئەوەی گوێدەگرێت خەڵکی جرێباتە، مەبەست لێرەدا نەبوونی زمانی لێکگەیشتنە لە نێوان دوو لایەندا، نموونەی دیکەش زۆرن کە هەمان ناوەڕۆکیان هەیە، وا دیارە ئەوەی بەدواداچوون بۆ ڕەوتی کاری سیاسی لە عێراق بکات، دەزانێت کە حوکمڕانەکانیان بە تەواوی لەبیریان چووە کە گەلی عێراق چەند دووچاری کارەسات و مەینەتیی ترسناك بۆتەوە، کاتێ ڕژێمی دیکتاتۆری پێشوو وڵاتی دووچاری چەندین شەڕی خوێناویی ناوخۆیی و دەرەکی کرد کە چەندین ساڵیان خایاند، هەروەها

پێش ئەوە و دواتر دەستی دایە بەکارهێنانی تیرۆری دڕندانەو خوێناوی بەرامبەر هەموو هێزە فیکری و حزبە سیاسییەکان، تەنانەت تیرۆرکردن گەیشتە خودی حزبی بەعسی فەرمانڕەوا کاتێ سەدام حوسێنی دیکتاتۆر و تاوانبار ئەو کاتەی بە دیکتاتۆرێکی ڕەها و سادی و دڕندە و شێتیی گەورەیی دەسەڵات بەسەر عێراق و گەلەکەیدا هەڵبژێردرا، قەسابخانەیەکی ترسناکی دژ بە ژمارەیەکی زۆری سەرکردەکانی حزبەکەی و ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و کادیرە پێشکەوتووەکانی بەعس لە ساڵی ١٩٧٩ ئەنجامدا، هەروەها ئەو ڕژێمە هزرێکی توخمپەرستی و ڕەفتاری شۆڤێنیانەی ترسناکی بەسەر گەلی کورددا لە قەسابخانەکانی ئەنفال و هەڵەبجەدا سەپاند کە بەڕاستی بە تاوانی جینۆساید و دژ بە مرۆڤایەتی دادەنرێن، هەروەها تاوان دژی کوردانی فەیلی بە شێوەیەکی تایبەت و هەڵمەتەکانی عارەباندن و پاکتاوی ڕەگەزی و ڕاگواستنی زۆرەملێی عارەب لە ناوەڕاست و باشووری عێراق، ئەو ڕژێمە هەر بەوەوە نەوەستا، بەڵکو دوژمنایەتیی گەلانی دیکەشی کرد، هاوکات جیاکاریی ئایینی و تایفەگەری و پەراوێزخستنی لە سیاسەتی ڕۆژانە و لە ئابووری و ڕۆشنبیریشدا گرتەبەر، بە شێوەیەك وایکرد کە هەموو کۆمەڵگەی عێراقی بکەوێتە ژێر ڕەحمەتی حزبی بەعس و دامەزراوە ئەمنی و هەواڵگرییەکان و هێزی تایبەت و ئەوانەی کە تەنیا شەونخوونیان بۆ پاراستنی دیکتاتۆر و ڕژێمەکەی دەکرد، بۆیە دەبینین کە ئاکامەکان ترسناک بوون، کاتێ کە عێراق زیاتر لە ملیۆنێك مرۆڤی لە جەنگە خوێناوییەکانی ڕژێم لەگەڵ دەرەوەدا لەدەست دا، لەوانە (جەنگی عێراق- ئێران ١٩٨٠-١٩٨٨، جەنگی داگیرکردن و ڕزگارکردنی کوێت ١٩٩٠-١٩٩١، جەنگی ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت لە ساڵی ٢٠٠٣ دا) ئەمە وێڕای ٢٠٠ تا ٢١٠ هەزار شەهید و بێسەروشوێنی گەلی کورد لە سەردەمی خەباتی قارەمانانەی نەپساو لە وەتەی حزبی بەعس بۆ جاری دووەم دەسەڵاتی سیاسی لە تەمموزی ١٩٦٨ گرتەوە دەست، سەرەڕای ژمارەیەکی زۆری بریندار و کەمئەندامان، هەروەها ژمارەیەکی هێجگار زۆریش لە کچان و کوڕانی عێراق لە سەرجەم نەتەوە و ئایینزاکان زۆر لەوانەی سەر بە حزبە سیاسییەکانی عێراق بوون لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاردا گیانیان لەدەست دا، لەوانەش ئەو سەرکردە و ئەندامانە لە حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان کە لە ئێستادا سەرکردایەتیی حوکمڕانیی عێراق دەکەن کە ویست و بەرژەوەندییەکانی گەلیان لەبیرخۆیان بردۆتەوە.

بۆیە لەباتی قەرەبووکردنەوەی گەلی عێراق بە هەموو نەتەوە و شوێنکەوتووانی ئایین و ئایینزاکان لەو مەینەتییانەی بە درێژایی دەیەکانی پێشووی دوای ڕووخاندنی دیکتاتۆریەتی ستەمکار چەشتوویانە، ئەویش بە دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسیی مەدەنی و نیشتمانی و دیموکراسی و فیدراڵی لە وڵات، هەروەکو لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ چەسپێندراوە، دەبینین زۆرینەی هێزە سیاسییەکان کە پێشتر ململانێی ڕژێمی بەعسیان دەکردو ڕەخنەیان لە سیاسەت و هەڵوێست و ڕێوشوێنە ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنییەکان و تایفەگەری و سەرکوتکەرەکانی دەگرت، لە ساڵی ٢٠٠٣ وە تا بە ئەمڕۆ دەگات ڕژێمێکی سیاسیی تایفەگەرییان دامەزراندووە، واتا ڕژێمێك کە پشکایەتیی تایفەگەریی دەگرێتەبەر و پرەنسیپی هاووڵاتیبوونی ئازاد و یەکسانی هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوە شوێنکەوتووانی ئایین و ئایینزاو بۆچوونە فیکرییە دیموکراسییەکانی پشتگوێ خستووە، ئەوانەی دژ بە فیکر و سیاسەتە ڕەگەزپەرستییەکان و دەمارگیریی ئایینی و تایفین، کەواتە دەرئەنجامی ئەمە چی بوو؟

هەموو دەرهاویشتەکانی ژێردەستمان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو ماوەیەی کە دوای ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت هات، ماوەیەکی پڕ لە پاشاگەردانی و بێسەروبەری و ماڵوێرانی و ململانێی سەر دەسەڵات و سامان و هەژموون بوو لە بەغدا، نەك لەبەر داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییەکانی گەل و کێشە بنەڕەتییەکانی و پەرەپێدانی ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ژینگەیی، بەڵکو لە بەر بەرژەوەندیی حزبە سیاسییە فەرمانڕەواکان و تاقم و کۆمەڵەکانی دەورووپشتیان، وێڕای بەردەوام قسەکردنیان لەسەر بەرژەوەندییەکانی لایەنگر و شوێنکەوتووانی ئایینزاکان کە ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە چاودێریی و داکۆکییان لێ دەکەن، دیارە کە ئەوەی بە کردەنی زەرەرمەندە هەر ئەو جەماوەرەیە، چونکە ململانێی ئێستای نێوان حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان تەنیا بەپلەی یەکەم ململانێیەکی تایفەگەریی سیاسییە، ئەمەش دژی ئایینزاکانە و تەنیا بە وشە ئەنجام دەدرێت، بەڵام بە کردەنی سەری کێشا بۆ گوللەیەکی کوشندە دژ بە ژنان و پیاوانی لایەنگرانی ئایین و ئایینزاکان، بۆیە ئەگەر سەرژمێرییەکمان کرد

**ئەوەی بەدواداچوون بۆ ڕەوتی کاری سیاسیی لە عێراق بکات، دەزانێت کە حوکمڕانەکانیان بە تەواوی لەبیریان چووە کە عێراق چەند دووچاری کارەساتی ترسناك بۆتەوە کاتێ ڕژێمی پێشوو وڵاتی دووچاری چەندین شەڕی خوێناویی ناوخۆ و دەرەکی کرد**

**ئەوەی بەدواداچوون بۆ ڕەوتی کاری سیاسیی لە عێراق بکات، دەزانێت کە حوکمڕانەکانیان بە تەواوی لەبیریان چووە کە عێراق چەند دووچاری کارەساتی ترسناك بۆتەوە کاتێ ڕژێمی پێشوو وڵاتی دووچاری چەندین شەڕی خوێناویی ناوخۆ و دەرەکی کرد**

**عێراق زیاتر لە ملیۆنێک مرۆڤی لە جەنگە خوێناوییەکانی لەگەڵ دەرەوەدا لەدەست دا، لەوانەجەنگی عێراق- ئێران ١٩٨٠-١٩٨٨، جەنگی داگیرکردن و ڕزگارکردنی کوێت ١٩٩٠-١٩٩١، جەنگی ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت لە ساڵی ٢٠٠٣**

بە ژمارەی سیاسەتوانە تایفەگەرەکان ئەوانەی لە میانی ئەو ململانێیانەدا کوژراون ئەوا دەبینین لە کەمترین حاڵەتدا لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکەن، لە کاتێکدا کوشتنی بەکۆمەڵ لەم ململانێ و کێشانەدا دەگاتە دەیان هەزار کەسی بێ تاوان لە لایەنگرو شوێنکەوتووانی ئایین و ئایینزاکاندا، کوشتنەکانیش زیاتر لەسەر ناسنامە و تیرۆرکردنی تاکەکەسی و کردەوەی خۆکوژیی دۆزەخیانەی تۆقێنەرە دژ بە خەڵکی سڤیل و هەژار لە ناوچە میللییەکانی عێراق کە ڕێکخراوو میلیشیا تیرۆریستییە تایفەگەرە چەکدارەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە پیادەی دەکەن.

تا ئێستا چوار حکومەتی عێراقی پێکهاتوون، سێ لەوانە بە سەرۆکایەتی ئیسلامیی سیاسی بوون لە حزبی دەعوەی ئیسلامی لە عێراق، دوا حکومەتیشیان بەر لە چەند مانگێك بە سەرۆکایەتیی حەیدەر عەبادی پێکهات، بەڵام ململانێکان و کوشتنی بەکۆمەڵ و تاکەکەسی و پەرەسەندنی ڕۆڵی هێزەکانی تیرۆر و میلیشیای چەکداری بە شێوەیەکی فراوان هەر لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتەکەی عەللاوی دەستی پێکرد و لەسەردەمی حوکمڕانیی حکومەتەکەی جەعفەریش هەر بەردەوام بوو، بەڵام لەسەردەمی حوکمڕانیی مالیکی بە شێوەیەك پەرەی سەند کە بەخەیاڵدا نایەت، چونکە لە سەردەمی نێوان ساڵی ٢٠٠٦ تا ٢٠١٤ نوری مالیکی دوو حکومەتی عێراقی پێکهێنا لەسەر بنەمای پشکایەتیی تایفەگەری، هەروەها مالیکی سیاسەتێکی نامۆی پەیڕەو کرد کە بە تەواوی دوور بوو لە دابینکردنی لێکگەیشتن و سەقامگیری و بنیادنانی ئابووری، سیاسەتێك کە مەبەستی وەدیهێنانی کۆمەڵێك مەرام بوو دژ بە پرەنسیپەکانی دەستوور و دیموکراسییەت کە عێراق بە ئومێدی بوو:

١. چەسپاندنی ڕژێمێکی سیاسیی تایفەگەری و بەهێزکردنی پێگەکانی حزبی دەعوەی ئیسلامی و هاوپەیمانیی نیشتمانی شیعە لە دەسەڵات لەسەر حیسابی حزب و هێزە سیاسییەکان و لایەنگرو شوێنکەوتووانی ئایین و ئایینزاکانی دیکە.

٢. توندکردنی سەنتراڵییەت لە حوکمڕانیدا لە بەرامبەر ڕووبەڕووبوونەوەی فیدراڵییەتدا کە کە پێویستی بە ناسەنتراڵییەتە، هەروەها هەوڵدان بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێم بخاتە ژێر ڕکێفی سیاسەت و ڕێکار و هەڵوێستەکانییەوە، دوور لە دەستوور، ئەمەش ململانێ و پەرچەکردار و ئاڵۆزیی قووڵتر کردەوە.

**زۆرینەی هێزە سیاسییەکان کە پێشتر ململانێی ڕژێمی بەعسیان دەکرد، لە ساڵی ٢٠٠٣ وە تا بە ئەمڕۆ دەگات ڕژێمێکی سیاسیی تایفەگەرییان دامەزراندووە، واتا ڕژێمێك کە پشکایەتیی تایفەگەریی بگرێتەبەر**

**چوار حکومەت لە عێراق پێکهاتوون، سێیان بە سەرۆکایەتی ئیسلامیی سیاسی بوون لە حزبی دەعوەی ئیسلامی لە عێراق، دواحکومەتیش بە سەرۆکایەتیی حەیدەر عەبادی، بەڵام ململانێکان و کوشتنی بەکۆمەڵ و پەرەسەندنی ڕۆڵی هێزەکانی تیرۆر و میلیشیای چەکداری بە شێوەیەکی فراوان هەر بەردەوامە**

٣. کۆنترۆڵکردنی تەواوی هێزە چەکدارەکانی عێراق بە هەموو شێوەکانیانەوە و بەڕێوەبردنیان بە بەرنامەیەکی تایفەگەریی دژ بە پرەنسیپی هاووڵاتیبوون و بیروباوەڕی نیشتمانی عێراقی.

٤. کۆنترۆڵکردنی دەزگا مەدەنییەکانی دەوڵەت و دەستە سەربەخۆکان لەلایەن سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە و بە شێوەی سەرپێچی لە دەستووری عێراق کە مافی جیابوونەوە لە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن دەداتە ئەو دەزگایانەو بە پەرلەمانی عێراقییەوە دەبەستێتەوە، لەوانەش بانکی ناوەندی و کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و دەستەی ڕاگەیاندنی عێراقی....تاد.

٥. بەتەواوی دوورکەوتنەوە لە گەڕان بەدوای بنەماو ئامرازو شێوازەکانی لێکگەیشتن و ئاشتبوونەوە لە کۆمەڵگادا،هەروەها هەنگاونان بە ئاراستەی توندکردنی ململانێ و کێشەکان لەسەر هەمو ئاست و بوارەکان لەسەر بنەمای (پەرتکە و زاڵبە)! و ڕەتکردنەوەی بەدەنگەوە هاتنی داواکارییە واقیعی و بابەتییەکانی گەل، بەتایبەتیش لە پارێزگاکانی ڕۆژئاواو نەینەوا.

٦. ئەنجامدانی سیاسەتی سەرکوتکردنی ستەمکارانەی ناڕەوا لەهەمبەر ڕای دیکە و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و کردەوەی ڕەشبگیری و ئەشکەنجەدان و زیندانیکردن بەبێ پاساوی یاسایی، بەپێی ماددەی ٤ی تیرۆر کە هەزاران هاووڵاتی سڤیلی گرتەوە.

٧. بەکارهێنانی شێوازی سزادانی ئابووری لە هەوڵدانێکدا بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکییەکان بە هێزی ئابووری کە ئەمە بووە هۆی زیاتری ناکۆکی و ململانێ لەگەڵ سەرۆکایەتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان لە عێراقدا.

٨. نوری مالیکی بە هۆی سیاسەتە تایفەگەری و قەومچییە پەڕگیریەکەیەوە بواری بەوە دا کە دەستێوەردانێکی چڕ و ئاشکرا لەلایەن دەوڵەت و دەزگا ئەمنییەکانی ئێران و سعودیەو تورکیاو کەنداو لە کاروباری عێراق بێتە ئاراوە، هەروەها لەئامێزگرتنی هێزەکانی نەیار بە عێراق و گەلەکەی کە خوازیارن هەژموون و سیاسەت و بەرژەوەندەکانیان بەسەر وڵاتدا بسەپێنن.

٩. لە سایەی ئەو بارودۆخەی دژ بە دیموکراسییەت و دەستووری عێراقدا، هێزەکانی تیرۆری نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و ناوخۆیی لەلایەك و هێزەکانی گەندەڵی لەلایەکی دیکەوە، توانیان پێگەکانی خۆیان قایم

بکەن و سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بێنن لە لاوازکردنی دەوڵەت کە لە بنەڕەتدا شلۆق بوو و لەسەر حیسابی ژیان و بەرژەوەندییەکان و یەکێتی و ویست و ئابووری و داهاتە داراییەکەی نەوتی گەل.

هەموو ئەو فاکتەرانە ناکۆکیی نێوان حزبە کوردستانییەکانی لەلایەك و حکومەتی عێراقی لەلایەکی دیکەوە قوڵترکردەوە، هەروەها لەنێوان حزبە ئیسلامیە سوننیەکان لەلایەك و حکومەتی عێراق لەلایەکی دیکەوە، دواتر گواستنەوەی ئەم ململانێیە بۆ کۆمەڵگەی عێراقی، دیسان پێداویستییەکانی دەستەبەرکردو ڕێگاشی خۆشکرد لەبەردەم داگیرکردنی عێراق لە دەروازەی موسڵەوە لەلایەن ئەو دڕندانەی کە تینووی خوێن و کەنیزە و پارەن، دواتریش لەسەرجەم ناوچەکانی پارێزگای نەینەواو پارێزگاکانی دیکەش پێش ئەو پارێزگایە. بۆیە لەسایەی حکومەتی ستەمکار نوری مالیکی ئەوانە توانیان دەستبگرن بەسەر ڕووبەرێکی فراوان لە باکوورو ڕۆژئاوای عێراق کە ناوچەیەکی چڕی دانیشتوانە و نەتەوەگەل و ئایین و ئاینزایەکی زۆر لەخۆدەگرێت.

ئەمە تەنیا داگیرکردنی خاکی عێراق نەبوو، بەڵکو داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتن و بەکەنیزەکردن و دەستدرێژیکردنە سەری گەل بوو، هەروەها بەتاڵانبردن و زەوتکردنی سامانەکەی و پاکتاوکردنی ئیتنی دژی کریستیان و ئێزیدییەکان و شەبەك و تورکمان و پاکتاوکردنی ڕۆشنبیری و وێرانکردنی شارستانیی گەل و کەلەپووریی مێژوویی و تێکدانی هزریی ڕۆشنبیری و مرۆیی بوو. بۆیە دەبینین کە مردن و بەسەبیکردن و دەستدرێژیکردن ڕووبەڕووی هاووڵاتیانی ئێزیدی بووەوە، کە داگیرکەران بە کافر لەقەڵەمیان دەدەن و پێیان وایە دەبێ خاکیان لێ پاکبکرێتەوە و کچەکانیان بە سەبی بەرن و دەستدرێژیش بکەنە سەر ژنەکانیان و لە بازاڕدا وەك کۆیلە کڕین و فرۆشتنیان پێ دەکەن، هەروەها بەزۆری داوایان لێدەکەن واز لە ئایینەکەیان بێنن.

ئەمە ئەو حاڵەتەیە کاتێ ستەمکار نوری مالیکی و بە نەشتەرگەرییەکی قەیسەری ناچارکرا سەرۆکایەتی حکومەت رادەستی هاوڕێیەکی خۆی لە سەرکردایەتیی حزبی دەعوەی ئیسلامی و هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعە کرد کە (دکتۆر حەیدەر عەبادی)یە، کە ئەنجومەنێکی نوێی کۆنی پێکهێنا لەسەر بنەمای پشکایەتیی تایفەگەریی نەفرەتلێکراو کە وڵاتی ڕاکێشایە ناو ئەو مەینەتییانەی کە لەئێستادا گەلی عێراق پێوەیان دەتلێتەوە، کەواتە دەبێ حەیدەر عەبادی لەم بارودۆخەدا چی بکات؟ ئەو بەراشکاوی دەتوانێ زۆر شت بکات ئەگەر بیەوێت! چونکە ئەو دوای لادانی مالیکی هات کە سیاسەتی تایفەگەریی کوشندە و توندی لەسەر ئاستی ناوخۆو ئیقلیمی و نێودەوڵەتی پەیڕەو دەکرد، دواتر لەلایەن جیهانەوە پشتگیریی لێکرا کە ئامادەبوون یارمەتی و پشتیوانیی پێشکەش بکەن، هەروەها لە ناوخۆشەوە پشتگیریی لێکرا بە هیوای ئەوەی سیاسەتی تازە بگرێتەبەر، بەڵام ئایا عەبادی دەیەوێت گۆڕانکاریی بکات، یان هەوڵدەدات تەنیا هێورکەرەوە بەکاربێنێت کە نەخۆشییەکە لا نابات و چارەسەری نەخۆش ناکات؟ تائێستا ئەوەمان بەدی نەکردووە کە بەڵگە بێت لەسەر ئارەزووی بنبڕکردنی نەخۆشییەکە بە نەشتەرگەرییەکی زیرەکانە و بە بەرنامە، بەڵکو تەنیا بە بەکارهێنانی هەندێ هێورکەرەوە کە دوور نییە لە بەردەوامبوونی کرداری ڕژێم و سیاسەتە پشکایەتییە تایفەگەرییەکانی، کە هۆی بنەڕەتییە لە کۆی ئەو هەموو کێشەیەی کە لەئێستادا عێراق پێوەی دەناڵێت، بێگومان گروپی مالیکی و کەسانی دیکە هەوڵدەدەن لەمپەر بخەنە بەردەم ئەو گۆڕانکارییەی کە پێویستە، گومانی تێدا نییە کە ئەو گروپانە توانیان لە دانانی ئەو لەمپەرانە سەرکەوتن بەدەست بێنن تاکو نەهێڵن عەبادی بەرەو پێشەوە هەنگاوبنێت، چونکە تا ئێستا ڕێکاری پێویستی دژی سەرچاوەکانی ئەو لەمپەرانە و دژی نوری مالیکی و لایەنگرانی نەگرتۆتەبەر.


پێویستە دڵنیابین لەوەی کە ئەستەمە سەرکەوتن بەسەر مێگەلەکانی داعش بەدەست بێت ئەگەر حکومەتی بەغدا سیاسەت و ڕێوشوێنگەلێکی هاوتەریب بە کردەوەی سەربازی نەگرێتەبەر و هەنگاونەنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هێزو لایەنە سیاسییەکانی پرۆسەی سیاسی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی ڕۆژئاوا و سەرجەم پارێزگاکان و لەبوارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا.

ئەوەی دەیەوێت لە هێزی تیرۆریستی داعش ڕزگاری بێت پێویستە کۆمەڵێ ئەرك دابنێ و بەیەکەوەو بە گیانی دیموکراسییانە چارەسەریان بکات لەسەر بنەمای نیشتمانی، دوور لە تایفەگەریی سیاسی کە نیشتمان و گەل لەدەست دەدات. چونکە بەبێ ئەمە، شتەکان هەر وەك خۆیان دەمێننەوە و پرۆسەی ئازادکردن تەگەرەی تێدەکەوێت و تایفەگەرە سیاسەتوانەکان و میلیشیا چەکدارەکانیانیش بەردەوام ڕۆڵی شەرمەزاریی خۆیان لە ژیانی وڵات و گەلی عێراق بە هەموو پێکهاتەکانییەوە دەگێڕن.

**حەیدەر عەبادی ئەنجومەنێکی نوێی کۆنی لەسەر بنەمای پشکایەتیی تایفەگەریی نەفرەتلێکراو پێکهێنا کە وڵاتی ڕاکێشایە ناو ئەو مەینەتییانەی کە لەئێستادا گەلی عێراق پێوەیان دەتلێتەوە**

**گرووپی مالیکی و کەسانی دیکە هەوڵدەدەن لەمپەڕ بخەنە بەردەم ئەو گۆڕانکارییەی کە پێویستە، ئەو گرووپانە توانیان لە دانانی ئەو لەمپەڕانە سەرکەوتن بەدەست بێنن تاکو نەهێڵن عەبادی بەرەو پێشەوە هەنگاوبنێت**





## پرۆفیسۆر دێتریش ئۆس

### بیرمەندی فرانکۆفۆنی بە رەگەز ئەڵمانی بۆ گوڵان:

# داعشییەکان ئیسلام وەک سەرچاوەی شەرعیەتبەخشین بە کارەکانیان بەکاردەهێنن

## زەبر و زەنگی داعش لە قووڵایی (مۆدێرنیتێ)وە دێتە دەرەوە، نەک لە چاخەکانی سەدەی بەرد

**دیمانە: د. عادل باخەوان ـ پاریس**

**گوڵان:** ئەمـــڕۆ لە هـــەردوو رووبـــەری رۆژئاوا و رۆژهەڵاتـــدا، دەیبەیتێکـــی گرنـــگ لە کێڵگە رۆشـــنبیرییە جیاوازەکاندا لەســـەر پەیوەندیی نێوان زەبروزەنـــگ بەگشـــتی و زەبروزەنگـــی ئایینـــی بەتایبەتی و زەبروزەنگی داعش بەتایبەتیتر دروست بووە. وەك ئێوە ئاگاتـــان لێیە، رۆژنامەی لۆمۆند، دوو لاپەڕەی تایبەتی تەرخانکردووە بۆ ئەم بابەتە و رۆژانە چەندین فەیلەسوف و سۆسیۆلۆگ و سیاسی و تایبەتمەند قســـەی لەســـەر دەکەن. ئێوە یەکێکن لەو زانایانەی کە زیاتر لە ٣٠ ســـاڵە کار لەســـەر پەیوەندی نێوان مۆدێڕنیتـــێ و زەبروزەنگ دەکەن. هەروەها ئێوە کـــە بە رەگەز ئەڵمانین و لە کێڵگەی زانستی فەرەنسیدا کاردەکەن، بەشدارییەکی گەورەتان کردووە لە گواستنەوەی قوتابخانەی فرانکفۆرت بۆ فەرەنسا. بە دیوێکی دیکەدا، ئێوە خۆتان لە نێو دۆزەخی نازییەکاندا هاتوونەتە دەرەوە و ســـەرلەنوێ کۆمەڵگەی ئەڵمانیتان دوور لە زەبروزەنگی هیتلەر دروســـتکردەوە. پێمخۆشە بزانم چۆن لەم ئیشکالیەتە دەڕوانن و ئێوە چۆن کاری لەسەر دەکەن و دەیخوێننەوە؟

**دیتریش ئـــۆس:** حیکایەتی پەیوەندی نێوان مۆدێڕنیتێ و زەبروزەنـــگ لکاوە بە مێژووی ئەو شـــتەی کە ئێمە لە رۆژئاوادا ناومان نـــا «دەوڵەتی مۆدێڕن»، کە وەك ماکـــس ڤێبەر وتی: «مۆنۆپۆلـــی هەموو فۆرمەکانی زەبروزەنگی شەرعی دەکات». پێش سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێڕن، زەبروزەنگ بەسەر جەستەی کۆمەڵگەدا دابەش ببوو، واتە تەنها ناوەندێـــك نەبوو کە کۆنتڕۆڵی دەکرد، بەڵکو لەدەستی چەندین ناوەندا بوو. هەر لە ئەمیرەکانی جەنگەوە تا دەگاتە ســـەرۆك خێڵێکیش زبروزەنگیان وەك

پاش زنجیرەیەکی درێژی دیالۆگ لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە فیکری فەرەنسی بەرهەمدەهێنن، هەر لە (ڕێجیس دوبرێ) تـــا دەگاتە (ئالان تورێن)، پاش وردکردنەوەی چەندیـــن تەوەرەی گرنگ و بایەخدار لەگەڵ هەر یەکێك لەم زانایانەدا کە هەر یەکێکیان زیاتر لە پەنجا ساڵی تەمەنیان بۆ دروستکردنی زانست تەرخانکردووە، بە پێویستم زانی کە رووبەری دیالۆگەکان فراوانتر بکەم تا ئەڵمانیا و بەریتانیاش بگرێتەوە، هەر وەك چۆن زانا گەورەکانی فەرەنسا ناچار بە گفتوگۆ دەکەین، ئاواش ئەڵمانییەکان و بەریتانیەکانیش رابکێشینە نێو هەمان پرۆسێسەوە.
ئەم پرۆژەیەی من، کە هەر لەسەرەتاوە گۆڤاری گوڵان بە سوپاسەوە تەبەنی کرد، بریتییە لە دیالۆگی من، منێك بە شوناســـی کوردییەوە، لەگەڵ رۆژئاوادا. هەوڵدانە بۆ تێگەیشتنێکی راستەوخۆ لە خەیاڵدانی زانستییان، لە خەیاڵدانی سیاســـییان، لە خەیاڵدانی ئایینییان، وەك ئەوەی کە خۆیان خودی خۆیانی پێ پێناســـە دەکەن. هەروەها هەوڵدانە بۆ لۆکالیزەکردنی وێنەی ئێمەی رۆژهەڵاتی بەگشـــتی و ئێمەی کورد بەتایبەتی، لە یادەوەری زانســـتی و سیاســـی و ئایینیی ئەواندا.
هەر لەم چوارچێوەیەدا، دیالۆگی ئەمجارەم لەگەڵ پرۆفیســـۆر «دێتریش ئۆس»دا دەبێت. پرۆفیســـۆر ئۆس یەکێکە لەو زانا ئەڵمانییانەی کە فرانکۆفۆنە و تەواوی ژیانی ئەکادیمی خۆی لە فەرەنســـادا بەســـەر بردووە و بە فەرەنسیش بەرهەمەکانی بڵاودەکاتەوە.
پرۆفیســـۆر ئۆس یەکێکە لەو کەسانەی کە لە نزیکەوە سەرپەرشـــتیاری گواستنەوەی فیکرە گەورەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرتی ئەڵمانیایە بۆ فەرەنسا. بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە فەرەنسادا بە فیلتەرەکانی (دێتریش ئۆس)دا تێدەپەڕن، ئەمەش وایلێکردووە کە بە جۆرێك لە جۆرەکان وەك سەرچاوەیەکی گەورەی فیکر تەماشا

بەشێکی زۆر لەو رۆشنبیرانەی کە ئەم واقیعە کۆنکرێتییە نابینن، ئەو کەسانەن کە لەنێو ئیسلامۆفۆبیادا دەژین و ناتوانن مەودایەکی ئیپیستیمۆلۆژی لەنێوان خۆیان و دیاردەی توێژینەوە لەسەرکراودا دروستبکەن، بۆئەوەی بتوانن لە شتەکان تێبگەن، نەک هەڵوێستیان لەسەر وەربگرن

ئەوەی داعش دروستدەکات، هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییە کە مۆدێرنیتێ دروستکاری یەکەمیەتی

میکانیزمـــی ماڵیکردن و دەســـتەمۆکردنی ئەوانیدیکە بەکاردەهێنـــا. لەگەڵ دەوڵەتی مۆدێرنـــدا زەبروزەنگ دەبێـــت بە «تۆتاڵ»، واتە خۆی بـــە ناوەندی دەکات، دەبێت بە دەزگایی و پاشـــان لەیەك ســـەرچاوەوە بەسەر تەواوی جەستەی کۆمەڵگەدا دەکشێت.
بێگومان ئەم دەوڵەتە مۆدێرنە نایەوێت خۆی وەك تونێلی زەبروزەنگ پێناسە بکات و بە دەرەوە بناسێنێت، لەکاتێکدا تەنها چرکەیەکیـــش لە مومارەســـەکردنی زەبروزەنگ راناوەســـتێت. پانتاییـــەك نییە لە ژیانـــدا کە دەوڵەتی مۆدێرن نەیکات بە مەیدانی مومارەســـەکردنی یەکێك لە فۆرمەکانـــی زەبروزەنگ. لەوەش زیاتر، مۆدێرنیتێ دەوڵەتێـــك دروســـتدەکات کە خۆی لەخۆیـــدا دەبێت بە بونیەیەکی بیناکاری زەبروزەنگی بونیەوی. واتە بەتەنها زەبروزەنـــگ بەکارناهێنێت، بەڵکـــو وەك بونیەش بینای دەکات.
دەکرێت لێرەدا تەنها نموونەیەك بخەینەڕوو. توێژینەوەیەکی خێرا لەســـەر ئەو بـــازارە نوێیەی کە کەپیتالیســـم وەك یەکێـــك لە بەرهەمە گەورەکانی مۆدێرنیتێ دروســـتی کردووە، دەریدەخات کە لە چ دۆزەخێکی ترسناك دەچێت بۆ ملیۆنەها بەشـــەر. لەم بـــازارەدا، چرکە نییە کە بە ملیۆن مرۆڤ، لە ژێر کارایی زەبروزەنگە ســـەختەکانی لۆژیکی بەرهەمهێنانی کەپیتالیســـمدا، ژیانیان نەبێت بە پارچەیـــەك لە دۆزەخ. تۆ دەزانیت ســـاڵی رابردوو، لە وڵاتێکی وەك فەرەنســـادا، چەندیـــن کەس تەنها لە شەریکەی فرانستێلێکۆم خۆیان کوشت و لە سەر ئاستی جیهـــان دەنگیدایەوە. زەبروزەنگی بازاڕ، بەبێ دەنگی و رۆژانە، هەزاران کەس فڕێدەداتە ســـەر جادەکان و رووت وقووتیان دەکاتەوە.
خۆ ئەگەر بگەڕێمەوە سەر ئەو زەبروزەنگە کەلتوورییەی کە دەوڵەتی مۆدێرن مومارەســـەی دەکات، بەدڵنیاییەوە تابلۆکە هێندەی دیکە رەشـــتر دەبێت. تۆ لۆڤەرت هەیە، بـــەڵام تەنها چینێکـــی کۆمەڵایەتی تایبـــەت دەتوانن تابلۆکانی ببینن و کـــۆی چینەکانی دیکە مەحروومن لـــە بینینیان، لە کاتێکدا هەموویـــان لە کۆمەڵگەیەکدا دەژیـــن کە پێی دەگوترێت کۆمەڵگەی فەرەنســـی. تۆ کتێبخانەت هەیە، بەڵام چەندین گرووپی کۆمەڵایەتیت هەیە مەحروومن لەوەی کە ناوی کتێبێك بزانن. بێگومان بەرپرســـیاری یەکەم لـــەم تراژیدیایە ئـــەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەیە کە لەســـەر زەبروزەنگی ســـەری سەرەوە بەرامبەر خواری خوارەوە بیناکراوە.
**گوڵان:** هەست بەوە دەکەم کە بەڕێزتان هەوڵدەدەن تەواوی کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان، تەواوی دەوڵەتە رۆژئاواییەکان بخەنە نێو یەك پرۆسێســـەوە و بە یەك تێز دەیانخوێننەوە، وەك ئەوەی کە کۆمەڵگەی بەریتانی هەمان کۆمەڵگەی فەرەنســـی بێت، یـــان کۆمەڵگەی نەرویجـــی هەمان کۆمەڵگەی بەلجیکی بێت. لـــە کاتێکدا ئێمە دەبینین، تۆتالیتاریزمـــی نازییـــەکان لە کۆمەڵگـــەی ئەڵمانیدا دروستدەبێت نەك لە فەرەنســـادا، ئەزموونی زەبروزەنگی رادیکاڵی هیتلـــەری لە ئەڵمانیادا دروســـتدەبێت، نەك لـــە دانیمارکدا. واتە گەر هاوڕابیـــن لەوەدا کە دەوڵەتی

**بكرێت. پەیوەندی گەرمی زانستییانەی نێوان (ئۆس و هابرماس)یش سەرمایەیەكی رەمزی دیكەیە كە ئەم بوون بە سەرچاوەیە بەهێزتر دەكات.**
**بەرهەمە زانستییەكانی پرۆفیسۆر دیتریش ئۆس و سیمینارە هەفتانەكەی بۆ خوێندكارانی دكتۆرا تەرخانكراون بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە لەسەر حیكایەتە گەورەكان، بەتایبەتی حیكایەتی مۆدێرنیتێ و رەگ و ریشە مۆدێرنەكانی دیاردەی زەبروزەنگێك كە لە قووڵایی خودی مۆدێرنیتێوە دێتەدەرەوە.**
**ئەو ساتانەی كە من خوێندكاری ساڵی یەكەمی ماستەر بووم لە زانكۆی لیۆن، بە دەگمەن كورسییەكی خاڵیت لەو هۆڵە گەورەیەدا دەبینی، كە پرۆفیسۆر دیتریش ئۆس تێزەكانی خۆی لەسەر مۆدێرنیتێ و زەبروزەنگ بەگشتی و تیرۆریزم بەتایبەتی دەخستەڕوو. من گەر زانكۆی لیۆنم بەجێ نەهێشتایە و رێگەی قوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستە كۆمەڵایەتییەكانی پاریسم نەگرتایەتە بەر بۆ ئەوەی نامەی دكتۆراكەم لە ژێر سەرپەرشتی پرۆفیسۆر (ئۆلیڤەر روا)دا تەواو بكەم، وا بڕیار بوو كە لە ژێر سەرپەرشتی پرۆفیسۆر (دێتریش ئۆس)دا و لەسەر زبروزەنگی مۆدێڕن و مۆدێرنیتێی زەبروزەنگ نامەی دكتۆراكەم ئامادە بكەم.**
**پاش دابڕانێكی ١٠ ساڵی، لە ٢٠٠٥ وە بۆ ٢٠١٥، جارێكی دیكە و لە شاری لیۆن و لە ئۆفیسەكەی خۆی، لە شەمەیەكی باراناویدا، یەكتریمان بینیوە و ئەم دیالۆگەمان لەسەر مۆدێرنیتێ وەك كارگەیەكی گەورەی بەرهەمهێنەری زەبروزەنگ، بە زەبروزەنگی سەلەفیزمی جیهادی و داعشیشەوە، ئەنجامدا. ئەوەی لەم دیالۆگەدا گرنگە، نمایشكردنی كۆمەڵێك تێزە لەسەر پەیوەندی نێوان مۆدێرنیتێ و زەبروزەنگ كە بەشێكی گرنگ لە رۆشنبیرانی كورد نایانەوێت ببیبیسن، لەكاتێكدا ئێمە هەڵەیەكی گەورە دەكەین گەر دیاردەكان تەنها و تەنها لە پشت «یەك» عەینەكەوە ببینین.**

مۆدێڕن مۆنۆپۆلی زەبروزەنگ دەكات، وەك ماكس ڤێبەر گوتی، بەڵام ئاشكرایە كە هەموو دەوڵەتە مۆدێرنەكانی ئەوروپا خاوەنی هیتلەر نین! ئێوە وەك سۆسیۆلۆگێكی بە رەگەز ئەڵمانی و تایبەتمەند لە مۆدێرنیتێ و زەبروزەنگدا ئەم پارادۆكسە چۆن دەخوێننەوە؟

**دیتریش ئۆس:** سەرهەڵدانی ئەزموونی هیتلەری لە سی و چلەكانی سەدەی رابردوودا، وەك بەرزبوونەوەی زەبروزەنگ بۆ لوتكە، وەك زەبروزەنگی رادیكاڵ، پەیوەندیەكی راستەوخۆی بە سروشتی دەسەڵات و دەوڵەت و پاشان كەسایەتی مرۆڤی ئەڵمانی و دواتر كەلتووری ئەڵمانییەوە هەیە. سەرەتا لەبیرت نەچێت، كە ئەڵمانیا تەنها لە پاش جەنگی جیهانی یەكەمەوە دەبێت بە جمهوورییەت و پێشتر لە نێو سیستمێكی ئیمپراتۆریدا بووە. واتە كۆمەڵگەی ئەڵمانیی پێش هیتلەر، بە جۆرێك لە جۆرەكان، خۆی لەگەڵ رژێمە ئۆتۆریتێرەكاندا راهێنابوو، بە زمانێكی دیكە، لەنێو مێژووی كۆمەڵگەی ئەڵمانیدا، تا ساتەوەختی هیتلەر، ئەم تایپە لە دەسەڵات «ئیستیسنایەك» نەبووە، بەڵكو بنەمایەكی ئاسایی رێكخەری كەسایەتی مرۆڤی ئەڵمانی بووە. لێرەوە من دەڵێم: پێش ئەوەی كە دەوڵەتی مۆدێڕن، هەلومەرجی سەرهەڵدانی زەبروزەنگی سەنتراڵیزەكراو، بە دەزگاییكراوی هیتلەری بگەیەنێتە لامان، لە نێو مێژووی كۆمەڵگەی ئەڵمانیدا، سیستمێكی ئامادەباشی بیناكراوە كە قابیلیەتی ئەوەی تیا بێت لەگەڵ ئەزموونی هیتلەریدا سەما بكات. كاتێك هیتلەر دەگات، ئەم سیستمی ئامادەباشییە ئەڵمانییەی ئێمە تەواو لەسەر پێیە بۆ ئەوەی نەك هەر بەخێرهاتنی بكات، بەڵكو تا دواهەناسەش هاوڕێیەتی بكات و وەك كەسایەتییەكی كاریزماتیكی بێ شەریك وێنای بكات. هیتلەر لە زەمەنێكدا دەگات كە ئێمەی ئەڵمانی خاوەنی چەند دەزگایەكی دیموكراتیكی دامەزراو و بەهێزی وا نەبووین كە بتوانن رێگەی لێبگرن و فڕێی بدەنە پەراوێزەكانەوە. ئەو لە زەمەنێكدا دەگات كە ئێمە ئابوورییەكی بەهێزمان هەبوو، بەڵام بەڕەڵای نێو كۆڵانەكانی كەپیتالیزم كرابوو، ئەم ئابوورییە بەدوای دەسەڵاتێكی ناوەندیدا دەگەڕا كە چوارچێوەی توندی بۆ دابنێت و هیتلەریش ئامادەبوو ئەم وەڵامە بداتەوە.

**گوڵان:** واتە دەتەوێت بڵێیت: مەرج نییە بەرزبوونەوەی مۆدێرنیتێ لە كۆمەڵگەیەكدا بۆ چڵەپۆپە، بۆ دوائاستەكانی، یەكسان بێت بە ئاساییكردنەوەی بە مانای دووركەوتنەوەی لە زەبروزەنگ، وەك بەشێكی زۆر لە بیریارە ئەوروپییەكان باسیدەكەن. مۆدێرنیتێ یەكسان نییە بە هێوركردنەوەی مرۆڤ، دوورخستنەوەی لە زەبروزەنگ؟

**دیتریش ئۆس:** نەخێر، بێگومان نەخێر. ئەو تێزە هەڵەیە كە مۆدێرنیتێ یەكسان دەكات بە دروستكردنی مرۆڤێكی هێوری دابڕاو لە زەبروزەنگ. ئەوە یەكێكە لە وەهمەكانی ئەو رۆشنبیرانەی كە مۆدێرنیتێ وەردەگێڕنە سەر ئایدۆلۆژیایەكی پەرستراو. لە دوێنێیەكیی نزیكدا، مۆدێرنیتێی ئێمە تۆتالیتاریزمی لە یەكێتی سۆڤێتدا دروستكرد، پێنج ملیۆن جوولەكەی لە ئەڵمانیادا سووتاند،

**ئەو تێزە هەڵەیە كە مۆدێرنیتێ یەكسان دەكات بە دروستكردنی مرۆڤێكی هێوری دابڕاو لە زەبروزەنگ. ئەوە یەكێكە لە وەهمەكانی ئەو رۆشنبیرانەی كە مۆدێرنیتێ وەردەگێڕنە سەر ئایدۆلۆژیایەكی پەرستراو**

**زەبروزەنگی بازاڕ، بەبێ دەنگی و رۆژانە، هەزاران كەس فڕێدەداتە سەر جادەكان و رووت وقووتیان دەكاتەوە**

جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی دروستکرد. بێگومان ئێمە هەڵەین گەر مۆدێرنیتیێ بەتەنها لەم رووبەرەدا کورت بکەینەوە، بەڵام هەڵەشین گەر ئەو پەیوەندییە ئەستورەی کە هەموو ئەم کارەساتانە بە مۆدێرنیتێوە دەبەستێتەوە نەبینین.

**گوڵان:** کەواتە کەمێك کاتم بەرێ بۆ ئەوەی رووبەرەکەت بۆ فراوانتر بکەم. بەشێکی گرنگ لە رۆشنبیرانی فەرەنسا و بەشێکی هەرە زۆری رۆشنبیرانی رۆژهەڵات، بۆ خوێندنەوەی زەبروزەنگی مندالەکانی کواشی و ئەحمەدی کولیبالی کە لە مانگی جەنیوەری ئەمساڵدا قەسابخانەکەی پاریسیان دروستکرد، یاخود بۆ خوێندنەوەی زەبروزەنگی رادیکاڵی داعش، ئەلقاعیدە و هاوشێوەکانیان، دەگەڕێنەوە بۆ هەزار و پێنجسەد ساڵ لەمەوپێش و لەنێو ئەو مێژووەدا بەدوای رەگ و ریشەکانی ئەم تایپە لە زەبروزەنگدا دەگەڕێن. بۆ خوێندنەوەی ئەم زەبروزەنگە، ئەوان دێن و لاپەڕەکانی قورئان هەڵدەدەنەوە. دەمەوێت بزانم لەکوێی ئەم جەنگە میتۆتۆلۆژیەدایت. رەگوڕیشەی زەبروزەنگی داعش لەنێو قورئاندایە، یان لەنێو مۆدێرنیتێدا؟ مندالەکانی کواشی و ئەحمەدی کولیبالی، مندالانی سەردەمی بەردن، یان نەوە بەڕەڵاکراوەکانی نێو کۆڵانەکانی مۆدێرنیتیێ؟

**دیتریش ئۆس:** بێگومان بێ هیچ دوودڵییەك پێت دەڵێت: ئەوان منداڵە بەڕەڵاکراوەکانی نێو مۆدێرنیتێن نەك زەمەنی بەرد. زەبروزەنگی داعش و هاوشێوەکانیان لە نێو قووڵایی مۆدێرنیتێوە سەرچاوە دەگرێت، نەك لە شوێنێکی دیکەوە. ئەوەی داعش دروستدەکات، هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییە کە مۆدێرنیتیێ دروستکاری یەکەمیەتی. راستە تیرۆریستەکان بەردەوام دەگەڕێنەوە بۆ قورئانێك کە زیاتر لە هەزار ساڵە لێرەیە، بەڵام ئەم گەڕانەوەیە تەنها فەرمانێکی هەیە کە بریتییە لە بەکارهێنانی وەك سەرچاوەی شەرعییەتبەخشین بە کۆی ئەو پراکتیکانەی کە لە ژێر کارایییەکانی ئێستا و ئێرەی مۆدێرندا بەرهەمی دەهێنن، دروست وەك گەڕانەوەی نازییەکان بۆ ئەفسانەی رەگەزی ئاری و بەکارهێنانی بۆ شەرعیەتدان بە جینۆسایدی جوولەکەکان لە ئەڵمانیادا. واتە ئەوەی بەرپرسە لە جینۆسایدی پێنج ملیۆن جوولەکە لە ئەڵمانیادا رەگەزی ئاری نییە، بەڵکو نازییەکانن کە لە قووڵایی مۆدێرنیتێی ئەڵمانییەوە دێنە دەرەوە و رەگەزی ئاری وەك سەرچاوەی شەرعییەتبەخشین بە جینۆسایدەکەیان بەکاردەهێنن. ئەمە هەمان هاوکێشەی داعشییەکانیشە. ئەوە ئیسلام نییە کە بەرپرسیارە لەو قەسابخانانەی کە ئەوان دروستیدەکەن، بەڵکو خودی داعشییەکانن کە لە نێو قەیرانە گەورەکانی ئێستا و ئێرەی رۆژهەڵاتدا دێنە دەرەوە و ئیسلام وەك سەرچاوەی شەرعیەتبەخشین سازدەدەن. بەشێکی زۆر لەو رۆشنبیرانەی کە ئەم واقیعە کۆنکرێتییە نابینن، ئەو کەسانەن کە لەنێو ئیسلامۆفۆبیادا دەژین و ناتوانن مەودایەکی ئیپیستیمۆلۆژی لەنێوان خۆیان و دیاردەی توێژینەوە لەسەرکراودا دروستبکەن، بۆئەوەی بتوانن لە شتەکان تێبگەن، نەك هەڵوێستیان لەسەر وەربگرن. ئیسلامۆفۆبیا مەعریفە نییە، بەڵکو هەڵوێستە لە بەرامبەر ئاییندا. تۆ هەر کاتێك لەسەر هەڵوێست وەرگرتن کارتکرد، ئیدی ناتوانی مەعریفە بەرهەم بێنیت. بەشێوەیەکی گشتی، من پێموایە شکستی مۆدێرنیتیێ لە وڵاتانی خاکی ئیسلامدا، شکستی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروستە لەسەر ئاستی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و مناڵدانی ئەو زەبروزەنگە رادیکاڵەیە کە ئێستا لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامە جیهانییەکانی داپۆشیوە. لە نێو سیستمی کەپیتالیزمی ئێستادا، کۆمەڵگەکانی خاکی ئیسلام هەست بە حیرمانێکی سەخت دەکەن، حیرمانێك تا رادەی خۆ وێناکردن وەك کۆمەڵە کائینێك لە دەرەوەی مێژوو، کۆمەڵە کائینێکی ژیاو لەنێو پەراوێزەکاندا. بە بەرچاوی ئەم کائینانەوە، چەندین کۆمەڵگەی دیکە دەستیان لە هەموو شتێك گیردەبێت، بەڵام ئەوان تەنها ئەو کۆمەڵە تەماشاکارەن کە لە دووری دوورەوە شتەکان دەبینن.

به دیوێکی دیکەدا، لە وڵاتانی خاکی ئیسلامدا، پێش ئەوەی دەوڵەتی مۆدێرن بگات، دیاردەی زەبروزەنگ بەسەر چەندین ستراکتۆری سەرەتاییدا، وەك خێڵەکان و خێزانەکان، دابەش ببوو. هەر یەکێك لەم ستراکتۆرانە، لە چەندین ئاستی جیاوازدا، ئیدارەی زەبروزەنگی دەکرد، بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی ئۆرگانیك بەسرابێتەوە بە ناوەندێکی گەورەی دەسەڵاتەوە. کاتێك مۆدێرنیتیێ دەگاتە ئەم ناوچانە، لە رێگەی هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەوڵەتی مۆدێرنەوە، هەر یەکێك لە ستراکتۆرە سەرەتاییانە دەدڕێنێت و مۆنۆپۆلی زەبروزەنگیان لەدەست دەردەهێنێت. تراژیدیاکە لەوەدایە کە هەمان ئەم دەوڵەتەش، لەبەر چەندین هۆکاری جیاواز، شکست دەهێنێت و مۆنۆپۆلی زەبروزەنگی لەدەست دەردەچێت. لە هەلومەرجێکی ئاوادا، زەبروزەنگ وەك حەیوانێکی کێوی بەرەڵای نێو کۆمەڵگەکانی خاکی ئیسلام دەکرێت و شار و شارۆچکە و لادێ و کۆڵانەکانی ئەم کۆمەڵگەیانە پڕ دە بن لە هەموو ئەو ئەکتەرانەی کە زەبروزەنگ دەبێت بە بەشێك لە ژیانی ئاسایی رۆژانەیان. لە دۆخێکی ئاوادا، لێدان، کوشتن، سەربڕین، خوێن، پەلاماردن، ئەشکەنجەدان، بریندارکردن و...، وەك خەوتن و ئاوخواردنەوە و سڵاوکردن ئاسایی دەبنەوە، بە رادەیەك گەر رۆژێکی بێ زەبروزەنگ بێت، ئەوە دەبێتە «ئیستیسنایەکی» چاوەڕواننەکراو.

**پانتاییەک نییە لە ژیاندا کە دەوڵەتی مۆدێرن نەیکات بە مەیدانی مومارەسەکردنی یەکێک لە فۆرمەکانی زەبروزەنگ. لەوەش زیاتر، مۆدێرنیتێ دەوڵەتێک دروستدەکات کە خۆی لەخۆیدا دەبێت بە بونیەیەکی بیناکاری زەبروزەنگی بونیەوی**

**لەگەڵ دەوڵەتی مۆدێرندا زەبروزەنگ دەبێت بە «تۆتال»، واتە خۆی بە ناوەندی دەکات، دەبێت بە دەزگایی و پاشان لەیەک سەرچاوەوە بەسەر تەواوی جەستەی کۆمەڵگەدا دەکشێت**

# ئەمریکا و ئێران

## دوو ستراتیژی جیاواز و یەک دوژمنی هاوبەش

هەرچەند بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا جۆن برینان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی فۆکس نیووز رایگەیاند کە ئەو «ئێران لە عێراق بە هاوپەیمان نازانێ»، بەڵام راستییەك هەیە کە هیچ کامێکیان ناتوانێ نکوڵی لێ بکا، ئەویش ئەوەیە کە هەردووکیان لە عێراق یەك دوژمنی هاوبەشیان هەیە کە داعشە و هەردووکیشیان هەوڵی لەناوبردنی دەدەن و هەرچەند هەماهەنگیی راستەوخۆیان لەم بارەیەوە نییە، بەڵام زۆربەی جار، لە کاتی پێویستدا، حکومەتی عێراق ئەرکی دروستکردنی هەماهەنگیی لەنێوانیاندا دەگرێتە ئەستۆ. ئەمە بەم مانایە دێ کە هەردووکیان - بیانەوێ و نەیانەوێ-، لە رووی بابەتییەوە و بەبێ ئەوەی مەبەستیان بێ، بوونەتە هاوپەیمانی یەکتری.

نە لە بەرژەوەندیی ئێراندایە و نە لە بەرژەوەندیی ئەمریکادایە عێراق بکەوێتە دەست داعش. ستراتیژی هەردولا لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە رێ لە هەرەسهێنانی عێراق بگیرێت. بۆیە، لە سەرەتای دەرکەوتنی داعشدا، لە کاتێکدا کە ئەمریکا بە قۆناغی دوودڵیدا تێدەپەڕی و هێشتا بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی سەبارەت بە دیاریکردنی رادەی دەستوەردان لە عێراق نەدابوو، دژی خوتێهەڵقورتاندنی ئێران نەوەستایەوە. تەنانەت دواتریش، پاش پەرەسەندنی رۆڵی ئێران لەناو عێراق، هیچ هەڵوێستێکی وای نەنواند نیشانەی بێزاری بێ لەپەرەسەندنی رۆڵی ئێران لە عێراق.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا چی لە مەسەلەکە گۆڕاوە تا واشنتۆن نیگەرانیی خۆی لە پەرەسەندنی رۆڵی ئێران لە عێراق دەربڕێ؟ دیارە مەسەلەکە زۆرتر پەیوەندی بە ئۆپەراسیۆنەکەی (تکریت)ـەوە هەیە کە عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ ئێراندا ئەنجامی داوە. ئەمریکییەکان پەی بەوە دەبەن کە ئەگەر ئۆپەراسیۆنی تکریت بەو سەرەنجامە بگات کە بۆی دانراوە، رەوشێکی سوپایی تەواو جیاواز لە شەڕی دژ بەداعش دێتە ئاراوە و ریتمی شەڕەکە پاش تکریت خێراتر دەبێ و دەرفەتێکی لەبارتر بۆ گرتنەوەی هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش پێکدێ.

ئەمریکییەکان هەر لەسەرەتاوە ستراتیژی گورزە ئاسمانییەکانیان پیادە کرد و ئارەزوویەکی زۆریان بۆ ناردنی هێزی زەمینی نیشان نەدا. سەرەڕای گرنگیی گورزە ئاسمانییەکان، بەڵام هەمووان دەیانزانی داعش بە گورزی ئاسمانی لەناو ناچێ و پرۆسەکە بەبێ بەگەڕخستنی هێزی زەمینی بە ئامانجی خوازراو ناگات. سەرکردایەتیی سوپایی ئەمریکا خۆیشی پەی بەم مەسەلەیە بردبوو. بەڵام سەرکردایەتیی سیاسی لە واشنتۆن لە گۆشە نیگایەکی ترەوە سەیری مەسەلەکەی دەکرد و زۆرتر لە گۆشە نیگایەکی پەیوەست بە تەنگژەی سووریاوە بۆ مەسەلەکەی دەچوو. نەیدەویست لەناوبردنی داعش لە عێراق بە قازانج بۆ رژێمی سووریا بشکێتەوە. هەر بەهۆی ئەمەشەوە واشنتۆن زۆرتر جەختی کردە سەر بەردەوامیی گورزە ئاسمانییەکان. لێدوانە بەراییەکانی سەرکردەکانی ئەمریکا زۆر بە روونی گوزارشت لەم تێڕوانینەی ئەمریکا دەکەن. ئەمریکییەکان لەو لێدوانانەدا ماوەیەکیان بۆ لەناوبردنی داعش دانابوو، کە بەهیچ شێوەیەك لە سێ ساڵ کەمتر نەبوو. ئومێدیشیان لەسەر ئەوە هەڵچنیبوو کە لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا بەرنامەیەکی تۆکمە و سەرتاپاگیر بۆ قۆناغی پاش داعش و یەکلاکردنەوەی فایلی سووریا دابنێن، بەجۆرێك کە زۆرتر لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا بگونجێ.

بەڵام ئەو ستراتیژەی کە ئێرانییەکان لە ئۆپەراسیونی تکریت پیادەیان کردووە، رێك بە پێچەوانەی ستراتیژیی ئەمریکایە، چونکە لەسەر بنەمای وەرگرتنەوەی زەوی دامەزراوە، ماوەی جێبەجێکردنیشی لە سێیەکی ئەو ماوەیە کەمترە کە ئەمریکییەکان بۆ وەبەرهێنانی ستراتیژەکەی خۆیان دایانناوە.

هیچ کام لە دوو ستراتیژەکە فایلی عێراق لە فایلی سووریا جیا ناکاتەوە. بەڵام درێژکردنەوەی ماوەکە لە ستراتیژیی ئەمریکا و کورتکردنەوەی ماوەکە لە ستراتیژیی ئێران، لە مەسەلەی سووریا دوو ئاکامی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە، چونکە چەند درەنگتر داعش لە عێراق لەناو بچێ، رژێمی سووریا زۆرتر زیانی بەردەکەوێ و چەند زووتر لەناو ببرێ، زۆرتر قازانج دەکا.

بۆیە، لەدۆخێکی وادا، لەبارترین رێگەچارە بۆ ئەمریکا ئەوەیە کە پێش تەواوبوونی شەڕی تکریت، بەشێوەیەکی کاراتر بۆ لەناوبردنی داعش بکەوێتە گەڕ بۆ ئەوەی هەموو کارتەکان لەدەست نەدا. ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی، زیانی بۆ ئێران نییە و دەرفەتێکیش بۆ هەماهەنگییەکی ئاشکراتر لەنێوانیاندا دێنێتەدی.



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان دەینووسێت

# کورد د ناڤبەرا کەوانا شەرێ تایفی و ئولی



سەردارشەریف سندی *

ب ل بەر چاڤ گرتنا وێنەیێ روژهەلاتا ناڤین و وێنە کرنا پەرەسەندنا ناکوکیێن دینی ل دەڤەرا ناڤبری، پەیدا بونا ئالوزییێن ل ئێراقێ نەك تەنێ وەکی بابەتەك گرێدایێ جیهانا ئەرەبی و ئیسلامی تێنە دیتن، بەلکوخاوەن رەهەندێن مێژویی و سیاسییێن بەرفرەهن. سروشتێ پێشڤەچونێن سیاسی ل دەڤەرێ و تێکەل بوون د گەل قەیرانێن جیاواز ل سەر ئاستێ نێڤدەوڵەتی، هوکارەك کاریگەرە ل سەر سروشتێ پەیوەندییێن هەرێم و کومەلگەها نێڤدەوڵەتی. گرینگە ئاماژە پێ بێتە کرن، کو ئەڤ ئالوزی تەنێ گرێداییێ کێشەیا رێکخراوەك یان رێکخراوێن تیروریستی نەدەتە ناسین. دەما وەکی شروڤەکار، یان ژی کەسایەتی یا سیاسی ل سروشت و ناڤەرۆکا پەیام و هەلسوکەوتێن رێکخراوێن پەیوەندیدار تێتە نێرێن، ل گەل ڤێ ژی دەما سەرچاوەیا پشتەڤانی یا سیاسی، لەشکەری و دارایی یا هندەك ژ ڤان رێکخراوان ب ئەشکەرە و ب بەلگەیێن سەلمێنرەو وەکی روناهی یا روژێ ل بەر چاڤن.

ل پەراوێزا ئالوزی و کێشەیێن ئێراق- سوریا و روژهەلاتا ناڤین، کو سەرکێشی یا وێ رێکخراوا داعش دکەت، ژ ئەگەرا شانوگەری یا کو خاوەن ئارمانجێن جیو- سیاسی و جیو ستراتیژیکە، دێ نەخشەیێن نوی ل سەر ڤێ هەرێمێ تێنە کێشان. وەك میناك، هیلالا شیعە نوکە کەفتی یە بوارێ جێبجێ کرن، کو پێکهاتی یە ژ ستراتیژی یا ئیرانێ بو بەشداربونا راستەوخو یا لەشکەری، سیاسی و دیپلوماسی ل دژی داعش، کو ب دانوستاندنێن چرو پرو د گەل رایەدارێن دەوڵەتا ئێراقێ یە. نابیت د ڤی بابەتێ دا رەوانگەها پراگماتیکی یا سیاسەتا دەرڤە یا ئیران ژ بیر بکەین.

بویە، بو ڤێ یەکێ، ئیران ئامرازێن جیاواز وەکی دروستکرنا هێز و رێکخراوێن جیاواز، وەکی فاکتەرێن لێکەر و کاریگەر ل سەر ئاستێ روژهەلاتا ناڤین ژ بوی گوهورینا هاوسەنگی یا هێز و پتەو کرنا پێگەها خوە بکار تینیت. بو نمونە، ئێك ژ وان ستراتیژی یان ئەوە کو هەژمونی یا شیعان ل ئێراقێ و درێژکرنا ڤێ یەکێ بو سوریا و لبنان، دویەم، دور پێچکرنا عەرەبستانا سعودی و دەوڵەتێن خەلیج فارس، سێیەم، رێگری کرن ژ نفوزا تورکیا بو ناڤ روژهەلاتا ناڤین. ئامرازێ سەرەکییێ ستراتیژی یەك وەها، یەکەم، پێکڤە گرێدانا ئولی (دین)، کو وەکی چەکێ بهێز و ئایدولوژیکێ شیعی تێتە دیتن. هاوتەریب، ئیران ب رێکا هنارتنا نێردراوێن تایبەتێن لەشکەری، سیاسی و ئولی، شیایە پێگەها لەشکەری و ستراتیژیك یا خوە د ناڤ ئێراقێ ( کو هەرێما کوردستانێ ژی بەشەکە ژ ڤێ سیناریویێ ) ب هێز بکەت.

بابەتێ سەرەکی دڤێ ستراتیژییێ، ئیران ب رێکا »دوکتورینێن سیاسی یێ شورەشگێری» کار بو ئاڤەدانکرنا هێزەك لەشەکری – هێزێن جەماوەری/ حەشد شەعبی- هاوتەریب د گەل هێزێن لەشکەرییێن ئێراقێ، دکەت. هەبونا هێزەك وەها ژی، د ماوەیەك درێژخایەن و مەبەستدار، ئەوە کو سەروەری یا هێزێن لەشکەری لاواز بکەت. بابەتێ کو ئاماژە ب ڤێ یەکێ دکەت، ئەوە کو ئەڤ هێز دێ گرێداییێ و پابەندبیت ب رێنماییێن مەرجەعێن ئاینی، نەك فەرماندەی یا گشتی یا هێزێن لەشکەری. ستراتیژی یا ب دامەزراوەی کرنا هێزەك وەها و رێکخستن ل سەر دروستکرنا «ئینتیما و وەلا» بو فاکتەرێ دینی ئامرازێن سەرەکیێن» نییەت و ئارمانج» یێن پشت هەولێن رێکخستن و دروستکرنا هێزەك وەهایە. ئەڤ راستی یەکە، ئیران، ئێراقێ وەکی قولای یای سیاسی یا خوە ل روژهەلاتا ناڤین دبینیت و نەڤێت ئەڤ دەرفەتا زێرین ژ دەست بدەت. دڤێت ئەڤ ژی ل بەر چاڤ بێتە گرتن د گورانکاری و پێکدادانێن ناوچەیێ ژ رەوانگەها ئاسایشی ڤە ئێران لایەنك گرینگە و نابیت بێتە پاشگوە خستن.

هیچ شك د ڤێ دا نینن، هەرێما روژهەلاتا ناڤین نوکە کەفتی یە بن کاریگەری یا بهێز یا هزرا توندرەوا ئولی ب گشتی شەقامێ سیاسی و کومەلایەتییێ جیهانا ئەرەبی ،روداوێن ل ئێراقێ، یەمەن، سوریا، بەحرێن هەمی ئاماژە ب هندێ دکەن، کو پێویستی ب رێکخستنا بالانسەکێ هەیە د ڤی بواری، تایبەتی د بوارێ هاوسەنگی یا هێز، کو ئیرانێ ب رێکا ئێراقێ و هندەك هێزێن دیێن دەڤەرێ، شیایە ب سەر بەرەی کو ئەمریکا پشتەڤانی ژێ دکەت سەر کەفتن ب دەست ڤە بینیت.

لەورا، هاتەریب و گرێدای ب بابەتێ ئاماژە پێکری، فرە رەهەندی یا ئالوزی یان کو ئێك ژ هوکارێن ڤێ یەکێ ژی هەبونا رەوانگەهێن جیاوازێن سیاسی (بەرژەوەندیێن دەولەت و ئەکتەرێن جیاواز)، ب تایبەتی د ناڤبەرا کومەك دەولەتێن هەرێما روژهەلات و زلهێزان ل ئالی یەکێ و ل ئالی دی ڤە، ناکوکیێن سیاسی یێن ناڤخوییێ وەلاتێن روژهەلاتا ناڤین، ژ وان کێشەیا ئاسایش، ئابوری، دیموکراسی، مافێ مرۆڤ، مەترسی یا هلەوەشاندنا سنورێن دروستکری ب دەستێ زلهێزان ل ۲ سەدەین رابوری. تەنیا وەکی ئاماژە پێکرنەك، بالا خوێندەڤانان بو کێشەیا نەتەوەیا کورد بێتە کرن، کو د سەردەمێ خوە دا بویە قوربانی بەرژەوەندیێن دەولەتێن زلهێز و وەلاتێن نوی دروستکری ل روژهەلاتا ناڤین، ئەڤ پتر نەك کێشەیەك سیاسی یە، بەلکو ژی کێشەیەك یاسایی یە، چونکە دەولەتێن کو ئیمزا ل سەر پەیمان نامەیێن یاساییێ نێڤدەولەتی کربون، ژ وان ژی دامەزراندنا دەولەتا کوردی ل سەر بنەماییێ رفراندوم و راپرسی یەك گشتی د هەرێما کورد گەلێ کورد تێاد نیشتەجێ یە. یا کو جهێ رەخنەیە، دەولەتێن ئێککگرتوییێ ئەمریکا، بریتانیا، فرانسا و ئیتالیا کو دڤی یا ل گور دەقێ یاسایی و سیاسی یێ پەیماننامەیا ڤاژو کری، ژ ئەگەرا گورانکارییێن نوی کو دەڤەرا روژهەلاتا ناڤین و تورکیا هاتن ئارا، پشت ل بنەماییێن ئەخلاقیێن یاسای و سیاسییێن خوە دەرمافێ گەلێ کورد کرن. ب ڤی رەنگی، گەلێ کورد بویە قوربانی سیاسەت و چاوترساندنەك نێڤ دەولەتی.

ناکوکیێن نەتەوەی ل روژهەلاتا ناڤین، نوکە تێکەلاوەکن ژ ناکوکیێن دینی و فاکتەرێ دینی نوکە زالبویە ل سەر فاکتەرێ نەتەوەی، و ئەڤ ئێك ب چەندین قوناخێن جیاواز تێپەری یە و بویە هوی دروست کرنا کاریگەری ل سەر هاوکێشەیێن سیاسی ل روژهەلاتا ناڤین. شەرێ داعش بویە شەرەك جیهانی و ژ بوی گەلێ کورد چارەنڤیسسازە، ب تایبەتی ل ئێراقێ. دەرفەتا هندێ ل بەر دەستە ب دەستنیشانا سنورێن راستەقینە بێتە کرن، و کوتای ب کێشەیێن سنوری و جوگرافی د گەل بەغدا بینیت. پرس ئەڤە، چاوان کورد دێ سەرەدەرێی د گەل هەولێن هێزێن حەشد شەعبی بو دروستکرنا تەنگەژە و ئالوزیێن لەشکەری و سیاسی ل ناڤ سنورێ هەرێم دا بکەن؟ شك دڤێ دا ژی نینن، کو هاوشێوەی دەولەتێن ناوچەی، هندەك لایەنێن سیاسی یان سەرکردەیێن سیاسی خەبات ژ بوی هندێ دکەن، کو کەرکوك ببیتە خاوەن پێگەهەك تایبەت، نەك د ناڤ سنورێ هەرێما کوردستانێ، کو ناڤ مالا کوردی توشی کێشە و ناکوکی مەزن کری یە.

خودان دەرکەفتنا کورد بەرامبەر پیروزیێن نەتەوەیی، پێکهاتی ژ ئاخ، مێژو و دیروکێ، پێویستی یەك هەنوکی یە ژ بور سەرراستکرنا ناحەقیێن کو د پێڤاژویا مێژوی بەرامبەر گەلێ کورد هاتییە کرن. لەورا دڤێت ئەڤ هەولێن جدی بێتە داین بو کومکرنا پشتەڤانی یەك نێڤ دەولەتی و پێناسەکرنا خواستێن رەواییێن نەتەوەی. د کەش و هەواییێ هەنوکی، دیارکرنا مەرجەعەك سیاسی یە، کو ل سەر ئاستێ نێڤ دەولەتێ دان پێهاتییە دان کو پێکهاتی یە ژ سەرۆکێ هەرێم، پارلەمانێ کوردستانێ و حکومەتا هەرێما کوردستانێ.

**هەرێما روژهەلاتا ناڤین نوکە کەفتی یە بن کاریگەری یا بهێز یا هزرا توندرەوا ئولی ب گشتی شەقامێ سیاسی و کومەلایەتیێ جیهانا ئەرەبی ،روداوێن ل ئێراقێ، یەمەن، سوریا، بەحرێن هەمی ئاماژە ب هندێ دکەن، کو پێویستی ب رێکخستنا بالانسەکێ هەیە د ڤی بواری، تایبەتی د بوارێ هاوسەنگی یا هێز**

**ناکوکیێن نەتەوەی ل روژهەلاتا ناڤین، نوکە تێکەلاوەکن ژ ناکوکیێن دینی و فاکتەرێ دینی نوکە زالبویە ل سەر فاکتەرێ نەتەوەی، و ئەڤ ئێك ب چەندین قوناخێن جیاواز تێپەری یە و بویە هوی دروست کرنا کاریگەری ل سەر هاوکێشەیێن سیاسی ل روژهەلاتا ناڤین**


---

***توێژەری دکتۆرا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان- زانکۆی دهۆك**




## بنەمای ئابووریی کوردستان بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵە

# پێش ئەوەی رژێمی بەعس تاوانی ئەنفال ئەنجام بدات کۆلێژی کشتوکاڵی لە کوردستان داخست







هەرێمی کوردستان خاوەنی تایبەتمەندیی کشتوکاڵییە و ژینگەیەکی لەباری بۆ گەشەکردنی بەروبوومی کشتوکاڵی و پەلەوەر و ئاژەڵداری هەیە، بەڵام وێرانکردنی ژێرخانی هەرێمەکە لەلایەن حکومەتی ئەوسای بەعس کە لەچۆڵپێکردنی زیاتر لە ٤٥٠٠ گوند دەستی پێکرد، زیانێکی گەورەی لە پێشخستنی ئەم کەرتە دا، تەنانەت بە بڕیارێکی رژێمی بەعس کە ئەجندای سیاسی هەبوو، کۆلێژی کشتوکاڵی لە زانکۆی سەلاحەدین داخرا، هەروەها واقیعێکی وای لە هەرێمی کوردستان دروستکرد کە چیتر جووتیاران روو لەم کەرتە گرنگ و هەستیارە نەکەن. دوای تێپەڕبوونی ٢٤ ساڵ بەسەر حوکمڕانیی کوردستاندا هێشتا پلانی بەعس بە تەواوی پووچەڵ نەکراوەتەوە، بەوەی کوردستان ببێتە خاوەنی کۆلێژێکی کشتوکاڵی بە ستانداردی جیهانی و هەموو بەش و تاقیگە و کێڵگەکانی هەبێت کە کشتوکاڵێکی هاوچەرخ پێویستێتی و ببێتە ستراتیژیەت بۆ گەیشتن بە بەخۆبژێوی و دابینکردنی ئاسایشی خۆراکی. لەقۆناغێکدا کە کوردستان رووبەڕووی قەیرانی دارایی و شەڕێکی داسەپاو بووەتەوە، لەهەموو کات زیاتر پێویستی بەوە دەبێت کە هەنگاو بەرەو ئاسایشی خۆراکی بنێین و جگە لەداهاتی نەوت بە دوای سەرچاوەیەکی دیکەی داهاتدا بگەڕێین، کە هەموو ئابووریناسان لەسەر ئەوە کۆکن کەرتی کشتوکاڵ دەرفەتێکی باشە بۆ دەربازبوون لە گەمارۆی ئابووری و بەدەستهێنانی سەرچاوەیەکی دیکەی داهات کە ئێستا رێژەی کەمتر لە ٣-٤٪ی داهاتی گشتی وڵات پێکدەهێنێت، تەنانەت زۆربەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی دەوروبەری شار و شارۆچکەکان بوونەتە زەوی نیشتەجێبوون بە رادەیەك یەك ملیۆن و ٦٠٠ هەزار دۆنم زەویی کشتوکاڵی کوژانەوەی بۆ کراوە، ئەو بەرهەمە کشتوکاڵییەی کە هەشە، بەشێوازی کۆن و تەقلیدی بەڕێوەدەبرێت، هەربۆیە نەبووەتە هۆی پێشکەوتنی بەرچاوی کەرتی کشتوکاڵ، دەستەی وەبەرهێنانیش نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ئەکتیڤ وەبەرهێنان ئاراستەی کەرتی کشتوکاڵ بکات و لەغیابی پلانێکی روونی کشتوکاڵی کە لە رووی پراکتیکەوە جێبەجێ بکرێت، بایەخیان بە بەرهەمەکانی وڵاتانی بیانی و دەرووبەر داوە، بۆیە ٩٥٪ی پێداویستییەکانی هەرێم لە دەرەوە هاوردە دەکرێت.

**● زانستی کشتوکاڵی زانستێکی پراکتیکییە**

پێش دەستپێکردنی پرۆسەی ئەنفال و کاولکردنی گوندەکانی



**دکتۆر سەردار یاسین:**
**نابێت وەکو کۆلێژێکی ئەدەبی مامەڵە لەگەڵ کۆلێژی کشتوکاڵ بکرێت لەکاتێکدا زانستی کشتوکاڵی زانستێکی پراکتیکییە**

**کوردستان دەبێت چاو لە وڵاتانی پێشکەوتووی خاوەن ئەزموونە هاوچەرخەکانی کشتوکاڵ بکات، بەتایبەتی لە بواری پاڵپشتیکردنی بەرهەمی ناوخۆیی**

**راگەیاندنێکی پرۆفیشناڵمان بۆ هاندان و رێزگرتن لە بەرهەمی ناوخۆ پێویستە، نەك بە پێچەوانەوە خەڵکی هانی بەکارهێنانی بەرهەمی بیانی بدات**

کوردستان، حکومەتی پێشووی بەعس بە فەرمانێکی سیاسی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین(هەولێر) ی داخست و قوتابیانی ئەم کۆلێژەی بەسەر زانکۆکانی عێراقدا دابەشکرد، ئەم هەنگاوەی بەعس بەو ئامانجە بوو کە لە بناغەوە ژێرخانی کشتوکاڵی لە کوردستان بڕووخێنێت و ئەندازیار و کادری زانستی کشتوکاڵی بوونیان نەبێت کە بتوانن ژێرخانی ئەم کەرتە گرنگە رێکبخەنەوە، دوای راپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٦ بۆ یەکەمین جار کۆلێژی کشتوکاڵی لە زانکۆی سەلاحەددین (هەولێر) کرایەوە، بەڵام لە ماوەی ١٩ ساڵی رابردوو هەتا ئێستاش نەتوانراوە کۆلێژی کشتوکاڵ بگاتە ئاستی ستانددری کۆلێژەکانی کشتوکاڵ لە عێراق و ناوچەکە و ئێستا بینایەی ئەم کۆلێژە لە سەنتەری شارە، لەکاتێکدا دەکرا کۆلێژێکی ئاوا لە دەرەوەی شار لەناو نەمامگە و تاقیگەی پێشکەوتوو کێڵگەی ئاژەڵی و پەلەوەرەکانی بووایە کە بەپێی ستانداردی جیهانی کۆلێژەکانی کشتوکاڵ دەبێت لە ٦٠٠ دۆنم کەمتر زەوی نەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە قوتابیانی کۆلێژی کشتوکاڵی کە دەبنە ئەندازیار، یان مامۆستای ئامادەییە کشتوکاڵییەکان، پێویستە لەسەر هەر دوو بواری تیۆری و پراکتیکی لە ماوەی چوارساڵدا هەموو بنەما زانستییەکانی کشتوکاڵ فێربن، سەبارەت بە ئاستی زانستیی کۆلێژی کشتوکاڵ دکتۆر سەردار یاسین راگری کۆلێژی کشتوکاڵ لە زانکۆی سەلاحەددین لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان گوتی: «داخستنی کۆلێژی کشتوکاڵ لە سەردەمی بەعس لە ساڵانی هەشتاکان تەنیا بۆ لەناوبردنی کەرتی کشتوکاڵ بوو لە هەرێمێکدا کە بە کشتوکاڵ بەناوبانگ بوو، ئەو سەردەمەی کۆلێژەکە داخرا باشترین پێگە و قوتابی و مامۆستا و فەرمانبەری هەبوو، تێز و نامە و توێژینەوەکانی کۆلێژی کشتوکاڵ لە ئاستی کۆلێژە پێشکەوتووەکانی عێراقدا بوو، بەڵام ئێستا پێداویستییەکانی وەکو پێویست نییە، هەروەها نابێت وەکو کۆلێژێکی ئەدەبی مامەڵە لەگەڵ کۆلێژی کشتوکاڵ بکرێت، لەکاتێکدا زانستی کشتوکاڵی زانستێکی پراکتیکییە، هەروەکو چۆن پزیشکێك نابێتە پزیشکێکی باش، ئەگەر لەناو ژووری نەشتەرگەریدا مومارەسەی پیشەکەی نەکات، هەرواش دەرچووی کۆلێژ و پێگەیاندنی ئەندازیارێکی کشتوکاڵی گەر لە کێڵگە و ناو تاقیگەکان کار نەکات، نابێتە ئەندازیارێك کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی هاوچەرخدا پێشبکەوێت، تاقیگە و کێڵگەکانمان کە بۆ توێژینەوە کشتوکاڵییەکان پێویستە لە ١٠٠٪ باش نییە و کەموکوڕی هەیە، بەڵام دوو کێڵگەی سەرەکیمان لە گردە رەشە هەیە کە نزیکەی ٢٠٠ دۆنمە و بەروبوومی کێڵگەیی و پەلەوەر و ئاژەڵی و هەڵهێنەری هێلکە و کێڵگەی مانگای شیردەر و مەڕ و بزنمان هەیە، ئەگەر بودجەمان بۆ دابین بکرێت، ئەم ٢٠٠ دۆنمە زەوییە کەم نییە بە باشی بەڕێوەببرێت. لە رووی توێژینەوەی زانستییشەوە ژمارەیەکی زۆری توێژینەوە و نامە و تێزی ئەکادیمیمان هەیە کە کەرتی تایبەت سوودی لێوەرگرتووە، بۆ وەزارەتی کشتوکاڵیش پوختە و کورتەی ئەو توێژینەوانەمان ناردووە و ئامادەییشمان دەربڕیوە کە هەر گرفتێك هەبێت، دەکرێت بیدەنە ئێمە تاوەکو بیدەینە تیمەکانمان بۆ ئەوەی توێژینەوەی لەسەر بکەن و رێگەی چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە بەڵام جێی داخە تا ئێستا وەکو پێویست سوودی لێوەرنەگیراوە».

### ● دوورکەوتنەوە لە کشتوکاڵ کراوەتە کەلتوور

هۆکارە رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانستییەکان وایکردووە کەرتی کشتوکاڵ لە کشانەوەی بەردەوامدا بێت، بە رادەیەك لە ٩٪ی هێزی کاری کوردستان پیشەی کشتوکاڵی بکات و بە بەرهەمی (گەنم و جۆ)شەوە، بە رێژەی لە ١٠٪ی خواستی ناوخۆی کوردستان دابین بکرێت، بگرە زۆر لە زەوییە کشتوکاڵییەکان بە پارچە پارچە کراویی فرۆشراون و بوونەتە ڤێلا و یەکەی نیشتەجێبوون، بە رادەیەك ٤٠ دۆنم زەوی کشتوکاڵی سیمبەند کراوە لە پێناو ڤێلایەکدا، تەنانەت پلان نییە بۆ راگرتنی باڵانس لە نێوان زەوی بۆ کشتوکاڵ و بیناسازی، هەر بۆیە ئاستی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان وەکو پێویست نییە.

سەبارەت بە هۆکارەکانی دواکەوتنی کەرتی کشتوکاڵی دکتۆر کاوە عەبدولکەریم نەقیبی سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان گوتی: «سێگۆشەی کەرتی کشتوکاڵی کە بریتییە لە زەوی و کارمەندی کشتوکاڵی و جووتیار و ژینگەی لەبار لە کوردستان بوونی هەیە، ئەم سێ بنەمایە کە بۆ پێشکەوتن و پەرەپێدانی بەرهەمی ناوخۆی رووەکی و دارستان و پەلەوەر و ئاژەڵداری و ماسی و هەموو بەروبوومەکانی دیکەی کشتوکاڵی پێویستن، تەنانەت رێژەی بارانبارین و گۆڕانی کەش و هەوا و بوونی هاوین و زستانێکی رێکوپێك و جێگیر کە بۆ پێگەیاندنی ئەو بەروبوومە کشتوکاڵییانە پێویستە بوونی هەیە، بەڵام دواکەوتن و بە پەراوێزخستنی کشتوکاڵ بۆ چەندین هۆکاری رامیاری و ئابووری و زانستی دەگەڕێتەوە، هۆکارە رامیارییەکان بۆ بە پەراوێزخستنی کەرتەکە دەگەڕێتەوە لەلایەن حوکمڕانانەوە، بەتایبەتی لەسەردەمی رژێمی بەعس کە پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکان و کشتوکاڵ دەستی پێکرد دواتر هۆکارە ئابوورییەکان دێت کە بەهۆی خراپی پلانی ئابووری و پشتگوێخستنی بەروبوومە ناوخۆییەکان وایکرد رۆئیا و فەلسەفەیەکی روونمان بۆ گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ نەبێت .

داخستنی کۆلێژی کشتوکاڵ و بگرە نەبوونی بەشە پێویستیەکانی ناو ئەو کۆلێژە هەر لەنەبوونی پاراستنی رووەکی و سامانی ماسی و ئابووری کشتوکاڵی و هۆشیاری کشتوکاڵی تادوایی وایکرد لەڕووە زانستییەکەشەوە خاوەنی کشتوکاڵێکی هاوچەرخ نەبین ئەوەتا لەکۆی ٨ هەزار ئەندامی سەندیکا کە وەکو ئەندازیاری کشتوکاڵی پسپۆڕایەتییان هەیە تەنیا ٣ هەزاریان دامەزراون لەو ژمارەیەش زۆر کەم لە پیشەی کشتوکاڵ کار دەکەن».

## ● بەبێ ژێرخانێکی زانستی و هاوچەرخ ناتواندرێت ئابووریی کشتوکاڵی بونیاد بنرێت

نەبوونی رووپێوی کشتوکاڵی و راگرتنی باڵانس بۆ پاراستنی زەوی کشتوکاڵی و پەیڕەوکردنی سیستەمە هاوچەرخەکانی کشتوکاڵ زامنی کێبرکێی بەرهەمی ناوخۆیە لەگەڵ بەرهەمە پێشکەوتووەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو، یان دەوروبەر، ئەوانەش هۆکاری سەرەکین لە دواکەوتنی ئەم کەرتە گرنگەدا، هەر بۆیە کوردستان هێشتا کەرتی کشتوکاڵ لە واقیعە تەقلیدییەکەی دەربازی نەبووە، لەم رووەوە دکتۆر سەردار یاسین راگری کۆلێژی کشتوکاڵ لە زانکۆی سەلاحەددین بۆ گوڵان گوتی: «لە کوردستان پێویستمان بە سیستەم و زانستی هاوچەرخە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەرتی کشتوکاڵ، سیستەمێك بۆ لێکتێگەیشتن و هەماهەنگی لە نێوان کۆلێژ و وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتە پێوەندیدارەکانی دیکە، تەنانەت بوونی راگەیاندنێکی پرۆفیشناڵمان بۆ هاندان و رێزگرتن لە بەرهەمی ناوخۆ پێویستە، نەك بەپێچەوانەوە خەڵکی هانی بەکارهێنانی بەرهەمی بیانی بدات، لە هەرێمی کوردستان خاوەنی ماستەرپلانێك بووین، بەڵام تا چ رادەیەك بەهۆی نەبوونی بودجەوە جێبەجێکرا؟ من لەگەڵ ئەو راوبۆچوونەی وەزارەتی کشتوکاڵدام کە تەرخانکردنی تەنیا ١,٨٪ی بودجە بۆ گەشەکردنی ئەم کەرتە کەمە و پێویستە بە لانیکەم لە ١٠٪ی بۆ تەرخان بکرێت، لەلایەکی ترەوە کوردستان دەبێت چاو لە وڵاتانی پێشکەوتووی خاوەن ئەزموونە هاوچەرخەکانی کشتوکاڵ بکات، بەتایبەتی لە بواری پاڵپشتیکردنی بەرهەمی ناوخۆیی، وڵاتانی وەکو تورکیا و ئێران پاڵپشتی و پشتگیری تەواوی جووتیاران و بەرهەمی ناوخۆ دەکەن و ساڵانە دەیان ملیۆن دۆلار بۆ پێشخستنی زانستی تەرخان دەکەن، لە کوردستان دەکرێت کێڵگە و یەکەی بچووکی بەروبوومی کشتوکاڵی و پەلەوەرو ئاژەڵداری هەبێت، بەڵام دەبێت هانبدرێن و پاڵپشتی بکرێن و بە زانستی نوێ پێش بخرێن و سوود لە توێژینەوە نوێیەکان وەربگیرێت، کشتوکاڵ زانستێکی پراکتیکییە و پێویستە بە کەڵکی جێبەجێکردن بێت و لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەمدا بگونجێت، هەر لە بەر ئەمەشە دەبێت کۆلێژی کشتوکاڵ لەناو کێڵگە و تاقیگەکانیدا بێت».

هەر سەبارەت بە پاڵپشتیکردنی بەروبوومی ناوخۆ دکتۆر کاوە عەبدولکەریم نەقیبی سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵی کوردستان گوتی: «حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە پاڵپشتیی دەرچووی بەرهەم بکات، نەك تێچووی کە ساڵانە پارەو بودجەیەکی زۆر بۆ دابینکردنی سووتەمەنی و تۆ و دەرمان و پێداویستییەکانی دیکەی کشتوکاڵی خەرج دەکات، کەچی لەکاتی بەرهەمهێنان هەموو ماندووبون و خەرجییەکان بەفیڕۆ دەڕوات و جووتیار و بەرهەمهێنەکە زیان دەکات و لە پیشەکەی دوور دەکەوێتەوە، بۆ نموونە تا ساڵی ٢٠٠٧ باشترین گوڵە بەڕۆژە لەکوردستان بەرهەم دەهات، چونکە بۆ کارگەکانی زەیتی گوڵە بەڕۆژە پێویست بوو، بە رادەیەك زەیتی گوڵە بەڕۆژە دەدرایە شارەکانی عێراق، لە لایەکی ترەوە راگەیاندنەکانمان رۆڵێکی خراپیان هەبوو لە پاڵپشتیکردن و هاندانی بەرهەمی ناوخۆ، بەمەش لەئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکەیان دوور دەکەونەوە کە هاندانی بەرهەمی ناوخۆ و بەهێزکردنی ئابووریی نیشتمانییە کە بناغەی هەموو ئاسایشێکی نەتەوەییە، بەڵام دۆخێکی وایان خوڵقاند فرۆشیارێکی مریشك لە هەولێر لافیتەیەك بنووسێت و بڵێت: مریشکی دهۆکمان لا دەست دەکەوێت، ئەمەش بۆ ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە دەگەڕێتەوە کە راگەیاندن خستیە دڵی کڕیارەکانەوە بەرامبەر بە کێڵگە پەلەوەرییەکانی هەولێر».

## ● بنەماکانی دەربازبوون لە کشتوکاڵی تەقلیدی

دکتۆر سەردار یاسین راگری کۆلێژی کشتوکاڵ لە زانکۆی سەلاحەددین و دکتۆر کاوە عەبدولکەریم نەقیبی سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵی چەند بۆچوون و پێشنیارێکیان خستەڕوو کە لێرەدا پوختەی بۆچوونەکانیان دەخەینەڕوو:

١. پێویستە کۆلێژی کشتوکاڵ وەکو کۆلێژێکی زانستی و مەیدانی سەیر بکرێت و بودجە و زەویی بۆ تەرخان بکرێت و قوتابییان لەناو تاقیگەو کێڵگەکاندا زانستی هاوچەرخی کشتوکاڵی بخوێنن.

٢. هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی کشتوکاڵ و کۆلێژەکانی کشتوکاڵ هەبێت بۆ ئەوەی نامە و تێزی دکتۆرا و توێژینەوەی قوتابییان لەسەر ئەو بوارانە بێت کە واقیعی کەرتی کشتوکاڵ پێویستێتی.

٣. رووپێوی لەسەر زەوی کشتوکاڵی بکرێت و داتاو زانیاری پێویست لەسەر زەوی و ژینگەی چاندن و جۆری رووەکەکانی کە پێویستە بچێنرێت کۆبکرێتەوە.

٤. زانستی سەردەم تێکەڵ بە بوارەکانی کەرتی رووەکی و پەلەوەر و ئاژەڵداری بکرێت.

٥. باڵانسی نێوان زەویی کشتوکاڵی و بیناسازی لە کوردستان رابگیرێت.

٦. بەیاسا ئەندازیارانی کشتوکاڵی لە پرۆژەکانی کەرتی تایبەت دابمەزرێن.

٧. دەرماڵەی ئەندازیاری بۆ دەرچووانی کۆلێژی کشتوکاڵ دابنرێت.

٨. راگەیاندن لە خزمەتی هاندان و پشتگیریکردنی بەرهەمی ناوخۆدا بێت، نەك بەپێچەوانەوە.

٩. کار بۆ بونیادنانی پیشەسازی خۆراکی و دامەزراندنی کارگەکانی قوتوبەند و شیرەمەنی بکرێت، بە پێداچوونەوە بە یاسا و رێنماییەکانی وەبەرهێنان.

١٠. هانی پرۆژەی بچووك و مامناوەندی جووتیاران بدرێت و قەرزی درێژخایەنیان بۆ دابین بکرێت.

١١. هانی کاری هەرەوەزی و کۆکردنەوەی جووتیاران لەناو کۆمەڵەکان بدرێت بەهاوشێوەی کۆمەڵەی هەنگەوانانی کوردستان.



**دکتۆر کاوە عەبدولکەریم:**
**حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە پاڵپشتی دەرچووی بەرهەم بکات نەک تێچووی**

**زۆر لە زەوییە کشتوکاڵییەکان بە پارچە پارچە کراویی فرۆشراون و بوونەتە ڤێلا و یەکەی نیشتەجێبوون، تەنانەت ٤٠ دۆنم زەویی کشتوکاڵی لە پێناو ڤێلایەکدا سیمبەند کراوە**

**سێگۆشەی کەرتی کشتوکاڵی کە بریتییە لە زەوی و کارمەندی کشتوکاڵی و جووتیار و ژینگەی لەبار لە کوردستان بوونی هەیە**



عەبدولستار مەجید وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ گوڵان:

# کوژانەوەو زێدەڕۆیی بۆ سەر زەویی کشتوکاڵی تاوانە و دەرهەق بە کەرتی کشتوکاڵ ئەنجامدەدرێت

**عەبدولستار مەجید وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە وەڵامی چەند پرسیارێکی (گوڵان)دا ئاماژە بەو کێشەو ئاستەنگانە دەکات کە لەبەردەم گەشەکردنی کشتوکاڵی کوردستاندایە و باسی ئەو بەرنامەو کارانەش دەکات کە وەزارەتی کشتوکاڵ دەیگرێتە بەر بۆ چارەسەرکردن و لابردنی کێشە و گرفتەکان، لێرەدا دەقی چاوپێکەوتنەکە بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان بڵاودەکەینەوە.**

*** ئایا ئەرکی سەرەکی و گرنگی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەم قۆناغەدا چییە، بەتایبەتی لەم قۆناغەی ئێستادا کە هەمووان باس لەوە دەکەن، پێویستە جگە لە نەوت بەدوای سەرچاوەی دیکەی داهات و خۆبژێویدا بگەڕێین؟**

- ئەرکی سەرەکی و گرنگی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بریتییە لە: (دابینکردنی هەردوو ئاسایشی خۆراکی و ئاو)، بەپێی پلانی وەزارەتیش پێویستە لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بگەیەنینە خۆبژێوی لە خۆراکی سەرەکی، هەروەها لەبواری سامانی ئاویشدا لەخەمی ئەوەداین ئاوی پێویست بۆ (خواردنەوەو کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار) دابین بکەین، ئەمەش ئەرکێکی ئاسان نییە، چونکە هەردوو بەرنامەی خۆبژێوی و دابینکردنی ئاو پێویستی بە بودجەیەکی شایستە هەیە، کە جێی داخە تا ئێستا ئەو بودجە شایستەیە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دابین نەکراوە کە بتوانین بەرنامەو پلانی وەزارەت جێبەجێ بکەین و کەرتی کشتوکاڵ گەشە بکات و بەرەوپێش بچێت، لەکاتێکدا لە ٢٠١٤ هیچ بودجەمان نەبووە، ئەمساڵیش تا ئێستا پەسەندکردنی بودجە نەکراوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەشە بودجەی وەزارەت بەپێی پێویست نییە و زۆر کەمە لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٤ ڕێژەکەی بە ١,٨٪ دانرا بوو، بەپێی پێوەری جیهانی بۆ وڵاتێکی کشتوکاڵی دەبێت بە لانی کەمەوە لە بودجەی گشتی وڵات ١٠٪ی بۆ کەرتی کشتوکاڵی تەرخان بکرێت، تەنانەت لە زۆر وڵات بە ڕێژەی ٣٠-٤٠٪ی بودجەیان بۆ کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تەرخانکردووە، بگرە وڵاتانی ئەوروپا کە زیاتر بازرگانی و پیشەسازی و گەشتیارین بودجەی لە ٤٢٪یان بۆ کشتوکاڵ داناوە.

*** کەواتە بەپێی ئەو بەشە بودجەیە بێت، ناتواندرێت کەرتی کشتوکاڵ بەرەوپێش ببەن، ئایا هیچ هەوڵێکتان داوە بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بەو بەشە بودجەیە بکرێت؟**

- لە ڕابردوودا حکومەت بەو ئاراستەیە کاری نەکردووە کە گرنگی بە کەرتی کشتوکاڵ بدرێت، گوندەکانی وێرانکرد و کۆلێژی کشتوکاڵی داخست و جووتیاران و گوندنشینەکانی بۆ ناو کۆمەڵگە زۆرەملێکان ڕاگواستەوە، لەدوای ڕاپەڕینیش لەساڵی ١٩٩١ـەوە هیچ پڕۆژەیەکی گرنگی کشتوکاڵی ئەنجام نەدراوە، ئەمڕۆش بەو بەشە بودجەیە ناتواندرێت گۆڕانکاری بنەڕەتی لە کەرتی کشتوکاڵ بکرێت لە هەرێمێکدا کە ئاو و هەوا و خاك و ژینگەیەکی لەباری هەیە بۆ گەشەکردنی کشتوکاڵ، لەم پێناوەدا من داوام لە ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانیش کردووە کە بەو بڕە کەمەی بودجە ڕازی نین، دەبێت هەمووان بگەینە ئەو باوەڕەی کە هەڵمەتێکی گەورەمان بۆ گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵ پێویستە.

*** ساڵی ١٩٨٧ حکومەتی بەغدا بڕیاری داخستنی کۆلێژی کشتوکاڵی لە زانکۆی سەلاحەدین دا، ئێستاش هیچ کۆلێژێکی کشتوکاڵی لە زانکۆکانی کوردستان لە ئاست ستانداردی جیهانی نین، ئایا ئەمە نەبووەتە گرفتێك لەبەردەم بەزانستیکردنی کشتوکاڵێکی هاوچەرخ؟**

- گەرچی لە ڕووی پڕۆگرام و خوێندنەوە کۆلێژی کشتوکاڵ سەر بەوەزارەتی خوێندنی باڵایە، بەڵام پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان ئێمە و کۆلێژەکانی کشتوکاڵ هەیە، من سەردانی کۆلێژی کشتوکاڵی سلێمانیم کردووە و بەنیازم سەردانی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددینش بکەم و پردێکی هەماهەنگی لەنێوانماندا هەبێت، بەداخەوە کۆلێژەکانی کشتوکاڵ وەکو پێویست گرنگییان پێ نەدراوە و تەنانەت تاقیگەو نەمامگەو کێڵگەی گەورەی پەلەوەڕو ئاژەڵداریان نییە، مامۆستاکانیشیان لەم ڕووەوە کۆمەڵێك گلەیی و ڕەخنەیان هەیە بەوەی پێویستە تاقیگاکانیان لەئاست

**ئەرکی لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەبەرهێنانە ئاسانکاری زیاتر بکەن بۆ ئەو سەرمایەدارانەی ڕوو لە دامەزراندنی کارگە لەناوخۆی هەرێمدا دەکەن**

**لە عەلوەکانی کوردستان دیاردەی قۆرخکاری هەیە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیەش پێویستە سیستەمی بەبازاڕکردن بگۆڕین و جووتیاران لە زیان بپارێزرێن**

**لە دەشتی شەمامک پڕۆژەیەکی گرنگی ئاودێریمان هەیە بە سوودوەرگرتن لە ئاوی زێی گەورە کە دەتوانێت بە تەواوبوونی پڕۆژەکە ٨٠ هەزار دۆنم زەوی ئاو بدات**

**بە جێبەجێکردنی پلانەکانی تایبەت بە پرۆژەکانی ئاو بە تەواوبوونی وادەی کابینەی هەشتەم، هەرێمی کوردستان لە رووی ئاوەوە دەبێتە خاوەنی دوو هێندەی پێداویستی خۆی**

**تورکیا دەڵێت: ئاو کەرەستەیەکە و دەیفرۆشین، بۆ ئەم مەبەستەش دەیان پرۆژەی گەورەی بەنداویان دروستکردووە، ئێرانیش ئاوی سیروان و ئەڵوەند دەگرێت و ناهێڵێت بۆ ئێمە بێت**

**پێوەندی نێوان وەزارەت و جووتیاران بەهێز بووە و زۆر گرفت و کێشەیانمان چارەسەر کردووە**

**زەویی کشتوکاڵی هەیە زۆر دوورە لەسەنتەری شارو قەزاو ناحیەکانەوە کەچی بەمەبەستی نیشتەجێبوون کوژاندنەوەی بۆ کراوە**

ستانداردی جیهانی و پێشکەوتنی هاوچەرخی کشتوکاڵی دنیادا بێت، من ئاگادارم لەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا تاوتوێ و گفتوگۆی داواکارییەکانیان دەکات.

*** ئەو ئاستەنگ و کێشانە چین کە لە بەردەم پەرەسەندنی کەرتی کشتوکاڵ بەربەست دروست دەکەن؟**

- یەکەمیان کەمیی تەرخانکردنی بودجەی پێویستە، ئەوجا هۆکاری دووەم دێت کە مەترسییەکەی لە یەکەم کەمتر نییە، ئەویش تێڕوانینی حکومەتی کوردستانە بەگشتی بە ئەنجومەنی وەزیران و هەموو وەزارەت و دامودەزگاکانیەوە، هۆکاری سێیەمیش بەفیڕۆدانی ئەو هەموو زەوییە کشتوکاڵییەیە کە بۆ کەرتی نیشتەجێبوون تەرخانکرا، لەکاتێکدا دەکرا بە رووبەرێکی زۆر کەمتر ئەم کارە بکرایە، هەروەها نزیکەی یەك ملیۆن و شەش سەد دۆنم زەویی کشتوکاڵی دراوە بەشارەوانییەکان لەکاتێکدا لەسەرجەم کوردستان نزیکەی ١٨ ملیۆن دۆنمی هەیە کە بەشێکی زۆری دێمیە، تەنانەت زەویی کشتوکاڵی هەیە زۆر دوورە لەسەنتەری شارو قەزاو ناحیەکانەوە کەچی بەمەبەستی نیشتەجێبوون کوژاندنەوەی بۆ کراوە لەکاتێکدا دەکرا بەستوونی رووبەرێکی زۆر کەمتری زەویمان بۆ نیشتەجێبوون تەرخان بکردایە.

*** ئێوە لایەنی یەکەم و بەرپرسیارن بەرامبەر رێگرتن لە بەفیڕۆدانی زەویی کشتوکاڵی لەمبارەوە چیتان کردووە؟**

- بە سوپاسەوە وەزیری شارەوانی بە دەنگ داواکارییەکەمەوە هاتووەو رێککەوتووین هەر زەوییەکی کشتوکاڵی کە وەزارەتی شارەوانی کاتی خۆی بردوویەتی و سیفەتی کشتوکاڵی لەدەست نەداوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵی بگەڕێنێتەوە، لەمەشدا خۆشبەختانە کۆمەڵێك پارچە و رووبەری زەویمان بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ هێناوەتەوە. هەر لەم پێناوەدا ئێستا لیژنەیەکی باڵا و گەورە بە چاودێریی سەرۆکی حکومەت و سەرۆکایەتی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێکهاتووە و کۆمەڵێك راسپاردە و پێشنیار کراوە و بەتوندی رێگە لەم زێدەڕۆییانە دەگرین و لە رووی یاسایی و دادگایشەوە رێوشوێن بەرامبەر سەرپێچیکاران و زێدەڕۆییەکان دەگرینەبەر. هەروەها پێداچوونەوە و هەموارکردنەوەمان بە رێنماییەکان کردووە، وەکو رێنماییەکانی لێدانی بیری ئیرتوازی و دامەزراندنی باخی جووتیاران و سەرپەرشتیکردنی پرۆژە کشتوکاڵییەکانی جووتیاران.

*** بەڵام لە هەر کابینەیەك وەزیرێك دێت و ئەو بەڵێن و بەرنامە و پلانانەی خۆی دەخاتەڕوو، کەچی لە بواری پراکتیکەوە هەر جێبەجێ ناکرێت و کوردستان بێ فەلسەفە و روئیایەکی روونی کشتوکاڵی دەمێنێتەوە؟**

- وەکو باسم کرد لە وەزارەت رەشنووسی پلانمان هەیە، بەڵام لەبەر نەبوونی بودجە ئەم رەشنووسە تا ئێستا پەسەند نەکراوە، بەم نزیکانە جارێکی دی لە رێگەی وۆرك شۆپەوە رەشنووسەکە دادەڕێژینەوە و دواتر پەسەندی دەکەین، سەبارەت بە نزیکبوونەوە لە خەم و چارەسەرکردنی کێشەی جووتیارن هەنگاوی گرنگمان هاویشتووە، پێوەندی نێوان وەزارەت و جووتیاران بەهێز بووە و زۆر گرفت و کێشەیانمان چارەسەر کردووە، بە بەردەوامیش سەردانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانمان کردووە، تاوەکو لە نزیکەوە لە بارودۆخی جووتیاران و گرفت و کێشەکانیان ئاگادار بین، هەروەها گوێمان لە داواکاری خەڵك گرتووە و لە رێگەی دیدارە راستەوخۆکانیشەوە زیاتر لە ٣٠٠ کێشەمان چارەسەر کردووە. ئەمە جگە لە کڕینەوەی ١٦ هەزار تەن گەنمی پاککراوەی باوەڕپێکراو و دانەوەی بە جووتیاران بە هاوکاری لە ٣٠٪ی نرخەکەی، هەروەها ٢٣ هەزار تەن جۆی جووتیارانمان کڕیوەو داماونەتەوە بە جووتیاران بە پاڵپشتی لە ٥٠٪ی نرخەکەی خۆی لەکاتێکدا حکومەتی عێراق دایەوە بە کۆمپانیایەك بە قازانجی لە ١٧٪.

*** باسی بڕینی سەرچاوەکانی ئاوی کوردستان و گۆڕینی ڕێڕەوەکانیانت کرد، ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیی و بژێوی خەڵك و ژیانی هاووڵاتیانی کوردستانەوە هەیە، بەتایبەتی بۆ دانیشتووانی ئەو شار و قەزا و ناحیانەی لە نزیك ئەو رووبارانەن، ئایا بۆ رێگرتن لەم کارە دوژمنکارییانە هیچ هەنگاوێك نراوە؟**

- ئەوان دەیانەوێت بێ ئاومان بکەن، وڵاتێکی وەکو تورکیا دەڵێت: ئاو کەرەستەیەکە و دەیفرۆشین، بۆ ئەم مەبەستەش دەیان پرۆژەی گەورەی بەنداویان دروستکردووە، ئێرانیش ئاوی سیروان و ئەڵوەند دەگرێت و ناهێڵێت بۆ ئێمە بێت، هەر بۆیە پلان و پرۆژەمان هەیە کە کوردستان کێشەی ئاوی نەبێت، ئەمەش پێویستی بە بودجە هەیە، بە جێبەجێکردنی پلانەکانی تایبەت بە پرۆژەکانی ئاو بە تەواوبوونی وادەی کابینەی هەشتەم، هەرێمی کوردستان لە رووی ئاوەوە دەبێتە خاوەنی دوو هێندەی پێداویستیی خۆی. هەروەها لە سنووری پارێزگای هەولێر لە دەشتی شەمامك پرۆژەیەکی گرنگی ئاودێریمان هەیە بە سوودوەرگرتن لە ئاوی زێی گەورە کە دەتوانێت بە تەواوبوونی پرۆژەکە ٨٠ هەزار دۆنم زەوی ئاو بدات.

*** ئایا لە ڕووی زیادکردنی بەروبوومی کشتوکاڵی و بەتایبەتی لە بواری هاندان و پاڵپشتیکردنی جووتیاران هیچ هەنگاوێك نراوە؟**

- ئێستا لە هەوڵی ئەوەداین ئەو جووتیارانەی قەرزی کشتوکاڵیان وەرگرتووە، زیاتر سوودی لێوەربگرن بەوەی ماوەی پێدانەوەی قەرزەکە لە ٥ ساڵەوە بۆ ١٠ ساڵ درێژ بکرێتەوە، برەکەشی زیاتر بکرێت، هەروەها پرۆژەیەکی ترمان بۆ دروستکردنی سایلۆ و دانانی وشککەرەوە هەیە بۆ ئەوەی ببێتە سەنتەری وەرگرتنی جۆ و گەنمەشامی لە جووتیاران، هەروەها پرۆژەیەکی گۆڕینی ڕێنماییەکانمان هەیە، بەتایبەتی ئەو یاسا کشتوکاڵییانەی دژ بە یەکترن و لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن، ئەمە جگە لە پرۆژەی بە بازاڕکردن و تەملیککردنی زەوی جووتیاران.

*** ئایا هیچ ڕووپێوێك بۆ ڕووبەری زەویی جووتیاران هەیە، تاوەکو بزانێت بۆ چ جۆرێکی بەروبووم و چاندن دەتوانێت سوودی لێوەربگرێت؟**

- لەوەزارەت بە هاوکاری هەندێك کۆمپانیای ئێرانی و بەریتانی قسەمان کردووە تاوەکو کار لەسەر تەسوییەی زەویی کشتوکاڵی جووتیارانی کوردستان بکرێت، لەگەڵ تەواوبوونی وەکو کارتێك دەدرێت بە جووتیاران و بۆ ئێمەش سنوور و ڕووبەر و جۆری هەموو زەویی کشتوکاڵییەکان دیار دەبێت، ئەم کارە بۆ جووتیاران سوودی زۆری هەیە، چونکە بۆ جووتیاران روون دەبێتەوە کە زەوییەکەی بۆ چ بەروبووم و چاندنێك زیاتر گرنگە و سوودی لێوەردەگیرێت، نەك وەکو ئێستا ڕووبەرە کشتوکاڵییەکان تەنیا بۆ چاندنی گەنم و جۆ بەکاربهێندرێت و دەیان چاندنی دی پشتگوێ بخرێت.

*** زۆرجار جووتیاران لەکاتی چاندن و بەرهەمهێنانی بەروبوومەکەیان دەبینن نرخەکەی لە بازاڕەکانی کوردستان دادەبەزێت و زیانیان بەردەکەوێت، یان هەندێك جار بەرهەمەکان ئەوەندە زۆرە، کەچی لەتوانادا نییە بنێردرێتە وڵاتانی دراوسێ، لەو بوارەدا چیتان کردووە؟**

- یەکێك لە گرفتەکانی جووتیاران لەوەدایە ئەوەندەی بازرگانەکان لە عەلوەکە و بەقاڵەکان سوود لە بەرهەمی جووتیاران وەردەگرن، ئەوەندە جووتیار سوود لە ماندووبوونەکەی وەرناگرێت، هەروەها لە عەلوەکانی کوردستان دیاردەی قۆرخکاری هەیە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیەش پێویستە سیستەمی بەبازاڕکردن بگۆڕین و جووتیاران لە زیان بپارێزرێن و ڕێگە لە قۆرخکاریی کڕین و فرۆشتنی بەروبوومەکانیش بگرین. هەروەها پێویستە جووتیاران وشیار بکرێن بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتی بەرهەمیان، لەبەرامبەریشدا کڕیار هانبدرێت بۆ بەکارهێنانی بەرهەمی ناوخۆیی، ڕاگەیاندنیش ڕۆڵی بەرچاو ببینێت، نەك بەپێچەوانەوە بەرهەمی ناوخۆیی بشکێنێت و هەندێك خەڵك و لایەن بهێنێت تاوەکو تەنیا چەند پرۆژەیەکی خراپ باس بکەن.

*** هۆکاری ئەوە چییە کە وەبەرهێنەران و بیزنسکارانی ناوخۆ ڕوویان لە دروستکردنی کارگەی تایبەت بە پیشەسازی خۆراکی، یان کشتوکاڵی نەکردووە؟**

- دووورکەوتنەوەی وەبەرهێنەران و بیزنسکارانی ناوخۆ لە دامەزراندنی کارگەی تایبەت بە پیشەسازی خۆراکی یا شیرەمەنی و قوتوبەند بۆ کەلتووری هەڵەی کەرتی تایبەت دەگەڕێتەوە کە لە کوردستان تەنیا روو لەو بوارانە دەکەن کە قازانجێکی خێرای دەست دەکەوێت، هەربۆیە ئەرکی لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەبەرهێنانە ئاسانکاری زیاتر بکەن بۆ ئەو سەرمایەدارانەی روو لە دامەزراندنی کارگە لەناوخۆی هەرێمدا دەکەن، لەم ڕووەوە قسەمان لەگەڵ زۆر لە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کردووە و تا ڕادەیەك لەمبوارەدا هەنگاو نراوە.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدابوو باج لەسەر هێنانی هەندێك لە بەروبوومە کشتوکاڵییەکان دابنێت، ئایا ئەم بڕیارە کە بە ڕاوێژکاری لەگەڵ ئێوە بووە، ئەمە نابێتە هۆی گرانبوونی نرخ لەسەر هاووڵاتیان؟**

- ئێمە بۆ هاندان و پاڵپشتیکردنی جووتیارانی خۆمان ئەو بڕیارەمان دا تاوەکو لە کاتی بەرهەمهێنانی بەروبوومی خۆمان باج لەسەر بەروبوومی هاوردەی کشتوکاڵی دابنرێت، بە مەرجێك ڕێگە نەدرێت بازاڕەکانی کوردستان دووچاری هەڵئاوسانی نرخ بن و نرخەکان لەسەر کڕیار بەرز نەبێتەوە، بۆ نموونە ئێستا کە بەروبوومی تەماتەی خۆماڵی پێنەگەیشتووە، باج لەسەر هەناردەی تەماتە دانەنراوە، بەڵام کە تەماتەی خۆماڵی پێگەیشت، باج لەسەر بەرووبوومی تەماتە دادەنرێت، هەندێك جاریش هەر ڕێگە نادرێت جۆرێك لە بەرهەمی بیانی بهێندرێت بۆ نموونە وەبەرهێنەرێکی ناوخۆ کێڵگەیەکی بەرهەمهێنانی هوشترملی داناوە کە لەکوردستان و عێراقدا ئەم پرۆژەیە نییە و زۆر پێشکەوتووە و خاوەنەکەی پارەیەکی زۆری تێدا خەرج کردووە و گەیشتۆتە قۆناغی پێگەیشتن، هەر بۆیە ناهێڵین گۆشتی هوشترمل بهێندرێتە کوردستان بۆ ئەوەی هانی وەبەرهێنەرانی دیکە بدرێت بۆ دامەزراندنی پرۆژەی لەم جۆرە، بەشێوەیەکی گشتی پێویستە ئەو پلان و سیستەمانە پێڕەو بکرێت کە هاوسەنگیی بازاڕی لێدەکەوێتەوە، واتا نە جووتیار و نە وەبەرهێنەر زیان بکەن، نە کڕیار و خەڵکی بەرهەمەکەیان لە سەر گران ببێت.

**نزیکەی یەک ملیۆن و شەش سەد دۆنم زەویی کشتوکاڵی دراوە بەشارەوانییەکان لەکاتێکدا لەسەرجەم کوردستان نزیکەی ١٨ ملیۆن دۆنمی هەیە**

**کۆڵێژەکانی کشتوکاڵ وەکو پێویست گرنگییان پێ نەدراوە و تەنانەت تاقیگەو نەمامگەو کێڵگەی گەورەی پەلەوەرو ئاژەڵداریان نییە**

**لە ڕابردوودا حکومەت بەو ئاراستەیە کاری نەکردووە کە گرنگی بە کەرتی کشتوکاڵ بدرێت**

**تا ئێستا ئەو بودجە شایستەیە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دابین نەکراوە کە بتوانین بەرنامەو پلانی وەزارەت جێبەجێ بکەین و کەرتی کشتوکاڵ گەشە بکات و بەرەوپێش بچێت**

فلیپ شمیتەر
پسپۆڕ لە زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# گرنگە جۆرێک لە هاوسەنگی لە نێوان پاراستنی ئاسایش و تایبەتمەندی و ئازادی تاک رابگیرێت

**باوەڕم بەوە هەیە کە تەنانەت لێدوانی ئەوپەڕی ئاگرین بڵاو بکرێتەوە، بەڵام هیوادارم زۆربەی میدیاکان دیمەنی راستەوخۆی کوشتنەکانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش بڵاو نەکەنەوە**

*** حاڵی حازر جیهان دووچاری قەیرانگەلێك بووە بە هۆی تیرۆریستانەوە کە ئاسایشی ناوخۆیی و دەرەکیی وڵاتان کەوتۆتە بەر مەترسی و ئەمەش هەموو کەسێکی نیگەران کردووە، بە چەشنێك بۆ پاراستنی ئاسایش هێزەکانی پۆلیس هەندێ جار ناچار دەبن تایبەتمەندی تاکەکەسەکان و ئازادییەکانیان پێشێل بکەن، چونکە ئێستا تیرۆریستان بە شێوەیەکی بەربڵاو سۆشیال میدیا بەکار دەهێنن. ئایا چۆن هاوسەنگییەك لە نێوان پاراستنی ئاسایش و پاراستنی ئازادییە تاکەکەسییەکان دروست بکەین؟**

- ئێوە بە شێوەیەکی دروست گوزارشتتان لێکرد، ئاشکرایە ناکرێت بە بێ جۆرێك لە راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان پاراستنی ئاسایش و ئازادیی تاك، ئاسایش بهێنرێتەدی، ئەمەش دەوەستێتە سەر سیاسەتی ناوخۆیی وڵاتێکی دیاریکراو. لە ئەوروپا بەگشتی و لە ئەمریکا بەتایبەتی، نەك هەر تەنها هەستارییەکی زیاد لە ئەندازە هەیە لە بەرامبەر کێشەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤەوە، بەڵکو ژمارەیەکی زۆری رێکخراو هەن ئەم مافانە دەپارێزن و رێکخراوێك هەیە پێی دەگوترێت: (American Civil Liberty Union) کە ئێستا سکاڵای یاسایی بەرزکردۆتەوە دژی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا (CIA) لە بەرامبەر سیخوڕیکردنی بەسەر هاووڵاتیانی ئەمریکاوە، ئەمە هەرگیز لە ئەوروپا روو نادات، چونکە رێکخراوێکی هاوشان نییە لە ئەوروپا، کەواتە جیاوازییەکە هەر لە پارتە سیاسییەکاندا نییە، ئاشکرایە کاتێك حزبی موحافیزکار لە دەسەڵاتدا بێت، ئەوا تای تەرازووەکە پتر بەلای ئاسایشدا دەشکێت و کەمتر بەلای ئازادیی تاکەکەسیدا دەبێت، کاتێکیش چەپ لە دەسەڵاتدا بێت، ئەوا تەرازوەکە بەلاکەی دیکەدا قورستر دەبێت و ئاسایشێکی کەمتر لە ئارادا دەبێت، بەڵام ئازادییەکی زیاتر، یان دادپەروەرییەکی کۆمەڵایەتی زیاتر، -یان هەر ناوێکی لێ دەنێیت- دێتەئاراوە، بەڵام جیاواز لە پارتە سیاسییەکان لایەنگەلێکی دیکە هەن، کە پێیان دەڵێین رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە بە زۆری رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵەی پارێزەرانن و رێکخراوی زۆر لە وڵاتە جیاوازەکاندا هەن، کە بە دڵنیاییەوە داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن، لەلایەکی دیکەوە هێزەکانی ئاسایش هەن، بە زۆری سوپا و پۆلیس و پۆلیسی نهێنین، کە دیراسەتکردن و تێگەیشتن لێیان قورسترە، چونکە ئەم دەزگایانە بە نهێنی کاردەکەن. بەڵام لە کاری رێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی تێدەگەین کاتێك نارەزایەتی دەردەبڕێت، لەبەر ئەوەی بە ئاشکرا ئەم کارە دەکات. ئەوەی نایزانین ئەوەیە چۆن دامەزراوەکانی دەوڵەت- مەبەستم لە دامەزراوە ئەمنییەکانە- کار دەکەن، چۆن فشار لەسەر حکومەت دروست دەکەن بۆ کەمکردنەوەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان.

*** بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا لایەنی باش و خراپی هەیە، دەبینین تیرۆریستان زۆرترین سوودی لێوەردەگرن بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی خۆیان، هەروەها دەزگاکانی راگەیاندن بەکار دەهێنن بۆ پەخشکردنی ئەو کارانەی ئەنجامیان دەدەن، کەواتە راگەیاندن کەوتۆتە خزمەتی ئامانجەکانی ئەوانەوە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین کارێك بکەین راگەیاندن ببێتە هۆکارێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم؟**

- لە بنەڕەتدا ئەوەی ئێوە دەیڵێن ئەوەیە: ئایا ئەنتەرنێت و هۆکارەکانی دیکەی پەیوەندیکردن باشن، یان خراپن بۆ دیموکراسی؟ لێرەدا دەستەواژە سەرەکییەکە تەمومژاوییە، یاخود ئەوەیە مەسەلەکە بە هەردوولادا دەڕوات. واقیعەکە ئەوەیە زۆربەی سیستمەکانی ئەنتەرنێت لە دەستی کۆمپانیا تایبەتە سەرمایەدارییەکاندان. کەواتە مەسەلەکە ئەوە نییە بڕیار بدەین باشترین رێگەچارە چییە؟ - ئەگەر گوزارشتەکە راست بێت-، یاخود ئایا هاووڵاتیان چ مافێکیان هەیە کاتێك ئەنتەرنێت بەکار دەهێنن و ئایا مافی ئەوەیان هەیە هەندێ شت بلۆك بکەن؟ یاخود ئایا حکومەت دەتوانێت دەستێوەردان بکات؟ دەکرێت ئەمانە رووبدات و دەکرێت زۆر کاراش بێت،



**پرۆفیسۆر فلیپ شمیتەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئەورووپا لە فلۆرەنسا لە ئیتاڵیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە پرسی ئاشتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بۆ قسەکردن لەسەر راگرتنی هاوسەنگیی نێوان پاراستنی ئاسایش و پاراستنی تایبەتمەندی و ئازادییەکانی تاك و چۆنیەتی ئیستغلالکردنی هۆیەکانی راگەیاندن و پەیوەندی لەلایەن تۆرە تیرۆریستییەکانەوە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵی ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

وەك کوبا و چین و کۆریای باکوور و ئەو حکومەتانەی دیکە کە کۆنترۆڵی دەستڕاگەیشتن بە ئەنتەرنێت دەکەن، یاخود سنووورداری دەکەن، کەواتە دەکرێت ئەمە رووبدات و ئەوەش راست نییە کە بکرێت ئەنتەرنێت بە هەموو شوێنێك بگات، لەم رووەوە سیاسەتی حکومەت زۆر گرنگە. کێشەکە لە رۆژئاوادا ئەوەیە راگەیاندن لە دەستی کۆمپانیا تایبەتییەکاندایە، ئەو کۆمپانیا تایبەتانەش بەرژەوەندی خۆیان هەیە و لە بنەڕەتیشدا ئەوان تەنیا سەرقاڵی بەدەستهێنانی پارەن، سەربەخۆشن لە پرسی دیموکراسی و ئاسایشدا، کەواتە مەسەلەکە هەر ئەوە نییە سازشێکی سیاسی بکرێت لە نێوان ئاسایش و ئازادیدا، بەڵکو دەبێت تەبا و هەماهەنگ بێت لەگەڵ ئەو کۆمپانیانەی کە خاوەندارێتی تێیاندا تایبەتە و کۆمپانیای سەرمایەدارین.

***رادیکاڵەکان لە ئەورووپا سوود لەو ئازادی و مافانە وەردەگرن کە لە رۆژئاوادا فەراهەم کراون و دەستەبەربوون، ئەمەش بەکار دەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانیان و هەروەها بۆ خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین، چۆن لەو فەزای ئازادییەدا رێگری لە بڵاوبوونەوەی بیروبۆچوونە رادیکاڵییەکان دەکرێت؟**

- ئێوە قسە لەگەڵ کەسێك دەکەن کە هەم باوەڕی بە سیاسەت و هەم باوەڕی بە دیموکراسی هەیە، من باوەڕم بەوە هەیە کە تەنانەت لێدوانی ئەوپەڕی ئاگرین بڵاو بکرێتەوە، بەڵام هیوادارم زۆربەی میدیاکان دیمەنی راستەوخۆی کوشتنەکانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش بڵاو نەکەنەوە، بەڵام پێدەچێت نەتوانن رێگرییان بکەین لەوەی ئەم کارە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت بڵاو نەکەنەوە، کە ئەنجامدانی ئەم کارەش خراپترە لە رێگەپێدانی، لەبەر ئەوە دەبێت وریا بین دەرمانەکە لە دەردەکە خراپتر نەبێت. لە ئەورووپای رۆژئاوا و لە ئەمریکادا ئەو جۆرە سنووربەندییانەی هەن، تەنها سنووربەندی نین لەسەر بەرهەمهێنان، یان بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان، بەڵکو سنووربەندین لەسەر توانای حکومەت لە گەڕاندا بە دوای ئەو کەسەی گوێ بۆ زانیارییەکە دەگرێت، ئەوانە دوو رووی هەمان دراون، بەرهەمهێنانی زانیاری، یاخود ئەوەی چ لایەك مافی ئەوەی هەبێت هەر پەیامێك بەرهەم بهێنێت کە دەیەوێت، لایەنەکەی دیکەش بریتییە لەوەی بە پێی چ مەرجێك حکومەت دەتوانێت چاودێری بکات و گوێ لە قسەی خەڵك بگرێت و ئەوەش وەك ئامرازێك بۆ سەرکوتکاری بەکار بهێنێت.

***کێشەکە ئەوەیە تیرۆریستان بە شێوەیەکی ستوونی خۆیان رێکنەخستووە، بەڵکو بە شێوەیەکی ئاسۆیی و بەدوورن لە چاوی هێزەکانی پۆلیس و هاوکات تۆڕەکانی فەیسبوك و تویتەر بەکار دەهێنن، هەروەها شارەزایان پێیانوایە شەڕی تیرۆر فرەلایەنە و شەڕی هەمووانە لەبەر ئەوە پرسیارەکەی ئێمە ئەوەیە: ئایا راگەیاندن دەتوانێت رۆڵ ببینێت لەم شەڕەدا بەوەی بۆچوونی میانڕەوەکان بڵاو بکاتەوە، نەك توندڕەوەکان؟**

- کێشەکە ئەوەیە زۆرێك لە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئافرەتان و رێکخراوەکانی دیکەش ئەو هۆکارانە بەکار دەهێنن، واتە ئەگەر دەست بدەیتە کۆنترۆڵکردنیان و دەست بدەیتە چاودێریکردنیان ئەوا رێگری دەکەیت لە بەکارهێنانی هۆکارەکانی پەیوەندیکردن کە هۆکارگەلێکی زۆر بایەخدارن. ئەو دەستەواژەیەی ئێمە لەم بارودۆخەدا بەکاری دەهێنین بریتییە لە فرەیی، ئەوەی گرنگە ئەوەیە راگەیاندن رەنگدانەوەی بازنەیەکی بەربڵاوی بۆچوونەکان بێت، نەك لایەنداری لە لایەك بکات، کەواتە بۆچوونی جیاوازت دەبێت کە لەلایەن راگەیاندنی جیاواز و سەرچاوەی جیاوازەوە گوزارشتیان لێدەکرێت، بە دڵنیاییەوە لەم پرۆسەیەدا زۆرێك لە بابەتە بڵاوکراوەکان جێی متمانە پێکردن نین، ئەگەر گوزارشتەکە راستیش بێت، بەڵام گریمانەکە ئەوەیە ململانێی نێوان ئەم سەرچاوە جیاوازانە وەڵامێکی مانادار بەرهەم دەهێنێت، ئەمە ئەو گریمانەیە کە دەکرێت.

**مەسەلەکە هەر ئەوە نییە سازشێکی سیاسی بکرێت لە نێوان ئاسایش و ئازادیدا، بەڵکو دەبێت تەبا و هەماهەنگ بێت لەگەڵ ئەو کۆمپانیانەی کە خاوەندارێتی تێیاندا تایبەتە و کۆمپانیای سەرمایەدارین**

# کێشەی نەوتی کەرکووک و دەرهاویشتەکانی لەسەر هەناردە کردنی نەوت



دکتۆر بێوار خنسی*

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

بەپێی ڕێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان هەولێر و بەغدا، دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە ٥٥٠ هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات و تەسلیمی کۆمپانیای (سۆمۆ)ی بکات، کە ٢٥٠ هەزار بەرمیلی ڕۆژانە لە کێڵگە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (وەزارەتی سامانە سروشتییەکان) و ٣٠٠ هەزاریشی ڕۆژانە لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووك هەناردە بکرێت.

- **واقیعی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووك**

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێگەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و کۆمپانیای (کار) کێڵگە نەوتییەکانی (بای حەسەن و وەقبەی ئافانا) بەڕێوەدەبات، لەگەڵ ئەوەی بواری بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنان لەم دوو کێڵگەیە بۆ ٣٠٠ هەزار و هەروەها لە ئایندە بۆ ٤٠٠هەزار بەرمیلی ڕۆژانەی هەیە، بەڵام لە ئێستادا هەناردەکردنی نەوت لەوە زیاتر کارێکی ئاسان نییە و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو بۆرییەی نەوتەکەی پێدەگوێزرێتەوە تیرەکەی (٢٥ گرێیە) و کۆنە و ناتواندرێت لە ٣٠٠هەزار بەرمیل زیاتر بەم هێڵە کۆنە بگوازرێتەوە. هەر بۆیە ماوەیەکە دەستکراوە بە دروستکردنی هێڵێکی دیکە کە تیرەی بۆریەکەی (٣٦ گرێیە) بۆ ئەوەی ئەم دوو هێڵە کە درێژیەکەیان ٥٠-٦٠ کیلۆمەترە ببەسترێنەوە بە هێڵی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان نزیك کێڵگەی خورمەڵە، بۆیە لە ئێستادا قورسە بڕی ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوت بەو خێراییە بگوازرێتەوە. ئەمانەش هەمووی لە کاتێکدان کە بەغدا جەختدەکاتەوە کە دەبێت بڕی ٥٥٠ هەزار بەرمیل ڕۆژانە هەناردە بکرێت بۆ ئەوەی لە بەرامبەردا ڕێژەی ١٧٪ی بودجەی کوردستان بنێرێت، دوای ئەوەی خەرجییەکانی سەروەریی لێ دەردەکرێت کە بە ڕێژەی ٣٠٪ی بودجەی عێراق خەمڵێندراوە.

٢. کێڵگەکانی (بابەگوڕگوڕ) لەگەڵ هەندێك کێڵگەی بچووك وەك کێڵگەکانی (جەمبور و خەبازە) لەلایەن کۆمپانیای نەوتی باکوور کە سەر بە وەزارەتی نەوتی عێراقە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بەڕێوەدەبرێن، ڕێژەی بەرهەمهێنان لەم کێڵگانەش نزیکەی ١٥٠ هەزار بەرمیل نەوتە لە ڕۆژێکدا، ٣٠ هەزار بەرمیل نەوت لەم بڕە دەنێرێت بۆ مەسفاکان و ئەوی دیکەشی کە ١٢٠ هەزار بەرمیلە ڕۆژانە بە ڕێگەی تەنکەر هەناردەی ئێران دەکرێت، پارەی ئەم نەوتە نازاندرێت بۆ کوێ دەچێت و تێکەڵاوی بودجەی عێراق نابێت.

٣. هەروەها کۆمپانیای گازی باکوور کە ئەویش سەر بە وەزارەتی نەوتی عێراقە، ڕێژەیەکی زۆر گاز بەرهەمدەهێنێت بە مەبەستی دابینکردنی گازی سروشتی بۆ هاووڵاتیانی پارێزگای کەرکووك، گازی شلیش بۆ هەندێ کارگەی گازیش دەنێرێت.

● **دەرئەنجامەکان**

١. گرنگە واقیعی بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت لە کەرکوك بۆ رای گشتی وەك لەپێشەوە ئاماژەمان پێکرد روونبکرێتەوە، بەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان (کۆنترۆڵی لەسەر هەموو کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوك نییە) بەڵکو وەك لە خاڵی یەکەم پێشتر ئاماژەمان پێکرد بەشێکی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەشەکەی تریشی وەك لە خاڵی دووەم ئاماژەمان پێکرد لەلایەن کۆمپانیای نەوتی باکوور و ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکەوە بەڕێوەدەبرێن.

٢. بەشی زۆری حزبە سیاسییەکانی کوردستان و نوێنەرەکانیان لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق، ئاگاداری ئەم واقیعەن، بەڵام ئاراستەی رەخنە و تۆمەتەکانیان تەنها رووی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە لەگەڵ ئەوەی پابەندبووە بە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی رێککەوتنەکەی نێوان بەغدا و هەولێر سەبارەت بە هەناردەکردنی ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوت رۆژانە لە کەرکوك و ٢٥٠ هەزار بەرمیل لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم، لەبەرامبەر ئەمەدا (حکومەتی بەغدا رێژەی بودجەی مانگانەی هەرێم بە پێی رێژەی ئەو نەوتە دەنێرێت کە مانگانە هەرێم رەوانەی دەکات) هەروەك چۆن بەم دواییە بڕی (٤٢٠ ملیۆن دۆلاری کە دەکاتە ٤٨٠ ملیار دینار) لەبەرامبەر ئەو بڕی نەوتە رەوانە کرد کە هەرێمی لە مانگی شوبات رەوانەی کردبوو، لەم حاڵەتە حکومەتی هەرێمی کوردستان رووبەڕووی حاڵەتێکی دژوار بۆتەوە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان، ئەمە وێڕای ئەو بارودۆخە سەختەی ئێستا هەرێم پێدا تێدەپەڕێت هەر لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان و چارەسەرکردنی کێشەی پەنابەران و بڕینی بودجەی هەرێم لە شوباتی ٢٠١٤، قەرزەکانی ئەو کۆمپانیا نەوتییانەی لە کوردستان کاردەکەن، هەروەها چەندین کێشەی دیکە کە دەرهاویشتەی ئەم رێککەوتنەی دوایی نێوان بەغدا و هەولێرن سەبارەت بە بودجە و هەناردەکردنی نەوت.

٣. ئەگەر ناردنی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن بەغداوە بەپێی رێژەی ئەو نەوتە بنێرێت کە هەرێم تەسلیمی کۆمپانیای سۆمۆی دەکات، هەروەك چۆن بۆ مانگی شوبات تەنها ٤٨٠ ملیار دیناریان ناردووە لەبەرامبەر ئەو نەوتەی هەناردە کراوە، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە لەسەری هەموو رێگەیەك بگرێتە بەر بۆ ئەوەی ئەو کەمکردنە پڕبکاتەوە کە پێویستە مانگانە بۆ مووچەی فەرمانبەران دابینی بکات، دیارە بڕی پارەی مووچەخۆران بە ٨٥٠ ملیار دینار مەزندە کراوە و لەم حاڵەتەشدا بڕی ٣٧٠ ملیار دینار کەمترە لەو بڕەی بەغدا ناردوویەتی.

٤. دەبوو شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو خێراییە پابەند نەبوایە بە هەناردە کردنی ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە لە کەرکووکەوە، ئەمەش لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری راستەوخۆ، لەوانە (واقیعی بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت لە کەرکوك، باری ئاسایش و سەربازی ناوچەکە، نەبوونی پێداویستی هونەری کە هاریکاربێت بۆ چارەسەری کێشە هونەرییەکان پەیوەست بە بەرهەمهێنانەوە بە خێرایی، هەروەها بەستنەوەی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوك بە هێڵی کوردستانەوە بەو ئاسانییە نییە).

● **پێشنیارەکان:**

١. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی سەبارەت بە واقیعی کەرتی نەوت لە کەرکوك، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە بڕگەی یەکەم و دووەمی تایبەت بە بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکان هەیە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای نەوتی باکوور و ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکەوە. بۆ ئەمەش باشترە لیژنەیەکی هونەری لە بواری نەوت بەم کارە هەڵبستێت، هەروەها گرنگە بەغدا ئاگاداری ئەوە بێت دۆسێی نەوت و گاز لە کەرکوك چۆن هەڵدەسووڕێت.

٢. پێویستە دەستەیەکی تایبەت بە کەرتی نەوت و وزە دابمەزرێت و ئەم دەستەیە راستەوخۆ سەر بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە بەدواداچوون لەسەر هەموو ئەو پرسانە بکات کە پەیوەندی بە کاروباری نەوت و وەزەوە هەیە و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە دۆسییە ژیارییە گرنگە ئاگادار بکاتەوە، لەبەر ئەوەی کاریگەری راستەوخۆی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان و ئاسایشی نیشتمان و ئاسایشی ئابووری هەیە.

٣. بارودۆخی ئێستا وا پێویست دەکات کە پەلە بکرێت لەو پابەندبوونانەی کە بەپێی رێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان هەولێر و بەغدا هاتۆتە ئاراوە و دەبێت هەردوولا بەغداو هەولێر پێوەی پابەند بن.

٤. پەلەکردن لە دامەزراندنی سندوقی کوردستان بۆ داهاتی نەوت، ئەم سندوقە داهاتەکان و رێژەی نەوتی بەرهەمهاتوو و فرۆشراو رێکدەخات، هەروەها پەیوەندییەکان و یاساکان و پابەندبوونەکانی تایبەت بە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت و هەروەها رێکخستنی بەشی پترۆ دۆلار و سندوقی نەوەکانی داهاتوو و سندوقی ژینگە).

---

* **راوێژکاری وزە لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان**

**بارودۆخی ئێستا وا پێویست دەکات کە پەلە بکرێت لەو پابەندبوونانەی کە بەپێی رێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان هەولێر و بەغدا هاتۆتە ئاراوە و دەبێت هەردوولا بەغداو هەولێر پێوەی پابەند بن**

**پێویستە دەستەیەکی تایبەت بە کەرتی نەوت و وزە دابمەزرێت و ئەم دەستەیە راستەوخۆ سەر بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بێت**

**دەبوو شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو خێراییە پابەند نەبوایە بە هەناردە کردنی ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە لە کەرکووکەوە**

**بڕی پارەی مووچەخۆران بە ٨٥٠ ملیار دینار مەزندە کراوە و لەم حاڵەتەشدا بڕی ٣٧٠ ملیار دینار کەمترە لەو بڕەی بەغدا ناردوویەتی**



ولیام شاباس

پسپۆڕی یاسای نێودەوڵەتی بۆ تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بۆ گوڵان:

# دەبێت نەتەوە یەکگرتووەکان لە چوارچێوەی بنەمای بەرپرسیاریەتی پاراستن، تاوانەکانی داعش وەک تاوانی دژی مرۆڤایەتی بناسێنێت

**ولیام شاباس پسپۆڕێکی کەنەدییە لە بواری یاسای نێودەوڵەتی و سەرۆکی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ بووە لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئوستادی یاسای نێودەوڵەتییە لە زانکۆی میدلسیکس لە لەندەن، هەروەها ئوستادی زانکۆی کوبیك بووە لە مۆنتریال، بۆ قسەکردن سەبارەت بە تاوانە دڕندانەکانی تیرۆریستانی داعش و هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** وەك پسپۆڕێك لە بواری یاسای نیودەوڵەتی چۆن سەیری ئەو تاوانە دڕندانە دەکەن کە تیرۆریستانی داعش دژ بە خەڵکانی ناوچەکە ئەنجامیان داوە؟ ئایا تاچەند ئەم تاوانانە وەك تاوانێك دژی سەرجەم مرۆڤایەتی هەژمار دەکرێن؟**

- ئاشکرایە بە هۆی ئەو ڕەفتارانەی تیرۆریستانی داعش ئەنجامیانداوە بارودۆخەکە ئاڵۆز و خراپتر بووە، ئەوەی هەتا ئێستا لەسەر تاوانەکانی ئەم گرووپە گوتراون، هەموو لایەنەکانیان ئاشکرا کردووە، بۆیە من لەوانەیە شتێکی زیاترم نەبێت لەوەی تا ئێستا گوتراوە، ئەوەی من بەدواداچوونم لەسەر کردووە، ئەو راپۆرت و هەواڵانەن کە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاویان کردۆتەوە، لەوانەیە لایەنی پەیوەندیدار لە بەریتانیا کاری دیکە بکەن، بەڵام ئەوەی داعشییەکان کردوویانە ڕەفتارگەلێکە دژ بە هەموو مرۆڤایەتی و بێجگە لەو ڕەفتارە دڕندانانەی پێشتر دژی مافی مرۆڤ ئەنجامیانداوە، بەم دواییە کەوتنە تێکدان و ڕووخانی شوێنەوارە دێرینەکان و شکاندنی مۆنمێتە دێرینەکان.

*** ئەوەی داعش دەیکات لەسەردەمێکدایە کە پێی دەگوترێت سەدەی بیست و یەکەم، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا وەڵامدانەوە وکاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی بەریتانیا چی دەبێت وچۆن دەکرێت کار بکرێت بۆ ئەوەی ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی بکرێت؟**

-ڕەنگە بکرێت بە دوو شێوە وڵاتێکی وەك بەریتانیا ڕۆڵ ببینێت، یەکەمیان کارکردنە لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ گرتنەبەری کردەوەگەلێك بە ئامانجی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، بە دڵنیاییەوە تەحەددییەکە ئەوەیە کاری سوودبەخش و کاری بنیاتنەر چی دەبێت و ئەوەش کاری کەسانی دیپلۆماتکار و تایبەتمەندەکانە کە ئەوە دیاری بکەن، من لێرەدا راسپاردەیەکی دیاریکراوم نییە جگە لەو موناقەشانەی دەکرێن، لەبەر ئەوەی کێشەی گەورەی عەمەلی هەن، ئەوە ئاستەنگەکەیە و ئەوە دژوارییەکەیە، بەڵام بنەماکە ئەوەیە دەستێوەردانی نێودەوڵەتی لە ڕێی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بکرێت. مەسەلەکەی دیکە بریتییە لە دادگاییکردنی ئەو تاوانە نێودەوڵەتییانەی کە روو دەدەن. ئەمەش بە دامەزراوەیەکی وەك دادگای نێودەوڵەتی تاوان دەکرێت، کە دەبێت دەسەڵاتی پێبدرێت- بۆ ئەنجامدانی ئەو دادگاییکردنە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئایا وڵاتان ئەم دەسەڵاتەی پێدەدەن. ئەمانە دوو بوارن کە دەکرێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشداربن و ئومێدەکە ئەوەیە ڕۆڵێکی بنیادنەر ببینن بۆ باشترکردنی بارودۆخەکە.

*** ئێزیدییەکان لە شنگال ڕووبەڕووی کوشتاری بە کۆمەڵ و دەستدرێژی و بە کۆیلەکردنی ئافرەتان و کچەکانیان بوونەوە، جیهانیش شایەتحاڵی ڕوودانی ئەم کارەساتە بوو، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی قەرەبووی قوربانییەکانی ئەم کارەساتە دەکاتەوە؟ئایا دەکرێت ئەم کەیسە بەجینۆساید بناسرێت و ئایا بەجینۆساید ناساندنی ئەم تاوانەچ ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە؟**

- من ئاماژە بە بنەمای بەرپرسیارێتی دەکەم (responsibility to protect)، کە ڕۆژ بە ڕۆژ گرنگییەکەی زیاتر دەبێت لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، کە ئەمە بەسەر ئەو بارودۆخانەدا جێبەجێ دەبێت کە ئیدیعای ڕوودانی جینۆساید لە ئارادا بێت، هەروەها ئیدیعای ڕوودانی تاوانی شەڕ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و پاکتاوی ڕەگەزی بێت، بە دڵنیاییەوە لەو کردەوانەدا- ئەگەرچی مشتومڕی ئەوە بکرێت کە ئایاجینۆساید ڕوویداوە،یان نا- بەڵگەی ڕوودانی تاوانی شەڕ وتاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و پاکتاوی ڕەگەزی بەدیدەکرێت. کەواتە ئەم بنەمایە جێبەجێ دەبێت بە سەریاندا. کێشەکە ئەوەیە کامە ڕێگە گونجاوە بۆ دەستێوەردان و دەبێت ڕێککەوتنێك بکرێت لە نێو نەتەوەیەکگرتووەکاندا بۆ ئەو کارە، لەبەر ئەوە ئەمە مەسەلەیەکی ئاسان نییە. و ڕوون نییە بۆمبهاوێژەکانی بەریتانیا وئەمریکا کە بە سەر ئەو ناوچانەدا دەفڕن و بۆردومان دەکەن، چۆن کارێکی باش دەکەن بۆ باشترکردنی بارودۆخەکە. بەڕاستی تەحەددییەکە دۆزینەوەی شێواز و ئامرازێکە بۆ ئەوەی بە هۆیەوە کۆمەڵگەی نەتەوە

**لەسەر ئاستی یاسای نێودەوڵەتی چەند میکانیزمێک هەن لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و دادگای نێودەوڵەتی تاوان کە ئومێدی ئەوە هەیە ببنە هۆی هێنانەئارای ئاشتی و سەقامگیری لەناوچەکەدا**

**تیرۆریستان بە ڕاددەیەکی زۆر لە دیموکراسییەتێکی جێگیر دابڕاون، بەڵام ئەوان ناتوانن لە ناوی ببەن بەهۆی کاری تیرۆریستی دابڕاوەوە**

**ڕژێمە دیموکراسییە بەهێزەکان هاوسۆزی تیرۆریستان نین بۆ ئەوەی ئەم جۆرە توندڕەوەی و تیرۆرە بمێنێت**

یەکگرتووەکان بەشدار بێت بە چەشنێك بارودۆخی ئەو خەڵکە ئاساییە باشتر بکات کە لە ناوچەکەدا دەژین. لێرەدا من پێشنیارێکی بلیمەتانە، یان موعجیزەئاسا شك نابەم بۆ ئەوەی بیخەمەڕوو، بەڵام دەبێت وریا بین و هۆشیاربین لەبارەی چارەسەرێکی سادەی سەربازی کە ببێتە هۆی باشتربوونی بارودۆخەکە کە لە راستیدا زۆر لەوە ئاڵۆزترە.

*** ئایا ئەرکی دادگای نێودەوڵەتی تاوانە کە بایەخ بەوە بدات ئەم کەیسانە بەجینۆساید بناسێنێت؟**

- یەکێك لە شێوازەکان بریتییە لە دادگای نێودەوڵەتی تاوان و من ئاماژەم بە بنەمای بەرپرسیارێتی پاراستن کرد و ئەنجامدانی کردەوەی سەربازیش دەگرێتەوە کە بە دڵنیاییەوە دەبێت رەزامەندی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەسەر بێت. هەروەها دەکرێت دادگای نێودەوڵەتی تاوانیش میکانیزمێکی کارابێت بۆ رووبەڕبوونەوەی ئەو کەسانەی هەڵدەستن بە ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان، یان ئەوانەی بیر لە ئەنجامدانی تاوانی نێودەوڵەتی دەکەنەوە. ئەمانە هەندێ لە میکانیزم و تەکنیك و شێوازەکانن، دەکرێت ئەمانە یارمەتیدەر بن، بەڵام ئاشکرایە ئەمە دۆخێکی ئاڵۆزە و ناوچەکە پڕ لە کێشە و دژوارییە. لەبەر ئەوە پێموا نییە چارەسەرێکی روونی موعجیزەئاسا هەبێت کە لە مانگەکانی داهاتوودا دۆخەکە چارەسەر بکات، بەڵام گرنگ دەستنیشانکردنی ئەوەیە کە لە کوێوە دەستپێبکەین کە ئەو شێوازەی ئاماژەم پێکردن بە گونجاو دێنە بەرچاو بۆ ئەوەی بکرێنەخاڵی دەستپێك.

***دەوڵەتە شکستخواردووەکان زەمینەی لەباریان دروستکردووە بۆ دروستبوون و گەشەکردنی تیرۆریزم، بۆ نموونە بەهۆی شکستخواردنی عێراق و سووریاوە تیرۆریستان توانیویانە دەوڵەتی ئیسلامی رابگەیەنن، ئەم دەوڵەتانەش بوونەتە سەرچاوەی توندوتیژی کە سەری کێشاوە بۆ کوشتار وجینۆساید؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەگەری ئەوە هەیە بەدەست بهێندرێت، بەڵام ئەمە ناوچەیەکی زۆر ئاڵۆزە و بۆ چەندین ساڵ لە لایەن رژێمی خۆسەپێن و بگرە دیکتاتۆرییەوە حوکمرانی کراون، یەکێکیان سەددام حوسێن و ئەوی دیکەیان رژێمی سووریایە، کە یەکەمیان رووخێنرا وبە تەواوەتی داڕووخا، بەڵام رژێمەکەی سووریاش لە دۆخێکی خراپدایە ئەگەرچی هێشتا لە دەسەڵاتدا ماوە. لەبەر ئەوە هاوڕام کە ئەوە دۆخێکی پڕ لە پشێوییە و کەشێك دەخوڵقێنێت کە رێکخراوێکی وەك دەوڵەتی ئیسلامی گەشە بکات و پێدەچێت ئەمەش روویدابێت. ئایا تاچەند بەهێزن؟ هەرکاتێك دامەزراوەی دەوڵەتی بەهێز هەبوو، یان رژێمێکی خاوەن میسداقییەت هەبوو لە دوو وڵاتی عێراق و سووریا، ئەوا دەوڵەتی ئیسلامی هێندە بەهێز و مەترسیدار نابن، ئەوان سوودیان لە لاوازیی گەورەی حکومەتەکانی بەغدا و دیمەشق وەرگرتووە.

*** رادەی ئەو مەترسییە چەندە کە لە گەڕانەوەی تیرۆریستاندا بۆ وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا بەدی دەکرێت و ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت دەست بدەنە کاری توندوتیژی و تیرۆریستی. ئایا لەم رووەوە دەکرێت چ هەنگاوێك بۆ رێگرتنیان هەڵبگیرێت؟**

- چەندین رێوشوێن گیراونەتەبەر لە بەرامبەر ئەوانەی رۆیشتوون شەڕیان بۆ داعش کردووە، یان یارمەتی داعشیان داوە. چونکە نیگەرانییەکی گەورە هەیە لەوەی ئەگەر ئەو کەسانە بگەڕێنەوە ئەوا کاری تیرۆریستی ئەنجام بدەن لە بەریتانیا، یاخود لە فەرەنسا و شوێنەکانی دیکە. راستە تیرۆریستان دیموکراسیەتێکی بەهێز و رژێمێکی گەشەکردوو لە ئەمریکا و ئەورووپا بەدی دەکەن، بەڵام ئەو خاکە بەپیت نابێت بۆ ئەو جۆرە گوتار و رەفتارانە بە شێوەی ئەوەی لە بەشێکی عێراق و سووریادا دەیکەن. رەنگە بتوانن هەندێ کێشە بخوڵقێنن، چونکە هەمیشە تیرۆریستە دابڕاوەکان رادەیەك لە کێشە دروستدەکەن، تا ئەوکاتەی دەستگیر دەکرێن، بەڵام زۆر زەحمەتە کە پێشبینیان بکەین و مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، بەڵام دەسەڵات چاودێرییان دەکات و هەوڵدەدات ئەوەندەی دەکرێت چاوکراوەتر بێت، لەبەر ئەوەی تیرۆریستان بە رادەیەکی زۆر لە دیموکراسییەتێکی جێگیر دابڕاون، بەڵام ئەوان ناتوانن لە ناوی ببەن بەهۆی کاری تیرۆریستی دابڕاوەوە، رەنگە هەندێ قوربانی بێتە ئاراوە رەنگە هەندێ پشێوی دروست بکەن، بەڵام رژێمە دیموکراسییە بەهێزەکان هاوسۆزی تیرۆریستان نین بۆ ئەوەی ئەم جۆرە توندڕەوەی و تیرۆرە بمێنێت، من قەناعەتم بەمە هەیە. ئەوەی بەڕاستی گرنگە بۆ خەڵکی بەریتانیا و ئەورووپا و شوێنەکانی دیکە ئەوەیە متمانەیان هەبێت کە دەتوانن لەگەڵ ئەم مەسەلانەدا مامەڵە بکەن و من ئیستفزاز نابم کە ئەمە ئامانجی تیرۆریستانە بۆ ئەنجامدانی کردەوەگەلێك کە ببێتە هۆی لەناوبردنی لایەنی بەهێزی دیموکراسیەتێکی لێبوردە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- لەسەر ئاستی یاسای نێودەوڵەتی چەند میکانیزمێك هەن لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و دادگای نێودەوڵەتی تاوان کە ئومێدی ئەوە هەیە ببنە هۆی هێنانەئارای ئاشتی و سەقامگیری لەناوچەکەدا، هیوادارم بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە بەکاربهێندرێن، ئەمەخواستی من و ئەمە پەیامی منە.


**تیرۆریستان دیموکراسیەتێکی بەهێز و رژێمێکی گەشەکردوو لە ئەمریکا و ئەورووپا بەدی دەکەن، بەڵام ئەو خاکە بەپیت نابێت بۆ ئەو جۆرە گوتار و رەفتارانە بە شێوەی ئەوەی لە بەشێکی عێراق و سووریادا دەیکەن**

**چەندین رێوشوێن گیراونەتەبەر لە بەرامبەر ئەوانەی رۆیشتوون شەڕیان بۆ داعش کردووە، یان یارمەتی داعشیان داوە**

**هەر کاتێک دامەزراوەی دەوڵەتی بەهێز هەبوو، یان رژێمێکی خاوەن میسداقییەت هەبوو لە دوو وڵاتی عێراق و سووریا، ئەوا دەوڵەتی ئیسلامی هێندە بەهێز و مەترسیدار نابن، ئەوان سوودیان لە لاوازیی گەورەی حکومەتەکانی بەغدا و دیمەشق وەرگرتووە**

# ئیسلام
# لە گۆشەنیگای فەلسەفەی ئایینەوە

بەشی نۆیەم



ئازاد قەزاز

بۆ گوڵان دەینووسێت

یەکەم؛ بۆچی محەمەد بۆ ئەوان جێگەی پرسیار بوو کاتێ کە ئەو خۆی وەک پەیامبەرێک بەوان دەناساند؟ ئەم پرسیارە ئەمانباتەوە سەر زیهنییەتی عەرەبی ئەو سەردەمەی ئەوان کە تیایدا چۆن لە پەیامبەرێتییان ڕوانیوە. پەیامبەر لە تێگەشتنی ئەواندا کەسێکی ئاسایی نەبووە، وەک مرۆڤی ئاسایی نەژیاوە، چواردەوری بە فریشتەکان گیراوە، موعجیزەکان لە بەردەستیا وەک باران دەبارێن، ئیدی چۆن دەبێت ئەم مرۆڤە ئاساییەی وەک محەمەد، مرۆڤێکی بێ باوکی بێدەسەڵات، چۆن دەبێت ئەمە ئەو پەیامبەرە بێت کە خودا بینێرێت!؟ واتە ئەوەی لە زیهنی ئەواندا سەبارەت بە دیاردەیەکی وەک پەیامبەر ئامادەیە، لەگەڵ ئەو مرۆڤەدا پێکنایەتەوە کە بانگەشەی پەیامبەرێتی دەکات.

دووەم؛ لەو سەردەمەدا عەرەب باوەڕی نەکردووە کە کەلامی خودا بەو شێوە سادەییە بێتە بەردەستیان کە قورئان خۆی پێئاشکرا کردووە. لە زیهنی ئەواندا دەبێت کەلامی خودا وەک موعجیزەیەک لە ئاسمانەوە بێتە خوارێ. ئەم زیهنییەتە ئەگەر ڕابردوو نەیخولْقاندبێت لە کوێوە هاتووە؟! ئەم دوو نموونەیە دەتوانین لە ناو قورئان بدۆزینەوە بێئەوەی بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، واتە پێویست بەوە ناکات بۆچوونەکەمان بە قیل و قالی ئەم و ئەو، پشت ئەستوور بکەین، چونکە خودی قورئان خۆی سەرچاوەی باوەڕپێکراوی جیهانی ئیسلامییە.

ئەم چەند ئایەتەی خوارەوە وەک نموونە وەردەگرین و شیکاری خۆمانی بۆ دەکەین. ئێمە لێرەدا هەوڵی ئەوە نادەین کە تەفسیری ئایەتەکان بکەین، بەڵکو گەرەکمانە بزانین لە پشتی ئەم ئایەتانەوە چ کۆنتێکستێک ئامادەیە کە ئەم تێکستانە تیایدا بەرهەمهاتوون. ئێمە لە پێشەوە دوو خاڵمان ورووژاند سەبارەت بەوەی کە بۆ مرۆڤ ئەفسانەدار دەکرێت و پەیامبەر محەمەدمان کردە نموونە کە چۆن لە سەرەتادا بەرەنگاری دەبنەوە و لە پاشاندا ئەفسوناوی دەکرێ و ئیمڕۆکە لە مرۆڤبوونی خۆی شۆراوەتەوە و کراوە بە کائینێکی خورافی وەها کە ڕەنگە خۆی ئێستا زیندوو بێتەوە، خۆی نەناسێتەوە.

پوختەی مەبەست ئەوەیە؛ عەرەبەکانی پێش ئیسلام کە بە سەردەمی جاهلی ناسراوە، چۆن لە دیاردەی پەیامبەرێتییان ڕوانیوە و پەیامبەرەکانی پێش خۆیان چۆن خورافی کراون، ئیمرۆکەش موسڵمانەکان سەبارەت بە دیاردەی پەیامبەرێتی، هەمان کاراکتەری ئەو عەرەبانە دووبارە دەکەنەوە. وەک گریمانەیەک کە ئەگەر هەنووکە مرۆڤێک خۆی دەرخات و بڵێ من پەیامبەرێکم وەک ئەو پەیامبەرانەی لە مێژوودا سەریان هەڵداوە، موسڵمانەکان هەمان داوای لێدەکەنەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە ئەو پەیامبەرە، ئەو داوایانەی کە عەرەبەکانی پێش ئیسلام لە محەمەد داوایان کردبوو. ئەم ئایەتانەی خوارەوە وەک نموونە وەرگرە تا بتوانی لە کێشەکانی ئەو سەردەمە بگەیت و لە نێوەندی ئەو ئایەتانەوە واقعەکە وەک خۆی ببینیتەوە، نەک ئەوەی کە مێژووی ئیسلام و موسڵمانان دەیگێڕنەوە.

وَ إِذْ قالُوا اللّهُمَّ إِنْ کانَ هذا هُوَ الْحَقَّ مِنْ عِنْدِکَ فَأَمْطِرْ عَلَیْنا حِجارَةً مِنَ السَّماءِ أَوِ ائْتِنا بِعَذابٍ أَلِیمٍ.[1]

وَمَا أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِنَ الْمُرْسَلِينَ إِلَّا إِنَّهُمْ لَيَأْكُلُونَ الطَّعَامَ وَيَمْشُونَ فِي الْأَسْوَاقِ ...[2]

بَلْ قَالُوا أَضْغَاثُ أَحْلَامٍ بَلِ افْتَرَاهُ بَلْ هُوَ شَاعِرٌ فَلْيَأْتِنَا بِآيَةٍ كَمَا أُرْسِلَ الْأَوَّلُونَ.[3]

إِذْ جَاءَتْهُمُ الرُّسُلُ مِن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا اللَّهَ قَالُوا لَوْ شَاءَ رَبُّنَا لَأَنزَلَ مَلَائِكَةً فَإِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ كَافِرُونَ.[4]

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَقَفَّيْنَا مِن بَعْدِهِ بِالرُّسُلِ. وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ أَفَكُلَّمَا جَاءَكُمْ رَسُولٌ بِمَا لَا تَهْوَىٰ أَنفُسُكُمُ اسْتَكْبَرْتُمْ فَفَرِيقًا كَذَّبْتُمْ وَفَرِيقًا تَقْتُلُونَ.[5]

الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ عَهِدَ إِلَيْنَا أَلَّا نُؤْمِنَ لِرَسُولٍ حَتَّىٰ يَأْتِيَنَا بِقُرْبَانٍ تَأْكُلُهُ النَّارُ قُلْ قَدْ جَاءَكُمْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِي بِالْبَيِّنَاتِ وَبِالَّذِي قُلْتُمْ فَلِمَ قَتَلْتُمُوهُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ.[6]

أَوْ يَكُونَ لَكَ بَيْتٌ مِّن زُخْرُفٍ أَوْ تَرْقَىٰ فِي السَّمَاءِ وَلَن نُّؤْمِنَ لِرُقِيِّكَ حَتَّىٰ تُنَزِّلَ عَلَيْنَا كِتَابًا نَّقْرَؤُهُ. قُلْ سُبْحَانَ رَبِّي هَلْ كُنتُ إِلَّا بَشَرًا رَّسُولًا . وَمَا مَنَعَ النَّاسَ أَن يُؤْمِنُوا إِذْ جَاءَهُمُ الْهُدَىٰ إِلَّا أَن قَالُوا أَبَعَثَ اللَّهُ بَشَرًا رَّسُولًا. قُل لَّوْ كَانَ فِي الْأَرْضِ مَلَائِكَةٌ يَمْشُونَ مُطْمَئِنِّينَ لَنَزَّلْنَا عَلَيْهِم مِّنَ السَّمَاءِ مَلَكًا رَّسُولًا.[7]

ذَٰلِكَ بِأَنَّهُ كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَقَالُوا أَبَشَرٌ يَهْدُونَنَا فَكَفَرُوا وَتَوَلَّوا . وَّاسْتَغْنَى اللَّهُ . وَاللَّهُ غَنِيٌّ حَمِيدٌ.[8]

کاتێ بە وردی لەم ئایەتانە دەکۆڵیتەوە، دەگەیتە ئەوەی کە لەو سەردەمەدا گفتوگۆیەکی چڕوپڕ سەبارەت بە شەرعییەتی بوونی محەمەد وەک پەیامبەر، لە ئارادا بووە. کێشەکە ئەوە نەبووە کە باوەڕیان بە خودا نەبووبێت، کێشە ئەوە بووە کە ئایا خودا بەڕاستی ئەم مرۆڤە ئاساییەی هەڵبژاردووە تا بیکاتە پەیامبەری خۆی؟ چونکە ئەوان بە گوێرەی ئەوەی کە لە سەری پەروەردەکراون و لە ناو ئایدیۆلۆژیای ئایینی ئەو سەردەمە کە نقوم بوون، ئەو ڕابردووەی ئەوانی خولقاندووە، هەرگیز پەیامبەری لەو چەشنەیان نەبیستبوو، بەڵام پاش ئەو کاتەی کە ئەگەر بە هێزی ئیقناع بووبێ، یان بەهێزی دەسەڵاتی ماریفی و سیاسی بووبێت، کاتێ ئەو پەیامبەرە بووە ئەمری واقع، ئیتر هەرچی خورافاتی ڕابردوو کە بۆیان مابۆوە، دیسانەوە ئەیکەنەوە بە بەری ئەم پەیامبەرە نوێیە و بۆ ئێمەیان ڕەوانە کردۆتەوە.

ئایەتەکانی پێشەوە جوان بخوێنەرەوە و سەردانی مامۆستایەک بکە تا بۆت وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی، ئەوجا بیری لێبکەرەوە؛ بزانە هۆکاری سەرەکی باوەڕنەکردنی ئەوان ئەوە نەبووە کە پەیامبەر محەمەد شەرعییەتی وەرنەگرتووە نەک باوەڕیان بە پەیامبەرێتی نەبووبێت. ئایەتی یەکەم داوا لە خوا دەکەن تا دڵنیایان کاتەوە، کە ئاخۆ محەمەد ڕاست دەکات و لەلایەن خۆیەوە نێردراوە، بەوەی کە ئەگەر ئەوە ڕاستە، دەی خوایە عەزابی خۆتمان بۆ بنێرە، یان بەردەبارانمان بکە، تا لەوە دڵنیا بینەوە. لە ئایەتی دووەمدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەو خەڵکە هێندە پەیامبەر بەلایانەوە خورافی بووە، باوەڕیان نەکردووە پەیامبەر هەبێت بخوات و بخواتەوە و بەسەر زەویدا وەک مرۆڤەکانیتر هەنگاو بنێت و لە بازارەکاندا بسوڕێتەوە. قورئانیش هەر ئەوەیان لێدووپات دەکاتەوە کە بەڵی ئەوە محەمەدە و مرۆڤە و وەک ئەو خەڵکە ئاساییە بەم سەر زەوییەدا دێت ودەچێت، بەڵام پەیامبەریشە.

ئەم بابەتە وەک پێشەکییەک دەیخەمە بەردەستتان، تا بتوانن لە مەبەستی ئێمە تێبگەن، کە بۆ دەمانەوێ محەمەد وەک مرۆڤ بە ئێوەی بناسێنین. پاش ئەم پێشەکییە هەوڵ دەدەم کە بە یارمەتی میتۆدێکی سایکۆلۆژی بە ناواخنی محەمەدا بچینە خوارەوە و وەک گشت مرۆڤێ کە هەڵگری کۆمەڵی سیفات و خەسڵەتە بخەینە بەرچاوتان. لە سەرەتا بە باسکردنێکی فەیلەسوف و دەروونناسی ئەمریکی ڕۆبەرت دیڵتس دەستپێدەکەم. ئەویش چەمکێکی لە هەقیقەتی پەیامبەر عیسا دەرخستووە، ئێمەش هەوڵ دەدەین چەمکێک لە پەیامبەر محەمەد دەرخەین و وەک مرۆڤ بیخەینە بەردەستتان و لەو خورافات و ئەفسانەدارییەی بۆیان ناوەتەوە دەریبهێنین.

لە پێشەوە تیشکمان خستە سەر پەیامبەرێتی محەمەد

**ئیمرۆکە فەلسەفە، سایکۆلۆژیا، سۆسیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا کەرەسەی تایبەتیان بەرهەمهێناوە کە بە هۆیانەوە مرۆڤ دەتوانێ بە چاوێکی زۆر جیاواز لە جاران، دیاردەی ئایین و پەیامبەرێتی و کاراکتەری ئایینی مرۆڤ، بخوێنێتەوە**

**پرۆسەی فێربوون لە ناو پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردنی تاکەوە، مرۆڤ بە چوار دۆخدا تێدەپەڕێنێت، کە مرۆڤ لە دۆخی چوارەمدا گەر بە خۆیدا نەچێتەوە وەک ڕۆبۆتێکی لێدێت، جگە لە خۆ دووبارە کردنەوە، هیچیتری نوێی بۆ ناکرێتەوە**

**مرۆڤ تەنها بە جەستە لەم سەردەمەدا دەژی، ئەگین بە ڕۆح لە ڕابردووی خۆیدا دەژی. گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و شەنوکە و کردنی ساتەکانی ژیانی ئەوکات، ئازادیمان پێدەبەخشێ و فەزای بیرکردنەوەمان فراوانتر دەکات**

**لە ڕێگەی قورئان خۆیەوە کە شایەتحاڵی ڕاستەقینەی ئەو سەردەمەیە، بچینەوە ئەو سەردەمە، تا لە ململانێی ئەو سەردەمە تێبگەین و لە کێشە بنەڕەتییەکانی ئەوکاتە وردبینەوە**

لەو گۆشەیەوە تەماشامان کرد کە بتوانین وەک مرۆڤێك بیناسینەوە. واتە ئەو پەیامبەرەی وەک دیاردەیەکی بانسروشتی لە کاتی خۆیدا چاوەڕاوانکراوە و ئیمرۆکەش وەك بانسروشتێک دەبیندرێ، ویستمان بیکەینەوە بە مرۆڤێک و بە سروشتی وەک خۆی ببیندرێت. مەبەستمان بوو لە ڕێگەی قورئان خۆیەوە کە شایەتحاڵی ڕاستەقینەی ئەو سەردەمەیە، بچینەوە ئەو سەردەمە، تا لە ململانێی ئەو سەردەمە تێبگەین و لە کێشە بنەڕەتییەکانی ئەوکاتە وردبینەوە. ڕەنگە هەبێت ئەم پرسیارە بە خەیاڵیدا بێت: ئێمە کە لەم سەردەمەدا دەژین، چ پێویستمان بەوە دەبێت بچینەوە بە ڕابردوودا و خۆمان بەو سەردەمەوە سەر قاڵ کەین؟ دەخوازم بێژم کە مرۆڤ تەنها بە جەستە لەم سەردەمەدا دەژی، ئەگینا بە ڕۆح لە ڕابردووی خۆیدا دەژی. گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و شەنوکە و کردنی ساتەکانی ژیانی ئەوکات، ئازادیمان پێدەبەخشێ و فەزای بیرکردنەوەمان فراوانتر دەکات. ئەمە جگە لەوەی کە مرۆڤ بەهۆی خوێندنەوەی ڕابردووی خۆیەوە، خۆی دەناسێتەوە. چوونەوە بە ڕابووردوودا، مەبەست ئەوە نییە لەو ڕابردووەدا بچەقیت و نەگەڕێیتەوە وەك ئەو دۆخەی بەسەر سەلەفییەکاندا دێت، بەڵکو مەبەستەکە ئەوەیە کە لەو ڕابردووەدا ئیمڕۆکەی خۆتی تێدا ببینیتەوە. واتە بچیتەوە بە ڕابردوودا، بەڵام بگەڕێیتەوە و لێرەوە خوێندنەوەی بۆ ئەنجام بدەیت، ئەوکات خۆت بە خۆت دەزانێت بۆ ئیمڕۆ تۆ بەم چەشنە ڕەفتار دەکەیت.

پرۆسەی فێربوون لە ناو پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردنی تاکەوە، مرۆڤ بە چوار دۆخدا تێدەپەڕێنێت، کە مرۆڤ لە دۆخی چوارەمدا گەر بە خۆیدا نەچێتەوە وەک ڕۆبۆتێکی لێدێت، جگە لە خۆ دووبارە کردنەوە، هیچیتری نوێی بۆ ناکرێتەوە، چونکە ئەوەی کە ڕاستی بێت، لێی ون دەبێت و خۆی لە بیر دەچێتەوە. دۆخی یەکەم مرۆڤ تیایدا ناهوشیارێکی بێ توانستە، دۆخی دووەم مرۆڤ هوشیارێکی بێ توانستە، دۆخی سێیەم هوشیارێکی بە توانستە، دۆخی چوارەم دەبێتە ناهوشیارێکی بە توانست. لە قۆناخی چوارەمدا مرۆڤ ئەوەی کە فێری بووە بە بێ بیرکردنەوە، ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە پێشتر فێری بووە. ڕەنگە لە سەرەتادا ئەم دۆخە کارێکی پێویست بێت، یان ڕەنگە لە ئیش و کاری ڕۆژانەدا ئەمە گرنگ بێت، کە مرۆڤ بۆ نموونە بۆ شۆفێری سوودی لێوەرگرێت، بێ ئەوەی بیرکاتەوە و ئاگای لە خۆی بێت، بە جوانی شۆفێری خۆی دەکات و وزەی زۆر ناخوازێ بۆ بیرکردنەوە، بەڵام بۆ گۆڕانکاری لە ئاراستەی مێژوودا و وەرچەرخان و ڕاگوێزان لە ڕەوتی مرۆڤایەتیدا، گرنگە مرۆڤ لەو دۆخە بێتەدەرێ و ئاورێک لە خۆی بداتەوە. بۆیە وردبوونەوە لە دیاردەی ئایین و ناسینەوەی دیاردەی پەیامبەرێتی، جگە لەوەی کە توێژێکی ئاییناسییە، بەڵام توێژەکەی تری لە هەمانکات مرۆڤناسیشە. جیهانی ئیسلامی ئیمڕۆکە لە قۆناخی چوارەمدا دەژی و توانای نییە بە هوشیارییەوە لە خۆی بڕوانێت و ئەوەی لە ڕابردوودا فێری بووە، وەک ڕۆبۆت دەیلێتەوە و دەیکاتەوە.

هەوڵماندا دیاردەی پەیامبەرێتی و بەتایبەتی پەیامبەر محەمەد لە کۆنتێکستی خۆیدا ببینینەوە و دەسکاریکردنی مرۆڤمیشان لەو دیاردەیەدا ئاشکرا کرد. لێرەوە دەڵێین هەروەک خوێندنی فەیلەسوف و زاناکان بایەخی خۆیان لە ناو زانست و فەلسەفەدا هەیە، ئاوهاش پەیامبەران لە ناو کایەی فەلسەفەی ئاییندا بایەخی تایبەتی خۆیانیان هەیە و هەر پەیامبەرێ بۆ خۆی ئەزموونێکی تایبەتییە و قوژبنێکی تری شاراوەی مرۆڤ جا چ پەیامبەرەکە خۆی بێت، یان مرۆڤی ئەو سەردەمەبێت، ڕۆشن دەکاتەوە. باوەڕم وایە هەروەک چۆن فەیلەسوف لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەردەکەوێ، هەر ئاواش پەیامبەر لە ناو مێژووی مرۆڤایەتیدا دەردەکەوێ. بەمانایەکی دی هەم فەیلەسوف و هەمیش پەیامبەر، دوو ئەزموونی گرنگی جیاوازی مرۆڤن. هەر سەردەمەو مرۆڤ تێشووی تایبەتی خۆی دەبێت، تا ڕابردووی خۆی پێبخوێنێتەوە. ئیمڕۆکە فەلسەفە، سایکۆلۆژیا، سۆسیۆلۆژیا و ئەنثرۆپۆلۆژیا کەرەسەی تایبەتیان بەرهەمهێناوە کە بە هۆیانەوە مرۆڤ دەتوانێ بە چاوێکی زۆر جیاواز لە جاران، دیاردەی ئایین و پەیامبەرێتی و کاراکتەری ئایینی مرۆڤ، بخوێنێتەوە. پوختەی گوتارمان لەوەدا چڕ بۆوە کە دیاردەی پەیامبەریتی لە کەلتووری عەرەبدا باوەڕپێکراو بووە، بەڵام سەلماندنی ئەوەی کە کێ بەڕاستی دەبێتە پەیامبەری چاوەڕوانکراو، ئەوەیان سەخت بووە و جێگەی مشتومڕێکی زۆری ئەو سەردەمە بووە. واتە پەیامبەر دەبێ شەرعیبوونی خۆی بەهەر هۆیەکەوە بووە، بسەپێنێت. خاڵێکی زۆر گرنگی دی ئەوە بوو کە سەختە مرۆڤ وەک پەیامبەرێ بۆ گشت خەڵک وەک مرۆڤێکی ئاسایی خۆی دەرخات. بۆیە مەبەستی سەرەکی ئێمە لەم بابەتدا هەر تەنها ئەوانە نەبوون کە وتمان، بەڵکو دەمانەوێ محەمەد وەک گشت مرۆڤێ چۆن دەناسرێ، ئاوا ئەویش بناسێنین و هۆکاری سەرکەوتنی و دیتنی بەرهەمی تێکۆشانی خۆی لە ژیانی خۆیدا، ڕوون بکەینەوە.

---

١. سورەتی ئەنفال، ئایەتی ٣٢.
٢. سورەتی فورقان، ئایەتی ٢٠.
٣. سورەتی ئەنبیاء، ئایەتی ٥.
٤. سورەتی فصلت، ئایەتی ١٤.
٥. سورەتی بەقەرە، ئایەتی ٨٧.
٦. سورەتی ئالیعمران، ئایەتی ١٨٣.
٧. سورەتی ئیسراء، ئایەتی ٩٣،٩٤، ٩٥.
٨. سورەتی تەغابن، ئایەتی ٦.

# لە نیشتمانی ئیسلامییەوە بۆ ئیسلامی نیشتمانی

زۆر جاری دی ئاماژەم بەو ڕاستییە کردووە کە وەك هەموو مرۆڤێکی سەر ئەم زەمینە، مافی سروشتی و خوایپێداوی خۆمانە کە خاك و نیشتمان و زێدی باو و باپیرانی خۆمانمان خۆش بوێت، بەتایبەت کوردستانی ئێمە، کە وێڕای ئەوەی جگە لە خۆمان خەڵکان و گەڕیدە و پسپۆڕ و مێژوونووسانێکی زۆر، شایەدیی ئەوەی بۆ دەدەن کە خاوەنی زۆر سیفات و تایبەتمەندێتیی جۆراوجۆر و کەم وێنەیە، خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بۆ شوێنی بەرچاو و هەڵکەوتووی کوردستان دەکات، وەك خاکێکی پڕ خێر و بەرەکەتی نەبڕاوە کە شایانی ئەوە بوو، ببێتە شوێنی نەجات بوون و لانکەی دووەمی مرۆڤایەتی لە دوای تۆفانی سەردەمی (نوح)ەوە – سەلامی خوای لەسەر- تا کۆتایی ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە، بۆیە کوردستان لەو رۆژەوە، لە روانگەی بڵاوبوونەوەی مرۆڤ بە سەر ئەم گۆی زەوییەدا، بۆتە چەق و سەنتەری دیمۆغرافی بازنەی ژیانی مرۆڤایەتی و لانکەی زۆرێك لە ئایینەکان.

دیارە کە ئاینیی ئیسلامیش لە بنەما گشتییەکاندا جیهانییە، بەڵام لە پیادەکردن و دابەزاندنی بنەماکانی لە واقیعدا ئیسلام نیشتمانییە، هەر لەبەر ئەمەش بووە شارەزایانی زانستە ئیسلامییەکانی پێشینان وتوویانە ئەحکام بە گۆڕانی کەسەکان و کاتەکان و شوێنەکان دەگۆڕێت.

زۆربەی بیرمەندانی سەردەمی خۆشمان لەو رێسایەی سەرەوە پرسیارێکیان داهێناوە کە دەڵێت:

کامیان فۆرم و شکڵ بەوی دیکەیان دەدات: ئیسلام، یان کۆمەڵگە؟!

وەڵامی نزیك ئەوەیە کە ئیسلام وەکو بنەما گشتییەکان شکڵ بە کۆمەڵگە دەدات، بەڵام کۆمەڵگە فۆرم و شکڵ بە ئیسلام دەدات لە پیادەکردن و واقیعدا، چونکە لە هیچ شوێنێکدا مرۆڤ ناتوانێت جیهانیی بێت و، خۆی لە رەهەندی کات و شوێن دەرباز بکات و، بۆچوونێکی رووت و ئەبستراکت بەرهەم بهێنێت دوور لە ئینتیمای نەتەوەیی و مەزهەبی و کێشە ناوخۆیی و لۆکاڵەکانی خۆی.

بۆیە ئیسلامی جیهانیی تەنها ئەو ئیسلامەیە کە لە قورئان و بەشێکی فەرموودەی راستدا هاتووە و ئەوی دی ئیسلامی بەرهەمهاتووی نێو شوێن و کات و کەسانی ئەو شوێن و کاتەیە، هەر لەبەر ئەمەش نابێت قسە و لێکدانەوەی هیچ بیرمەندێك کە بۆ شوێن و کات و کەسانی خۆی قسەی کردووە، بکرێتە بۆچوونێکی جیهانیی و گشتی و بەسەر هەموو کەس و شوێن و زەمانی دیکەدا پیادەبکرێت، چونکە گشتاندنی لۆکاڵ بەسەر گڵۆباڵدا، یان بەش بەسەر هەموودا، کارەساتی گەورەی لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە: (ئەبو ئەعلای مەودودی) و زۆرێك لە زانایانی نیمچە دورگەی هیندی، کە وەك موسڵمان ئەوان کەمینە بوون لەنێو ملیۆنەهای خەڵکی هیندستاندا، بۆیە هەوڵیاندا لە نووسینەکانیان جەخت لەسەر جیاوازیی نێوان خۆیان و هیندۆس و سیخەکان بکەنەوە و، دژی دیموکراسی و هەڵبژاردن بوون، چونکە لە بەرامبەر زۆرینەی هیندۆسدا ئەوان نەدەگەیشتنە دەسەڵات، بۆیە بیردۆزی کودەتای ئیسلامیی داهێنا و، بڕوای بە دەوڵەتی دینی سیۆکراتیی هەبوو، نەك دیموکراسی کە حوکمی زۆرینەیە و پارێزەری کەمینەشە. بەڵام لە وڵاتێکی وەکو میسرو زۆرینەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا کە زۆرینەی خەڵکی موسڵمانن، بیرمەندێکی میسری وەك (سەید قوتب) هات و قسە و بیردۆزەکانی (ئەبو ئەعلای مەودودی) و ئەوانی دی هێناو لە جیهانیی ئیسلامیدا رەواجی پێداو، سەرە ئەنجام گروپ و کۆمەڵەی زۆر توندڕەوی بەرهەم هێنا، کە تا ئێستاش دژی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی دەجەنگن و، خەڵك و کۆمەڵگە بە جاهیلی و نەفام پێناسە دەکەن.

ئەمە لە کاتێکدا نووسینەکانی (ئەبوئەعلای مەودودی) زادەی بیری کەسێکی نێو ژینگەیەکی زۆرینە ناموسڵمان بوو، بەڵام (سەید قوتب) دەقاودەق بەسەر کۆمەڵگەیەکی زۆرینە موسڵماندا پیادەی کرد.

بۆیە بۆ ئەوەی تووشی کارەساتەکانی پەیوەست بە هاوردەکردنی فکری نیشتمانی ئیسلامیی نەبین، پێویستە خۆمان لە نیشتمانی خۆمان، فیکری خۆمان و ئیسلامی نیشتمانی بەرهەم بێنین.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

# حەتمیەتی دابەشکردنی عێراق



سۆلاڤ کاکەیی*
بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەگەر چاوەڕێ بکرێت شتێك لە ئاکامی ئەم شەڕەی ئێستای دژی دەوڵەتی ئیسلامی داعش بێتە ئاراوە، بە چاوپۆشین لەوەی ئاکامی شەڕەکە چۆن دەبێت و چ لایەك سەرکەوتوو دەبێت و چ لایەك دۆڕاو، ئەوا مەسەلەی دابەشبوونی عێراق وەك دابەشکردنێکی سێ لایەنەی (کورد و شیعە و سوننە) ئاکامێکی حەتمی دەبێت، ئەمە وێڕای ئەوەشی کە هەتا ئێستا عەرەبی سوننە ئەم دابەشبوونە ڕەتدەکەنەوە و بانگێشە بۆ یەکپارچەیی عێراق دەکەن، هەتا ئەگەر ئەو یەکپارچەییە بە زۆرەملێش بێت، هەروەها تەماعی شیعەش بۆ فراوانخوازی دەسەڵاتەکەی کە دەیەوێت دەسەڵاتەکەی تەنها پارێزگا شیعەکان نەبێت و تەواوی عێراق بگرێتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە ئەم شەڕەی ئێستا تەنها شەڕی دژی تیرۆریستان نییە، بەڵکو شەڕێکە بۆ ڕێگرتن لە هەژموون و باڵادەستیی گرووپێك لەو ناوچانەی کە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی تیرۆریستانی داعش و لەسەر عەرەبی سوننە حیساب کراون، بەڵام ئەو ناوچانە لە ڕاستیدا ناوچەگەلێکی تێکەڵاون و هەموو پێکهاتەکانی عێراق تێیدا دەژین.

**● هۆکارەکانی پاکتاوی ڕەگەزی لە عێراقدا**

شێوازی حوکمڕانی لە عێراقدا هەموو کات بەو شێوەیە بووە کە پێکهاتەیەکی عەرەب (سوننە، یان شیعە) باڵادەست بووە و ئەوانی دیکەی بەراورد کردووە، ئەمە ئەگەر بۆ سەردەمی حوکمڕانیی عێراق تا ٢٠٠٣ دژی شیعە بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕاست بووبێت، ئەوا لە دوای ٢٠٠٣ ـەوە لە ئاکامی سیاسەتەکانی حکومەتەکانی عێراق کە شیعە تێدا باڵادەست بووە هەمان سیاسەتی پێشووتر دژی پێکهاتەکانی دیکە پیادەکراوە و هەوڵدراوە پێکهاتەکانی دیکە پەراوێز بخرێن، دیارترین کاردانەوەی شیعەش پەراوێزخستنی پێکهاتەی عەرەبی سوننە بووە، بەوەی هەوڵیانداوە هەموو عەرەبی سوننە لەسەر ڕژێمی پێشووی بەعس لە قەڵەمبدەن، بەرامبەر بە کوردیش هەوڵیانداوە پەراوێزخستنەکە بەوە پاکانەی بۆ بکەن، کە کوردیش هەموو مافێکی خۆی وەرگرتووە و پێویستە سنوورێك بۆخۆی دابنێت و سەقفی داواکارییەکانی بەرز نەکاتەوە. هەربۆیە دوای داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە و پاراستنی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، وایکرد سەرۆك مسعود بارزانی ڕایبگەیەنێت کێشەی ئەو ناوچانە چارەسەرکراوە و بەشی زۆری ئەو ناوچانە گەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەمەش کاردانەوەی ئەو سیاسەتی پشتگوێخستنەی حکومەتی بەغدا بووە کە چەندین ساڵە بە بیانووی جۆراوجۆر و بێ بنەما مەسەلەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و گەڕانەوەی ئەو ناوچانەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دواخستووە.

هەر لەم ڕاستەوە دەکرێت هۆکاری سەرەکیی خۆبەدەستەوەدانی سوپای عێراق لە ناوچە سوننەکانی عێراق و کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانە لەلایەن داعشەوە، بەجۆرێك لە تۆڵەسەندنەوەی عەرەبی سوننە لە سیاسەتی حکومەتی عێراق وەك حکومەتێکی شیعە لە قەڵەم بدرێت، ئەمەش دوای ئەوەی کە جێبەجێکردنی یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس شێوازێکی تۆڵەسەندنەوەی شیعەی لە دژی سوننەی لە خۆەوە گرت. هەربۆیە ئەگەر سەیری هێرشەکانی تیرۆریستانی داعشیش بکەین، هەست دەکەین ئامانجی هەموو هێرشەکانی داعش بۆ ئەو ناوچانە بۆ

پاکتــاوی رەگەزی هەموو نەتــەوە و ئایین و مەزهەبێك بــووە بێجگە لە عەرەبی ســوننە، ئەمەش ئەو راســتییە ئاشــكرا دەكات كە لەگەڵ ئەوەی سیاسەتمەدار و هەندێك لە ســەرۆك خێڵەكانی عەرەبی سوننە ئەوە رەتدەكەنەوە كە داعش نوێنەرایەتی عەرەبی سوننە بكات، بەڵام لە واقیعدا ئەوەی داعش دەیكات تۆڵەســەندنەوەیە و ســەرەنجامیش هەمــوو كارەكانی بۆتە هۆكاری ئەوەی ئەو ناوچانەی لە ژێر كۆنترۆڵی داعشــن بێجگە لە عەرەبی سوننە ئەوانی دیكە هەموویان پاكتاو كراون.

بۆیە لەم بارودۆخەدا كارێكی هێجگار قورس و مەحاڵە باس لە ناسنامەی نیشتمانی و پێكەوەژیانی پێكهاتە جیاوازەكانی عێراق بكرێتەوە، بەتایبەتی كە حكومەتی عێراق نەیتوانیوە ئەو دەســتووورە جێبەجێ بكات كە عێراقییەكان دەنگیان بۆ داوە، ئەمــەش وایكردووە بارودۆخێك بێتە ئاراوە كە هاوكار بێت بۆ تەقینــەوەی بارودۆخەكە و لەدەســت دەرچوونی كێشــەكان، تەنانەت كار گەیشتۆتە ئەوەی هەتا گۆڕینی حكومەت و كەسایەتییە سیاسییەكانیش نەتوانن كاریگەریان لەســەر بارودۆخەكە هەبێت، واتە بە تەواوەتی پرۆســەی لێكتێگەیشــتن و پێكەوەژیان بووەتــە كارێكی مەحاڵ. هەربۆیە كاتێك ئەو زەمینەیە لە بارچوو كە ناسنامەیەكی نیشــتمانی پێكهاتەكانی دەوڵەتێــك كۆبكاتەوە ئەوا ئەمە دەبێتە هۆكاری ســەرەكی و یەكەم بۆ لەبەریەكهەڵوەشــان و دابەشــبوونی ئەو وڵاتە، هەروەها ناشكرێت و قبووڵیش ناكرێت نەتەوەكانی دیكــە بتوێندرێنەوە و هەموویان ببنە یەك نەتەوە، بۆیە لەم حاڵەتە دەوڵەتەكە بەرەو پارچەپارچە بوون دەچێت.

كەواتە لێرەدا كێشەی دەوڵەتان هەمەرەنگیی ئایین و نەتەوە نییە، بەڵكو كێشەكە شێوازی بەڕێوەبردن و رێكخستنی ئەو فرەیی و هەمەرەنگییەیــە، حكومەت بە چ میكانزمێكی دەستووری و یاســایی مامەڵە لەگەڵ ئەم هەمەرەنگییە دەكات، بەبێ ئەوەی ناسنامەی پێكهاتەیەك ببێتە مەترسی بۆ سەر ناسنامەی پێكهاتەیەكی دیكە.

حكومەتەكانی دوای ٢٠٠٣ لە عێراقدا كە تیایدا شــیعە باڵادەستە، گرەوی ســەركەوتنی حوكمڕانییەكەی لەسەر ئــەوە كردووە كە پۆســتە ســەروەرییەكان دابەش بكرێت، ئەمەش بەو مانایەی كاتێك پۆستێك دەداتە پێكهاتەیەكی جیاواز لە عەرەبی شــیعە بە تەواوەتی هەســت و سۆزی پێكهاتەیــەك دابمركێنێتــەوە و نەتوانێت داوای مافەكانی خــۆی بكات، ئەمــەش بە حیســاب لــە چوارچێوەی حكومەتێكی دیموكراتی ژیان بەسەر دەبەن دوای چەندین دەیە لە حوكمڕانی دیكتاتۆری.

هەر ئەمەش وایكردووە ئێستا لە عێراقدا بێجگە لە هەرێمی كوردستان كە هەموو پێكهاتەكان بە ئازادی پێكەوە دەژین، ئەوا ئەو پارێزگایانەی كە زۆرینەیان شــیعەن لە ســوننە پاككراونەتەوە و ئەو پارێزگایانەشی كە زۆرینەیان سوننەن لە پێكهاتەی شیعە پاككراونەتەوە، ئەمەش خەریكە دەبێتە واقیعی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە لە عێراقدا.

● **كاریگەیی سیاســەتەكانی حكومەتی عێراق لەســەر پێكهاتە جیاوازەكان. كریستیان وەك نموونە**

گرفتــی گەورە لە بەردەم ئەوەی كە كاروبارەكان لە عێراقدا نەگەڕێنەوە ســەر راســتەڕێی خۆی، كۆچی ئەو پێكهاتە ئایینییە غەیرە ئیســلامییانەی وەك ســابیئە و ئێزیدی و كریستیانەكان لە شوێنی خۆیانە، گرنگترین پێكهاتەش لای جیهان لە ئێستادا كە دووچاری ئەم گرفتەبوون، پێكهاتەی كریســتیانە، كە جیهانی كریستیان هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە مافی كریستیانەكان لە دەوڵەتە ئیسلامییەكاندا پارێزراو بێت. ئەمەش لە سیاسەتی ئەمڕۆی جیهان بۆ بەدەنگەوەهاتن لە سەر كریستیانەكان شــتێكی بەرچاوە و دەكرێت پشتگیری و دەســتێوەردانی نەتەوە یەككرتووەكان لە پرسی باشووری ســودان و تەیموری رۆژهــەڵات و دەوڵەتانــی بەلكان و پشتگیریكردنیان بۆ جیابوونەوە لەو روانگەیەوە سەیر بكرێت كە ئەمڕۆ رۆژئاوا پشتگیری لە كریستیان دەكات. هەربۆیە لە كاتێكدا هەموو كریســتیانەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئێســتا لەبەردەم مەترسی و هەڕەشەی پاكتاوی رەگەزیدان و ناچــارن كۆچ بكەن، ئــەوا تێگەیشــتنی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێتە هەنگاوهەڵگرتن بۆ ئەوەی زیاتر بێنە ناو گۆڕانكارییەكانی ناوچەكە و ســنوورێك بۆ سەركوتكردنی زۆرینە دژی پێكهاتە كەمینەكانی دیكە دادەنێن.

● **شەڕی مەزهەبگەرایی، یان شەڕی دژی داعش**

لە ئێســتادا پرســی دابەشــبوونی عێراق لە چوارچێوەی مەزهەبی شــیعە و ســوننە واقیعێكە و بوونی هەیە، بەڵام پرسی سەرەكی ئەوەیە ئەم ناوچانە سەرەنجام بۆ كێ دەبن؟ ئەگەر ســەیری ئێســتا بكەین، دەبینین هێزەكانی شــیعە هەوڵدەدەن بە هاوكاری ئێران ئەو ناوچانەی رزگاری دەكەن، بیكەنە ناوچەیەك ســەر بە مەزهەبــی خۆیان، بۆیە كاتێك حەشدی شــەعبی ناوچەیەكی ســوننە لە دەستی داعش رزگار دەكات، واتــە كۆنترۆڵی خۆی بەســەر پێكهاتەی سوننە مسۆگەر كردووە، بۆیە عەرەبی سوننەش داوا دەكەن هۆزە سوننەكان چەكدار بكرێن، بۆ ئەوەی بە هۆی شیعەوە ناوچەكانیان ئازاد نەكرێت و پاشان ببنە ژێردەستەی شیعە. لە نێوان ئەم هاوكێشــەیەی سوننە و شــیعەدا، كورد زۆر جــار بە تەنها شــەڕی داعــش دەكات و هەندێك جار بە هەماهەنگی لەگەڵ ســوپای عێــراق، هەندێك جار لەناو خاكی كوردستانی باشوور و هەندێك جاریش لە كوردستانی رۆژئاوا، بەڵام هەموو چاوەكان لەســەر كوردن لەبەر ئەوەی بەو جۆرە سەیری ئەم شەڕەی كورد دژی داعش دەكەن، كە دوای ئــەوەی كورد هەموو ناوچەكانی خۆی ئازاد دەكات، دەوڵەتی سەربەخۆیی كوردستان رادەگەیەنێت.

---

***** **قوتابی دكتۆرا لە یاسای نێودەوڵەتی زانكۆی بەیروت**

**ئەوەی داعش دەیكات تۆڵەسەندنەوەیە و سەرەنجامیش هەموو كارەكانی بۆتە هۆكاری ئەوەی ئەو ناوچانەی لە ژێر كۆنترۆڵی داعشن بێجگە لە عەرەبی سوننە ئەوانی دیكە هەموویان پاكتاو كراون**

**هەموو چاوەكان لەسەر كوردن لەبەر ئەوەی بەو جۆرە سەیری ئەم شەڕەی كورد دژی داعش دەكەن، كە دوای ئەوەی كورد هەموو ناوچەكانی خۆی ئازاد دەكات، دەوڵەتی سەربەخۆیی كوردستان رادەگەیەنێت**

**كێشەی دەوڵەتان هەمەرەنگیی ئایین و نەتەوە نییە، بەڵكو كێشەكە شێوازی بەڕێوەبردن و رێكخستنی ئەو فرەیی و هەمەرەنگییەیە، حكومەت بە چ میكانزمێكی دەستووری و یاسایی مامەڵە لەگەڵ ئەم هەمەرەنگییە دەكات**

**كاتێك ئەو زەمینەیە لە بارچوو كە ناسنامەیەكی نیشتمانی پێكهاتەكانی دەوڵەتێك كۆبكاتەوە ئەوا ئەمە دەبێتە هۆكاری سەرەكی و یەكەم بۆ لەبەریەكهەڵوەشان و دابەشبوونی ئەو وڵاتە**